## پێڕست


| | |
|---|---|
| ڕوونکردنەوە: | 5 |
| پرسیارەکان | 6 |
| مەریوان وریا قانیع | 8 |
| چۆمان هەردی | 45 |
| کاروان عومەر کاکەسوور | 81 |
| ڕێبین هەردی | 149 |
| نەزەند بەگیخانی | 167 |
| کازیوە ساڵەح | 187 |
| ئەنوەری ڕەشی عەولا | 229 |
| خالد سلێمان | 267 |
| ئارام کاکەی فەلاح | 285 |
| دڵسۆز حەمە | 297 |


## ڕوونکردنەوە:

پار، کتێبێکم بەناوی (گفتوگۆ لەسەر خوانی خوێنین) بڵاوکردەوە کە کۆمەڵێك دیدار بوو لەبارەی کارەساتی ئەنفالەوە، ئەمساڵیش بەمەبەستی ئامادەکردنی کتێبی دووەمی هەمان پرۆژە کە بەناوی (بێدەنگیی و کۆکوژیی)یەوە دەبێت و لەئایندەیەکی نزیکدا چاپ دەبێت، پەیوەندیم بەچەند نوسەرو روناکبیرێکەوە کرد، خۆشحاڵانە بەدەنگمەوە هاتن. یەکێك لەو ئازیزانە مەریوان وریا قانیع بوو. کاتێك من پرسیارەکانم بۆ نارد ئەو وتارێکی لەسەر کارەساتی ئەنفال ئامادەبوو، لەبری وەڵامدانەوەی پرسیارەکان، وتارەکەی بۆ ناردم.

دوای ئەوەی وتارەکەم خوێندەوە هەستمکرد وەڵامی برێك لەپرسیارەکانی منی تێدایە، بۆیە بەخۆشحاڵییەکی زۆرەوە کردم بەبەشێك لەکتێبەکەم. دواتر پێم باشبوو، بەر لەچاپکردنی کتێبەکە، یەك دوو بابەتیان لەگۆڤاری هەناردا بڵاو بکەمەوە. لەوتارەکەی مەریوان وریا قانیعەوە دەستمپێکردو رایم وەرگرتو پێی خۆشبوو لەگۆڤاری هەناردا بڵاوبکرێتەوە.

منیش سوپاسمکردو ئێستا بەخۆشحاڵییەوە لێرەدا بڵاودەبێتەوە.

حەمە کاکەڕەش

# چۆمان هەردی



بەواتایەکی تر ڕۆژئاوا بۆخۆی دەستی لەئەنفالدا پیس بوو بۆیە هیچ یەك لەم وڵاتانە نەیاندەویست ئەو نهێنییانە ئاشکرابیێت.

چۆمان هەردی

**پرسیار**: ئەگەر بهاتایە ئەنفال لەوڵاتێکی ئیسلامیدا ڕووینەدایەو هەروەها مانایەکی ئیسلامیشی پێنەدرایە، پێتانوابوو ئەنفال بتوانرایە نوقمی بێدەنگییەکی وابکرێت، هەم لەلایەن وڵاتانی دراوسێوە تا دەگاتە هەموو وڵاتە ئیسلامییەکانی دنیا، ئەوسا وڵاتانی ئەوروپاش؟

**چۆمان هەردی**: بێگومان شتێك لەڕاستی لەم بیرۆکەیەدا هەیە کاتێك باسی بێدەنگیی وڵاتە ئیسلامەکانی دەورووبەرمان دەکەین، بەڵام هۆکاری جودا هەبوو بۆ بێدەنگبوونی ئەورووپا. دواتر بەدرێژیی باسی بێدەنگیی ڕۆژئاوا لەئاست ئەنفالدا دەکەم، بەڵام لەسەرەتادا دەمەوێ ئیستێك لەسەر بێدەنگیی جیهانی ئیسلامی و هۆکارەکانی بکەم. وڵاتە ئیسلامییەکان، بەسەرکردایەتی وڵاتە عەرەبەکان، هێشتاش باسی تاوانەکانی ئیمپریالیزم و پلانەکانیان دەکەن. زۆر ڕۆشنبیری عەرەب و موسوڵمان ئێستاش بەوپەڕی خرۆشان و هەست بەقوربانیکردنەوە باس لەدابەشکردنی خاکی عەرەب دەکەن و بەتاڵانبردنی سەروەت و سامانی سروشتی ئەم وڵاتانە لەلایەن وڵاتە ئیستیعمارییە داگیرکەرەکانەوە (بەتایبەتی نەوت)، هەروەها سەرکوتکردنی شۆڕشی ئازادیخوازی خەڵکی موسوڵمان لەدژی ئیستیعمارو دواتر پشتگیریکردنی ڕۆژئاوا لەکۆمەڵێك سەرکردەی دیکتاتۆر تەنها لەبەرئەوەی کە ئیمتیازی نەوتیان بەڕۆژئاوا دابوو. ئەمەش بووە هۆی نائومێدبوون و تووڕەییەك کە دواجار شوناسی ئیسلامی لەناو ئەم وڵاتانەدا سەقامگیرتر کرد. یەکێك لەنموونەکانی وڵاتێکی موسوڵمان کە پشتگیری ڕۆژئاوا بۆ دیکتاتۆرێك بۆتە مایەی ڕادیکاڵبوونی ڕەنگە ئێران بێت. موسەددەق کە خوازیاری خۆماڵیکردنی نەوتی ئێران بوو لەساڵی 1951دا بەکۆدەنگی و بەپێچەوانەی ویستی محەمەد ڕەزا شاوە بوو بەسەرۆك وەزیر. پشتگیریکردنی ئەمریکاو ڕۆژئاوا لەمحەمەد ڕەزا شاو لەدژی موسەددەق و دواتر خستنی موسەددەق بووە مایەی تووڕەییەکی زۆر لەناو خەڵکی ئێراندا. بەبڕوای زۆر کەس ئەمە یەکێك بوو لەهۆکارەکانی بەهێزبوونی ئیسلامی ڕادیکاڵ و لەدواییدا دروستبوونی کۆماری ئیسلامی ئێران. لەلایەکی ترەوە ڕاسیزمی ڕۆژئاوا بەرامبەر بەڕۆژهەڵات و ئەفریقاو هەروەها پشتگیری ڕۆژئاوا لەدروستبوونی ئیسرائیل و داگیرکردنی فەلەستین یەکێکە لەو هۆکارە زیندووانەی کە بۆتە مایەی تووڕەییەکی زۆر لەناو گەلانی موسوڵماندا. ئەوان ڕۆژئاوا بەبەرپرسیار دەزانن سەبارەت بەزۆربەی کێشە هاوچەرخەکانیان و لەئاکامی ئەم هەستکردن بەزوڵمەشدا ئەوەندەی تر گەڕاونەتەوە باوەشی ئیسلام. سەددام حسێن–یش شارەزای ئەم عەقڵیەتە بوو هەر بۆیە لەژێر ناوی ئایەتێکی قورئاندا جینۆسایدی کوردی کرد. بەکارهێنانی ئەم ناوە بۆ ئەم ئۆپەراسیۆنە پشتی بەسایکۆلۆژیەتی بریندارو تووڕەی ئەم گەلانە دەبەست. ئەم هەنگاوە گرنگیی لەوەدا بوو کە کوردی بەکافر دەشوبهاند (چونکە کورد بەهاودەمی فورسی مەجووس لەقەڵەم دەدرا) و هەر لەم ڕێیەشەوە کوشتنی کوردی حەڵاڵ کردو وڵاتە ئیسلامیەکانیش بێدەنگ.

بێگومان هەموو ئەوانەی لەسەرەوە باسمکردن کۆمەڵێك تاوانی گەورەن کە ڕۆژئاوا بەرپرسیارە لێیان. لەڕاستیدا بەبڕوای لیۆ کووپەر، کە یەکێکە لەتیۆریستەکانی جینۆساید، هۆکاری سەرەکەیی بەشێکی زۆری جینۆسایدە مۆدێرنەکان دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی ئیمپریالیزم. کووپەر دەڵێت (1951:87) 'کۆمەڵگای هەمەرەنگ (پلووراڵ) ... کە دابەشبوونی هەمیشەیی و بەربڵاوییان تێدایە' لەنێوان گرووپە ڕەگەزی، ئەتنی و ئایینییە جیاکاندا یەکێکە لەمەرجە پێشێنەییە سەرەکیەکانی ڕوودانی' جینۆسایدی ناوخۆ'. بەواتایەکی تر سەردەمی ئیمپریالیزم کە جیاوازی بەرچاوی کۆمەڵایەتی، ئابووریی و سیاسیی لەنێوان خەڵکی وڵاتە ئیمپریالییە داگیرکەرەکان (کە سەر بەرەگەزی سپی بوون) و خەڵکی وڵاتە داگیرکراوەکاندا (ئەفریقا، ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، ئاسیای دوور) هەبوو یەکێك بوو لەمەرجە پێشینەییەکانی ڕوودانی جینۆساید، بەڵام بەبڕوای کووپەر، جینۆساید تەنها کاتێکت ڕوودەدات کە ململانێ لەسەر دەسەڵات ڕوویدات و دەرفەتێکی تایبەت بڕەخسێت (دەرفەتی جینۆسایدکردن) و ئامادەگی سایکۆلۆژی بۆ جینۆساید لەئارادا بێت (کووپەر، 1981:59). بەواتایەکی تر دەبێت ململانێی نێوان دوو گرووپەکە (گرووپی خاوەن دەسەڵات و گرووپی داگیرکراو) لەڕێی ئایدیۆلۆژییەکەوە پێشینەی سایکۆلۆژی بۆ سازبکرێت (بۆ نموونە شۆڤێنیزمی مرۆڤی سپی–ڕەگەز یا ناسیۆنالیزم) و دەرفەتێکیش بڕەخسێت بۆ گرووپی سەردەست کە گرووپی ژێردەست لەناوبەرێت

(بۆ نموونە گەر گرووپی ژێر دەست تەحەدای دەسەڵاتی گرووپی سەردەست بکات، دەست بداتە چەك و پەلاماری گرووپی سەردەست بدات لەگەڵ ئەوەشدا کە ژمارەو تواناو دەسەڵاتی زۆر کەمە)، بەڵام بۆچوونەکەی کووپەر تەنها بۆ سەردەمی کۆلۆنیالیزم دروست نییە، بەڵکو پاش کۆتاییهاتنی ئەم سیستەمەش دەکرێت ببێتە مایەی جینۆساید. ئەمەش لەبەرئەوەی کە وڵاتە ئیستیعمارییەکان کاتێك بڕیاریاندا لەکۆلۆنییەکانیان بکشێنەوە بەخواستی خۆیان و بێ چاودێریی سروشتی گرووپەکان نەخشەی دەوڵەتە جیاکانیان داڕشت. بەمشێوەیەش هێڵیان بەسەر کۆمەڵگاکاندا کێشاو بەکەیفی خۆیان هەندێك گرووپی ئەتنی جیایان لەوڵاتێکدا پێکەوە کۆکردەوەو هەندێك گرووپی ئەتنی تریان لەنێوان دوو دەوڵەت یا زیاتردا دابەشکرد. بۆ نموونە چارەنووسی کوردو عەرەبی سوونەو عەرەبی شیعەیان لەعێراقدا پێکەوە بەستەوەو لەهەمانکاتیشدا کوردیان لەنێوان چوار دەوڵەتدا دابەشکرد. بەمشێوەیەش کۆمەڵێك دەوڵەتیان دروستکرد کە لەڕووی ئەتنییەوە هەمەڕەنگ بوون (پلووراڵە) و گرووپێك تیایدا سەردەست بوو (ئەو گرووپەی بەپێی بەرژەوەندی رۆژئاوا دەجووڵایەوە) و گرووپەکانی تر بێدەسەڵات و ژێر دەست مانەوە. کوردەکان لەهەریەکە لەم چوار دەوڵەتەدا کەمایەتیەکی سەرکوتکراو و بێدەسەڵاتیان پێکدەهێنا. ئەم کارە لەزۆر وڵاتی تریش ئەنجام دراوە. بۆ نموونە بروندی و رواندا دوو دەوڵەتی ئەفریقی دراوسێن کە لەژێر دەسەڵاتی بەلجیکادا بوون و گرووپی ئەتنی تووتسی و هووتوو تیایاندا دابەشکراون. لەڕواندا تووتسیەکان کەمایەتین و لەبروندیش هووتووەکان (دواتر دێمەوە سەر باسی ئەم دوو وڵاتە).

گەر باسی ئەنفال بکەین لەعێراقدا ئەوا دەبینین کە هاتنە سەر حوکمی حیزبی بەعس کە حیزبێکی ناسیۆنالیستی عەرەبی بوو ئەو ئامادەگیە سایکۆلۆژیەی هێنایە کایەوە کە بەبڕوای کووپەر دەکرێت ببێتە مایەی جینۆساید. حیزبی بەعسی عەرەبی بەدروشمی (أمة عربية واحدة، ذات رسالة خالدة– نەتەوەیەکی یەکگرتووی عەرەبی کە خاوەنی پەیامێکی نەمرە) هاتە سەرحوکم. هەر لەسەرەتاوە جەختی لەسەر یەکگرتوویی نەتەوەی عەرەب دەکردەوە هەر بۆیە بەم پێیە هەر گرووپێك کە وەك رێگرێکی شێمانەیی لەبەردەم ئەم یەکگرتوویەدا ببینرێت بەهەڕەشەیەك بۆ سەر نەتەوەی عەرەب لەقەڵەم دەدرێت. هەستکردن بەهەڕەشەش، هەرچەندە هەڕەشەیەکی وەهمی بێت، لەزۆر حاڵەتی تردا یەکێك بووە لەهۆکارەکانی جینۆساید. بۆ نموونە ترسی وەهمیی ئەڵمانییەکانی پێش جەنگی دووەمی جیهانی لەجوولەکە وەك گرووپێك کە سوود لەهەژاریی و بێهێزیی ئەوان وەردەگرێت و خۆی دەوڵەمەندو بەهێز دەکات و دەیەوێت دنیا داگیربکات. ئەڵمانیا کە لەپاش جەنگی یەکەمی جیهانییەوە کۆمەڵێك مەرجی زۆر سەختی بەسەردا سەپێنرابوو و مەجبوورکرا کە ساڵانە پارەیەکی زۆر بدات بەوڵاتە هاوپەیمانە سەرکەوتووەکان، بەدەست هەژاریی و بێکارییەکی بێئەندازەوە دەیناڵاند. یەکێك لەو گرووپانەی کە باری ئابووریی و بژێویی ژیانیان لەئەڵمانییەکانی تر باشتربوو جوولەکەکان بوون. ئەم راستییەو بێزاریی و هەژاریی خەڵك لەلایەن هیتلەرەوە سوودی لێوەرگیردرا کە وا لەخەڵکی ئەڵمانیا بکات هەست بەوە بکەن کە ئەوان قوربانین، پلانێك هەیە بۆ لەناوبردنی رەگەزی ئاریایی و جوولەکەکان تەنها کەسێکن کە لەم باروودۆخەی ئەڵمانیا سوودمەندن. بەهەمانشێوە حیزبی بەعسیش بوونی کوردی لەعێراقدا بەکارهێنا وەك هەڕەشەیەك بۆ سەر نەتەوەیەکی عەرەبی یەکگرتووی بەهێز (کە ئەم نەتەوە یەکگرتووە خۆی لەخۆیدا وەهمێکە). دەرفەتی جینۆسایدیش لەکاتی جەنگی ئێران و عێراقدا رەخسا کە حیزبە کوردییەکان هاوکاری ئێرانیان کرد. جەنگی نێوان ئەم دوو وڵاتە بووە ئەو چەترە گەورەیەی کە ئەنفالی لەژێردا ئەنجامدرا. هاوکاری حیزبە کوردەکان لەگەڵ ئێراندا بووە بیانوویەك بۆ چارەسەرکردنی کێشی کوردو بەدەستهێنانی چەکی کیمیاییش بووە ئەو ئامرازە گرنگەی ئەم خەونەی دەوڵەتی هێنایە دی. چونکە تا ئەو ساتە حکوومەت نەیدەتوانی شەڕی شاخ لەپێشمەرگەکان بەرێتەوە. ئەوە چەکی کیمیایی بوو کە وای کرد چیتر شاخەکان نەتوانن وەك پێشتر پارێزگاری لەپێشمەرگەو خەڵکی ناوچەکە بکەن.

گەر بگەڕێمەوە سەر پرسیارەکەتان دەمەوێت بڵێم کە بێگومان بەشێکی زۆری دنیای ئیسلامی و بەتایبەتی دنیای عەرەبی وەك قوربانییەکی بریندارو عاتیفی و تووڕە بیردەکاتەوە. ئەو شتەکان بەڕەش و سپی دەبینێت. ئەو زوڵمەی لەفەلەستین دەکرێت ئەوەندە برینداریکردووە، ئەوەندە بیرو هەست و هۆشی داگیرکردووەو ئەوەندە میللەتی عەرەب بەزوڵملێکراو دەبینێت کە لەڕووی سایکۆلۆژییەوە ناتوانێت ئەو تاوانانە ببینێت کە دەوڵەتێکی عەرەبی دەرهەق بەکەمایەتیەکی ناعەرەب ئەنجامی دەدات. رەنگە باشترین نموونە ئێدوارد سەعیدی بیریار بێت کە هەموو ژیانی خۆی بۆ خوێندنەوەی ئیمپریالیزم و لێکدانەوەی تێڕوانینی مەنفی رۆژئاوا بۆ رۆژهەڵات تەرخانکردو بۆ ناساندنی دۆزی فەلەستین لەڕۆژئاوادا. هەمان بیریار، کە تا سەر ئێسقان بەدگومان بوو لەئەمریکاو ئەو زانیارییانەی لەڕێی دەزگاکانی ئەم دەوڵەتەوە پەخش دەبوونەوە لەکاتی هەڵەبجەدا پشتی بەڕاپۆرتێکی ئیسیخباراتی ئەمریکی بەست کە دەڵێت گوایە ئاشکرا نییە کە عێراق کیمیایی لەهەڵەبجەدا بەکارهێناوە، رەنگە ئێران ئەم کارەی کردبێت. ئێدوارد سەعید نموونەی ئەو رۆشنبیرە عەرەبانەیە کە شوێنگەی لەسەر کورد لای زۆریەك لەئێمە جێی پرسیارەو یەکێکە لەوانەی کە لەڕووی سایکۆلۆژییەوە نەیتوانی خراپیەکانی سەرکردەیەکی عەرەب بەرامبەر بەکەمایەتیەکی زوڵم لێکراو ببینێت و دانی پیا بنێت.

بەڵام گوێنەدانی مرۆڤی عەرەب بەچەوسانەوەی کۆمەڵێك بەدەستی دەوڵەتێکی عەرەبیەوە تەنها کوردەکان ناگرێتەوە، بەڵکو ئەو تەنانەت ناتوانێت وزەی خۆی بۆ جەنگکردن لەگەڵ دیکتاتۆرە عەرەبەکانیش بەکاربهێنێت کە گەلی عەرەب دەچەوسێننەوە. بۆ نموونە ئەوەندەی ئامادەیە بێتە سەر شەقام و خۆپیشاندان دژی ئیسرائیل بکات و هاواربکات و داوای لەناوچوونی ئیسرائیل بکات، ئەوەندە ئامادە نییە بێتە سەرشەقام و دژی دیکتاتۆرییە عەرەبەکانی وەك سعوودییەو لیبیاو میسر ناڕەزایی دەربڕێت. ئەوە راستە کە ئەو زوڵمەی لەفەلەستیندا دەکرێت لەوێنەی ئەمانەی تر نییە، بەڵام ئەمە بەمانای ئەوە نییە کە زوڵمەکانی تر نەبینرێن یا پشتگوێ بخرێن. هەر ئەم هەستکردن بەقوربانییە لەسەرتاسەری دنیای ئیسلامیدا بەربڵاوە. وەك باسمکرد بەشێکی رقی کۆنە سەبارەت بەزوڵمی وڵاتە رۆژئاواییەکان لەکاتێکدا ئەم وڵاتانەیان لەژێر دەستدا بووە، بەشێکی بەبۆنەی پشتگیریی ناڕەواو کورتبینی رۆژئاواوەیە لەدیکتاتۆرەکانی ئەم وڵاتانە، بەشێکی پەیوەندی بەفەلەستینەوە هەیە کە بۆتە سیمبۆلی چەوسانەوەی گەلێکی موسوڵمان بەدەست گەلێکی ناموسوڵمانەوە کە پشتیوانی رۆژئاوای لەپشتەو بەشێکیشی پەیوەندی بەراسیزمی رۆژئاواوە هەیە کە لەسەرتاسەری مێژوودا کۆمەڵێك تیۆریی و چیرۆکی بەرهەمهێناوە دژی

ڕەگەزە ناسپییەکان. سەرەنجام دەبێت بڵێم کە ڕووداوەکانی پاش 11ی سەپتەمبەریش یەکێکی ترن لەو هۆکارانەی کە گەلانی موسوڵمان وا هەستبکەن پلانێکی ڕۆژئاوایی هەیە لەدژی وڵاتە ئیسلامییەکان و ئەوان وەك موسوڵمان دەچەوسێنەوەو بەقوربانیی دەکرێن. پەلاماردانی ئەفغانستان و دواتر عێراق کە ئەو هەموو کوشتارو ناهاوسەنگییەی لێکەوتەوە هۆکاری ترن بۆ تووڕەبوونی ئەوان. ئەم گەلانە پێیانوایە کە باشترین شێوازی ئۆپۆزیسیۆن لەبەرامبەر ئەم هێزە وێرانکارەی ڕۆژئاوادا یەکگرتن و پشتگیریکردنی ئوممەی موسوڵمانە لەیەکتریی. بۆ زۆر لەو وڵاتانە سەدام حسێن سەرکردەیەکی سوننی موسوڵمان بوو، کە هەم ڕووبەڕووی ئێرانی شیعە بووەوەو هەم ڕۆژئاوای کافر. لەلایەکی ترەوە کوردەکان گەرچی زۆربەیان موسوڵمانن، بەڵام لەبەرئەوەی کە لەهەرچوار وڵاتەکەدا شەڕ لەگەڵ دەوڵەتێکی موسوڵماندا دەکەن و لەبەر ئەوەش کە بزووتنەوەی کوردی لەژێر کاریگەریی چەپدا بووە لەلایەن موسوڵمانانی ترەوە، بەچاوی گومانەوە سەیردەکرێن. بەرژەوەندی سیاسی ئەم وڵاتانەش هەمیشە لەگەڵ عێراقدا بووە، بۆیە لەجیهانی ئیسلامیدا ئەنفال گرنگییەکی ئەوتۆی پێنەدراوە.

هەموو ئەو خاڵانەی لەسەرەوە باسمکردن ڕۆڵیان هەبووە کە ئەنفال لەناو وڵاتە ئیسلامیەکاندا گرنگی پێنەدرێت، بەڵام گەر باسی بێدەنگی سەرتاسەری جیهان بکەین لەئاست ئەنفالدا هاوکێشەکە ئاڵۆزترەو مەسەلە ئەوە نییە کە ئەنفال لەوڵاتێکی ئیسلامیدا ڕوویداوە، بەڵکو ئەوە بەرژەوەندی هاوبەش بوو کە ئەوانی بێدەنگ کرد. گەر بەوردی باسی شوێنگەی ئەورووپاو ئەمریکا لەکاتی ئەنفالدا بکەین زۆر شتمان بۆ ڕووندەبێتەوە. لەمانگی دووی 1988ەوە تا مانگی نۆ بەبەردەوامی ڕاپۆرت لەتۆڕی کوردیەوە بڵاودەبۆوە سەبارەت بەهێرشی بەربڵاوی چەکی کیمیایی، وێرانکردنی گوندەکان و بردنی دانیشتوانیان. ئەمە لەلایەن کۆمەڵێك ژۆرنالیستی ڕۆژئاواییشەوە پشتراست کرایەوە. بۆ نموونە گوین ڕۆبەرتز یەکێك بوو لەو جۆرنالیستە بەریتانیانەی کە لەکۆتایی ئەنفالدا بەدزیەوە هاتە ناو کوردستانەوەو هەندێك خۆڵی وەك نموونەیەك لەگەڵ خۆی برد تا بیسەلمێنێت کە کیمیایی لەکوردستاندا بەکارهاتووە. لەو ماوەیەدا بەتایبەتی دوو ڕووداو بوونە مایەی کۆمەڵێك ڕاپۆرت و هەواڵ و هەندێك وڵاتی ڕۆژئاواییان بزواند کە ئەوانیش کیمیابارانکردنی هەڵەبجەو بەکارهێنانی بەربڵاوی چەکی کیمیایی بوو لەبادینان. ئاشکرایە کە دەرکەوتن و وێنەگرتنی قوربانییەکانی کیمیابارانی هەڵەبجە بەبۆنەی ئێرانەوە کارئاسانیی بۆکرا کە لەو کاتەدا هێشتا لەگەرمەی شەڕدا بوو لەگەڵ عێراق. کیمیابارانی مانگی هەشتی بادینانیش، کە ڕەنگە 30 گوندی گرتبێتەوە، بەبۆنەی ئەوەوە سەرنجی ڕۆژئاوای ڕاکێشا کە هەم لەپاش کۆتاییهاتنی جەنگی ئێران و عێراق ڕوویداو هەمیش لەبەر ئەوەی کە بووە مایەی کۆچی بەکۆمەڵی نزیکەی 80،000 خەڵکی گوندەکانی ئەم ناوچەیە بۆ تورکیا. دوا ئەنفال زۆر نزیك بوو لەسنووری نێو نەتەوەییەوەو ڕۆژنامەنووس و چالاکانی مافی مرۆڤ دەیانتوانی دەستیان بەئاوارەکانی ئەم دوا قۆناغەدا بگات. لە 1988/9/3دا، کاتێك دوا هێرشی ئەنفال بەڕێوە دەچوو حکوومەتی بەریتانیا باسی لە'مەراقی جددی' کرد سەبارەت بەبەکارهێنانی شێمانەیی گازی کیمیایی لەکوردستانی عێراقدا، بەڵام لەجیاتی ئەوەی خۆی لێکۆڵینەوە لەم بارەیەوە بکات داوای زانیاری لەتورکیا کرد (دەیڤید مەکداوڵ، 2005:362). بەپێی ڕاپۆرتێکی پزیشکانی مافی مرۆڤ وەزیری دەرەوەی تورکیا لە9/9دا ڕایگەیاند کە تورکیا 'هیچ بەڵگەیەکی بەدەستەوە نییە' کە عێراق کیمیایی بەکارهێنابێت (پزیشکانی مافی مرۆڤ، 1989:4). ڕێك دوابەدوای ئەم ڕاگەیاندنە، واتە لەڕۆژانی 11–9/17 وەفدێکی سیناتۆری پەیوەندییە بیانییەکانی ئەمریکا، بەسەرکردایەتی پیتەر گاڵبریپ، سەردانی ئاوارەکانیان کرد لەتورکیاو ڕایانگەیاند کە 'بەڵگەی جددی'یان دۆزیوەتەوە کە عێراق کیمیایی لەدژی کوردەکان بەکارهێناوە. لەلایەکی ترەوە 9/12 ئەمریکاو چەند وڵاتێکی تر داوایان لەنەتەوە یەکگرتووەکان کرد کە لەڕاستی ئەم تۆمەتانە بکۆڵێتەو، بەڵام نە تورکیاو نە عێراق ڕێیان بەتیمەکەی نەتەوە یەکگرتووەکان نەدا کە بێتە ناوچەکەو لێکۆڵینەوەکەی ئەنجامبدات. وەزیری دەرەوەی تورکیا دوبارە ڕایگەیاند کە لەبەر ئەوەی پسپۆڕە تورکەکان هیچ بەڵگەیەکیان بۆ بەکارهێنانی چەکی کیمیایی نەدۆزیوەتەوە، تورکیا پێیوایە لێکۆڵینەوەی نەتەوە یەکگرتووەکان پێویست نییە (پزیشکانی مافی مرۆڤ، 1989:4). عێراق بەردەوام دووپاتی دەکردەوە کە ئەمە کێشەیەکی ناوخۆییەو پەیوەندی بەسەروەری عێراقەوە هەیەو دەستێوەردانی دەرەکییش لەگەڵ پرنسیپەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ چاودێری سەروەری دەوڵەتە سەربەخۆکان ناگونجێت. لەکتێبە مێژووییەکەیدا سەبارەت بەکورد، دەیڤید مەکداوڵ دەڵێت: کە ئەوەی ڕێگر بوو لەبەردەم کۆڵینەوە لەتاوانەکانی عێراق بەرژەوەندی ئابووریی بوو. حکوومەتە ڕۆژئاواییەکان ئیدیعای ئەوەیان دەکرد کە نایانەوێت لەڕێی خستنە ژێر پرسیاری عێراقەوە پرۆسەی ئاشتی نێوان ئێران و عێراق بخەنە مەترسیەوە، بەڵام لەڕاستیدا هۆکاری سەرەکیی ئەم بێدەنگییە ئەوەبوو کە هیچیان نەیاندەویست ئەگەری بەدەستهێنانی پرۆژەی ئاوەدانکردنەوەی عێراق لەدەست بدەن کە بە50،000 ملیۆن تەخمین دەکراو بڕیار بوو عێراق بەزوویی بیخاتە مەزادەوە (مەکداوڵ، 2005: 362).

بەواتایەکی تر لەکۆتایی هەشتاکاندا ئەوە پەیوەندی بازرگانی و ئابووریی بوو کە وای کرد ڕۆژئاوا تاوانی ئەنفال پشت گوێ بخات، بەڵام دواتر پاش جەنگی کەنداوی یەکەم کە هەموو جۆرە پەیوەندییەکی لەمجۆرە کۆتایی پێهاتبوو دەکرا لەدادگای نێو دەوڵەتیدا شکات لەسەر حکومەتی عێراق تۆماربکرێت بەتاوانی جینۆساید. لەڕاستیدا ڕێکخراوی چاودێری مافی مرۆڤ هەوڵی خۆی دا کە دۆسیەیەکی یاسایی لەسەر عێراق ئامادە بکات، بەڵام هیچ دەوڵەتێك ئامادە نەبوو ئەم شکاتە لەسەر عێراق تۆماربکات تا پرۆسەی لێکۆڵینەوە دەستپێبکات. بەشێك لەکێشەکە بێگومان بەهۆی پەیوەندی ڕابوردووی ئەم وڵاتانەوە بوو لەگەڵ عێراقدا. لەساڵی 2002دا، پاش فشارێکی زۆر لەلایەن ئەمریکاوە، حکومەتی عێراق دۆسیەیەکی سەبارەت بەبەرنامەی چەکی ئۆتۆنۆمی خستە بەردەست نەتەوە یەکگرتووەکان کە تیایدا ناوی هەموو ئەو کۆمپانیا ڕۆژئاواییانە هاتبوو کە ماددەی خاویان بەعێراق فرۆشتبوو. ئەم زانیارییانە دواتر لەڕۆژنامەیەکی ئەڵمانیدا بڵاوکرایەوەو تیایدا باس لە150 کۆمپانیای ڕۆژئاوایی کرا کە لەدروستکردنی چەکی کیمیایی عێراقدا بەشداریان کردبوو. دادگایی کردنی سەدام حسێن دەبووە مایەی ئاشکرابوونی ئەو هەموو پشتیوانییە کە لەڕۆژئاواوە بەدەستی گەیشتبوو. ئەمە جگە لەوەش کە ئەمریکا لەکاتی جەنگی ئێران و عێراقدا زانیاری نهێنی دەدا بەعێراق و بەشێکی ئەم زانیارییانەش بۆ لێدانی کوردەکان بەکارهات. بەواتایەکی تر ڕۆژئاوا بۆخۆی دەستی لەئەنفالدا پیس بوو، بۆیە هیچیەك لەم وڵاتانە نەیاندەویست ئەو نهێنییانە ئاشکراببێت. هۆکارێکی تری بێدەنگ بوونی ڕۆژئاوا لەئاست ئەنفالدا ڕەنگە ئەوە بێت کە ئەم وڵاتانە

نەیاندەویست وڵاتە عەرەبی و ئیسلامییەکانی تر لەخۆیان زویر بکەن و پەیوەندیان بەم دەوڵەتانەوە بخەنە مەترسییەوە. هەروەها لەپاش سەپاندنی ئابلۆقەی ئابووریی بەسەر عێراقدا، پاش سنوردارکردنی دەسەڵاتی سەدام حسێن و دروستکردنی زۆنی ئارام بۆ کوردەکان وڵاتە ڕۆژئاواییەکان پێیانوابوو کە عێراق چیتر مەترسی نییە بۆ سەر کوردو مانەوەی سەدام حسێنێکی لاواز بۆ پاراستنی هاوسەنگی هێزەکانی ناوچەکە باشترە لەلابردنی. بەبڕوای زۆر تیۆریستی جینۆساید سروشتی پەیماننامەکەی نەتەوەیەکگرتووەکان سەبارەت بەجینۆساید وا دەکات کە شکات کردنی دەوڵەتێك لەدەوڵەتێکی تر بەتاوانی جینۆساید زۆر سەخت بێت. دەوڵەتەکان پەیماننێکی نەنوسراویان لەنێواندا هەیە کە ڕێز لەسەروەری یەکتری بگرن و تاوانی لەو جۆرە نەدەنە پاڵ یەك، چونکە دەشێت ڕۆژگارێك دەوڵەتێکی تر هەمان تۆمەت بداتە پاڵ ئەوانیش. هەموو ئەم هۆکارە جیاوازانە دەستیان هەبوو لەبێدەنگبوونی کۆمەڵگای نێونەتەوەیی سەبارەت بەئەنفال.

لەکۆتاییدا دەمەوێت بڵێم کە ئەنفال تاکە جینۆسایدێك نییە کە بێدەنگیی لێکراوە. لەڕاستیدا کۆمەڵێك جینۆسایدو تاوانی تری دژی مرۆڤایەتی هەن کە هەمان چارەنووسیان هەبووە. بۆ نموونە گەرچی جینۆسایدی ڕواندا لەساڵی 1994دا (کاتێك نزیکەی 800،000 تووتسی لەلایەن هوتووەکانەوە کوژران) زۆر باس دەکرێت و لێکۆڵینەوەی زۆری لەسەر کراوە، بەڵام جینۆسایدی بروونـدی لەساڵی 1972دا کە نزیکەی چارەکە ملیۆنێك هووتوو لەلایەن تووتسیەکانەوە کوژران، بیدەنگیی لێکرا. ڕێنێ لیمارشۆ، کە لێکۆڵینەوەی زۆری لەسەر بروندی، کۆنگۆو ڕواندا کردووە، ڕای وایە کە جینۆسایدی تووتسیەکان بەدەستی هوتووەکان لەڕواندا ڕووی نەدەدا گەر بیست و دوو ساڵ پێشتر هوتووەکانی بروندی لەلایەن تووتسییەکانی وڵاتەکەیانەوە بەوجۆرە کوشتار نەکرانایە (لێمارشۆ، 2007، کۆنفرانسی جینۆساید لەسارەیڤۆ). هەروەها زۆر کەسی تر پێیانوایە کە جینۆسایدی بۆسنە کە لەماوەی سێ ڕۆژدا 6000–8000 پیاوی بۆسنی موسوڵمان لەناوەڕاستی مانگی حەوتی 1994دا بەدەستی سێربەکان کوژران پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆی بەکوشتاری بەکۆمەڵی سێربەکانەوە هەیە بەدەستی ئوستاشای کرۆواتی لەکاتی جەنگی دووەمی جیهانیدا کە لەڕووی مێژوویی و ئەکادیمیەوە گرنگییەکی ئەوتۆی پێ نەدراوە. ئەم بێدەنگیانەش هەمیشە لەمەودای دووردا ڕەنگدانەوەیان هەبووە، چونکە گرووپی پشتگوێخراو قین و ناحەقی ئەم دانپیانەنانە هەڵدەگرێت و هەندێجاریش کە دەرفەتی بۆ دەڕەخسێت حەق لەگرووپی تاوانبار دەکاتەوە.

لەمانگی 2007/7دا، ماوەیەکی کورت پاش ئەوەی عەلی حەسەن مەجید تاوانی جینۆسایدی بەسەردا سەپێنرا، بەشداریم لەکۆنفرانسێکی جینۆسایددا کرد لەشاری سارەیڤۆ کە لەلایەن کۆمەڵەی نێونەتەوەیی ئەکادیمیانی جینۆسایدەوە ڕێکخرابوو. یەکەمین شت کە سەرنجی ڕاکێشام ئەوەبوو کە لەسەر نەخشەی جیهان ناوی زۆربەی جینۆسایدەکان و شوێنیان دیاریکرابوو، بەڵام ئەنفال لەسەر نەخشەکە نەبوو. لەسێیەم ڕۆژدا ڕووی گلەییم کردە ڕێکخەران و ئامادەبووانی کۆنفرانسەکە (زۆربەیان خەڵکی ئەکادیمی بوون و لەسەر جینۆساید کاریان دەکرد یانیش قوتابی جینۆساید بوون)، کە بۆچی ئەنفال لەسەر نەخشەکە نییە سەرەڕای ئەوەی کە خودی وڵاتی تاوانبار ئەم جینۆسایدەی بەڕەسمی ناسیوە، تاوانباران دادگایی کراون، نزیکەی 100،000 کەس لەم پرۆسەیەدا گیانیانلەدەستداوەو زۆری تریش لەدوای ئەوە بەبۆنەی ئاکامی درێژخایەنی کیمیاییەوە مردوون و هێشتاش کەسانێك هەن کە بەدەست نەخۆشیی بێ چارەسەرەوە دەناڵێنن. لەڕاستیدا بەشێکی زۆری ئەندامان و بەڕێوەبەرانی کۆمەڵەکە جوولەکە بوون و لەسەر هۆلۆکۆست کاریان دەکرد، بۆیە لام سەیر بوو کە تەنانەت ئەوانیش کە چ پەیوەندییەکیان بەجیهانی ئیسلامەوە نییە، بەرژەوەندی هاوبەشیان لەگەڵ سەدام حسێن نەبووەو بەپێچەوانەی نەتەوەکانی ترەوە زۆریان داواکارییەکانی کورد بەرەوا دەزانن دان بەئەنفالدا نەنێن. سەرۆکی کۆمیتەکە، ئیزرائیل چارنی، پاش داوای لێبوردن، دانی بەم کەموکورتییەدا ناو ڕوونیکردەوە کە ئەوان زۆر کەم سەبارەت بەئەنفال دەزانن و هیوادارن لێکۆڵینەوەی ئەکادیمی لەم بوارەدا ئەنجامبدرێت، چونکە ئەوە باشترین شێوازی ناسینی ئەنفالە لەبازنە ئەکادیمیەکاندا. هەر ئەو ئێوارەیەش ناوی ئەنفالیان خستەر سەر نەخشەی جینۆسایدەکان. دواتر لەگەڵ ڕێنێ لێمارشۆ قسەم کردو بیرمان لەکتێبێك کردەوە بەناوی جینۆسایدە لەیادکراوەکان–ەوە. بڕیارە ئەو ئەم کتێبە پێکەوە بنێت و منیش بەبابەتێك لەسەر ئەنفال بەشداری تێدابکەم. لەم کتێبەدا بڕیارە نەك هەر باسی ئەنفال، برووندی و کۆنگۆ بکرێت، بەڵکو ئەو کۆمەڵانەش بگرێتەوە کە بەر جینۆسایدێکی گەورە کەوتوون کەچی باس ناکرێن، بۆ نموونە لەناوبردی یۆنانییە پۆنتیەکان لەهەمان کاتی جینۆسایدی ئەرمەنییەکاندا لەتورکیاو هەروەها لەناوبردنی قەرەجەکان لەکاتی هۆلۆکۆستدا. کێشەی بێدەنگ بوون لەجینۆسایدێك چەند پەیوەندی بەسیاسەت و بەرژەوەندی وڵاتە دەسەڵاتدارەکانەوە هەیە ئەوەندەش پەیوەندی بەنەبوونی سەرچاوەی باشی ئەکادیمیەوە هەیە کە بتوانێت ئەم تاوانانە بخاتە سەر نەخشەی تاوانەکانی تر. ئەمەش بەلێکۆڵینەوەیەك و دووان چارەسەر نابێت، بەڵکو دەبێت کۆمەڵێ کەسی پسپۆڕ لەبوارە جیاکاندا لێکۆڵینەوە لەسەر ئەنفال بکەن، لەدۆکیومەنتەکانی حکوومەتی عێراقەوە بیگرە (کە زۆربەی ئێستە لەئەمریکان) هەتا پرۆسە سەربازیەکەی کە لەئەنفالدا بەکارهات، کۆڵینەوە لەگۆڕە بەکۆمەڵەکان، لەدەرەنجامەکانی چەکی کیمیایی و هەروەها لەئاکامەکانی ئەنفال بۆ کورد لەڕووی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابوورییەوەو بۆ دەربازبوانیش. ڕەنگە لەداهاتوودا ئەم پشتگوێخستنەی ئەنفال گۆڕانکاریی بەسەردا بێت.

**پرسیار**: ئەو هۆکارانە چین کە ئەنفال لەهۆشیارییەکی سیاسی سادەوە کە تەنها لەیادکردنەوەی سەرپێیانەی ساڵانەدا قەتیسبووە دەگوازێتەوە بۆهۆشیارییەکی کلتوری، لەو بێدەنگییەی کە خاوەنی قسەنییە دەگوازێتەوە بۆ بیرکردنەوەیەك بەدەنگی بەرز. هەروەها ئەم بێدەنگییە چەند پەیوەندی بەکورد خۆیەوە هەیە، هەم لەئاستی بەرپرسیارییەتی کۆمەڵگای کوردی بۆ ئەنفال و هەم لەئاستی دەسەڵاتی کوردی خۆیدا؟

**چۆمان هەردی**: سەرەتا دەمەوێ بڵێم کە یەکەمین هەنگاو بۆ ئەوەی ئێمە تێگەیشتن و ئاگاییمان بەرامبەر ئەنفال لەئاستێکی تردا بێت ئەوەیە کە بەشێکی زۆری ئەو شتانە ڕاگرین کە تا ئێستە کردوومانە. بۆ نموونە پیشاندانی بەردەوامی کیمیابارانی هەڵەبجەو کیمیابارانەکانی تر، پیشاندانی ئەو هەموو جەستە تێکشکاوانەی کیمیاباران و گوللەباران و ئەشکەنجە، پیشاندانی ئەو ژنە ئەنفالە ڕەشپۆشانەی پێدەچێت تا ئەبەد بلاوێننەوە. پەخشکردنەوەی

بەردەوامی ئەم وێنانە کۆمەڵێك ئاکامی سایکۆلۆژی بۆ ئێمە هەیە کە زیانی زیاترە لەقازانجی. یەکەم، بەکارهێنانی بەردەوامی ئەم وێنانە بەپێچەوانەوە کاردەکات. واتە گەر مەبەستی ئێمە لەزۆر پیشاندانی ئەم وێنانە ئەوە بێت کە ئەو تاوانانەی کە لەئەنفال و هەڵەبجەدا ئەنجامدران هەستی خەڵك ببزوێنن و لەیاد نەکرێن بەپێچەوانەوە وردە وردە ئەم وێنانە دەسوێن، سەنگینیی خۆیان لەدەست دەدەن و لەڕووی یادەوەریی بەکۆمەڵەوە بێبایەخ دەبن. زۆر کەس تاقەتی لەم وێنانە چووە، چیتر نە شتێکی تازەی پێ دەڵێن و نە گرنگییەکی مێژوویان هەیە لای ئەو. دووەم، پیشاندانی کۆمەڵێك ژنی رەشپۆش کە دەگرین و دەلاوێننەوەو بەردەوام باسی ئازیزە لەدەستچووەکانیان دەکەن وا دەکات کە کۆمەڵگا بەشێوەیەکی گشتی وەك کۆمەڵێك قوربانیی بێدەسەڵات بڕوانێتە ئەم ژنانە. بەمشێوەیە ئەو کەسانەی کە لەپرۆسەی ئەنفالدا بوونە قوربانیی توندوتیژیی دەوڵەتێکی عەرەبی ناسیۆنالیستی تاکرەو جارێکی تر لەم پرۆسە کۆمەڵایەتیەدا لەلایەن کوردەکانەوە دەکرێنەوە بەقوربانیی و مۆرکی قوربانیی–بوونیان تا ئەبەد پێوە دەمێنێت. ئەمە لەکاتێکدا کە ئەوان کۆمەڵێك مرۆڤی ئازاو بەتوانان کە سەرەڕای ئەو هەموو کۆسپ و کێشانەی هاتۆتە رێیان توانیویانە بەردەوامی بەژیان بدەن، منداڵەکانیان پەروەردە بکەن و ببنە بەشێك لەهێزی کار لەوڵاتدا (گەرچی زۆربەی جار هێزی کاری چینی خوارەوەش بێت). بەواتایەکی تر ئەمجۆرە وێناکردنەی دەربازبوانی ئەنفال جارێکی تر دەسەڵاتیان لێ دەسەنێ و بایەخی ئەوان لەقوربانیی–بوونیاندا کۆدەکاتەوە. ئەمەش نە لەڕووی عەدالەتەوەو نە لەڕووی تەندروستیشەوە رەوا نییە، چونکە هەم زوڵم لەدەربازبووان دەکات و هەمیش وا دەکات ئەوانیش بۆ هەمیشە خۆیان وەك قوربانیی ببینن و نەتوانن لەو بازنەیە دەربازبن، وا دەکات بەچاوی بەزەیی و خەمەوە بڕواننە ژیانی خۆیان و نەتوانن لایەنە پۆزەتیفەکانی کارو کاراکتەری خۆیان ببینن. سێیەم، ئاکامێکی تری لێدانەوەی ئەم وێنانە بۆ ئێمە وەك کۆمەڵگەیەك، بۆ منداڵەکانی ئێمە کە بەردەوام ئەم وێنانە دەبینن. ئەوەیە کە ئەم وێنانە، کە وێنەی ترسناکیی تێکشکاندن و برینداركردن و ئازاردانن بەئاسایی دەکرێن. بەمشێوەیە وێنەکانی توندوتیژیی دەبێتە بەشێك لەژیانی رۆژانەو وردە وردەش لەئێمەدا خۆی دوبارەدەکاتەوەو کار دەکاتە سەر داهاتووشمان. ئەو شتانەی رۆژانە دەیانبینین رەنگدانەوەیان هەیە لەسەر ئەو شتانەی کە وێنای دەکەین و پێمانوایە ئاساییەو بەرهەمی دێنینەوە. ئەمەش رێ خۆشکەرە بۆ دروستبوونی کۆمەڵگایەکی توندوتیژ. چوارەم، ئەم وێنەو دۆکیومەنتەریانە لەسەر ئاستی وشیارییەکی سیاسیی رووکەشیی کاردەکەن. لەسەر ئەم ئاستەش تەنها دەبنە مایەی دروستبوونی رقێکی سادە لە'دوژمن'. ئەمانە ئەوەندەی گوتارێکی ناسیۆنالیستیی سادە دروستدەکەن ئەوەندە گرنگیان نییە بۆ وشیاریی کۆمەڵایەتی ئێمە سەبارەت بەئەنفال. گەر سەیرێکی کەناڵە تەلەفزیۆنییەکانی سەتەلایتی کوردستان بکەین، دەبینین بەشێکی زۆری لەسەر دوو چەمك کار دەکات، کە ئەوانیش قوربانیبوون و قارەمانێتیین کە هەردووکیان گوتارێکی ناسیۆنالیستی سادە دروستدەکەن. وێنەو دۆکیومەنتاریەکانی سەبارەت بەئەنفال، هەڵەبجەو کوشتارو ئەشکەنجەکان دەکەونە خانەی یەکەمەوە: میللەتی کورد وەك قوربانییەك. ئەو بەرنامانەی سەبارەت بەخەباتی پێشمەرگە، پێشمەرگەی نهێنی، داستانی شەهیدەکان، راپەڕین و شۆڕشەکانی کوردن دەکەونە خانەی دووەمەوە: کورد وەك نەتەوەیەکی قارەمانی کۆڵنەدەر. ئەمجۆرە تێڕوانینەش بۆ خودو پەخشکردنەوەی ئەمجۆرە وێنەیە لەسەر خود تەنها لەخزمەتی ئەو ئاگاییە سادە ناسیۆنالیستیدایە کە بەرەش و سپی شتەکان دەبینێت: کورد وەك قوربانییەکی هەمیشەیی عەرەب لەعێراقدا (هەستکردن بەقوربانیی–بوونیش وەك پێشتر باسمکرد هەمیشە رەنگدانەوەی هەیە بۆ بەردەوامبوونی بازنەی توندوتیژیی) و وەك کۆمەڵێك خەباتگێڕیی قارەمان. ئەمە لەکاتێکدا کە ئێمە دەزانین نە شتەکان رەش و سپین و نە خۆشمان ئەوەندە قارەمانین. ئێمە دەزانین کە ئەنفال لەلایەن حکوومەتێکی عەرەبەوە پلانرێژیی بۆ کرا، بەڵام لەڕووی پراکتیکییەوە بەو شێوەیە سەرکەوتوو نەدەبوو گەر کورد خۆی بەشداری لەم پرۆسەیەدا نەکردایە، گەر سەرۆك جاشەکان وەعدی شەرەفیان بەو هەموو پیاوە کوردە نەدایە زۆریان تەسلیمی حکومەت نەدەبوونەوە. کەواتە کورد بوون یەکسان نییە بەقوربانیبوون (کورد خۆشی تاوانبارە لەئەنفالدا) هەروەك چۆن عەرب بوونیش یەکسان نییە بەتاوانباریی (هەندێ عەرەب لەکاتی ئەنفالدا یارمەتی کوردیان دا). هەروەها ئێمە دەزانین کە راستە کورد چەندین ساڵ خەباتی کردوەو راپەڕینی ئەنجامداوە، بەڵام چەند هەفتەیەکی کەم پاش راپەڕین کە حکومەت بڕیاری هێرشی دا کورد ئامادەی شەڕکردنی تیا نەبوو، کەواتە ئێمە ئەو قارەمانەش نین کە دەمانەوێت پیشانی بدەین.

ئەوەی لێرەدا گرنگە ئەوەیە کە یادکردنەوەی ساڵانەی ئەنفال و سەردانی دەربازبووان تا جارێکی تر باسی میحنەتەکانی 1988 بکەن و پیشاندانی قوربانیانیی کیمیایی و گۆڕی بەکۆمەڵ، هەموو ئەمانە بەشێوەیەکی گشتی نەیانتوانیوە سەرنجی مرۆڤی کورد بەجۆرێك رابکێشن کە تێگەیشتنێکی دروستی هەبێت بۆ ئەنفال و گرنگی ئەنفال لەمێژووی نەتەوەیی ئەودا، نەیانتوانیوە وای لێبکەن بەچاوی رێزەوە سەیری دەربازبووانی ئەنفال بکات، نەیانتوانیوە وای لێبکەن بیربکاتەوە، زمانی بێتە گۆ، قسەی هەبێت، لێکۆڵینەوە بکات، هونەر بەرهەمبێنێت. لەچەند حاڵەتێکی کەمدا نەبێت زۆربەی ئەو هونەرەش کە کاریگەریی ئەنفالی لەسەرە هونەرێکی واقیعی عاتیفییە کە خەیاڵ تیایدا کوژراوە. ئێستەش کە پیشانگایەکی هونەریی لەسەر ئەنفال دەکرێت پڕە لەوێنەی کەللەسەر و پۆستاڵ و دووکەڵ. کە شانۆگەریەك لەسەر هەڵەبجە پێشکەش دەکرێت پڕە لەدەنگی فڕۆکەو کەوتنی خەڵك و گریان و هاوار. بەشێکی هۆکاری بەرهەمهێنانی ئەم هونەرە واقیعیە رەنگە ئەو گوتارە سیاسیە سادەیە بێت کە بەرهەمهاتووەو بەسەر دەمی هەموو خەڵکەوەیە، بەشێکیشی رەنگە هی قورسایی کارەساتەکە بێت کە وای کردووە هەندێك هونەرمەندو نووسەر نەتوانن لێی دەربازبن. دوا جاریش پەیوەندی بەوشیاریی و زیرەکی هونەرمەندانەوە هەیە کە نەیانتوانیوە بەجۆرێکی تر باسی ئەنفال و هەڵەبجە بکەن. ئێمە پێویستمان بەچەندین (دەربەندی پەپوولە) و (شاری مۆسیقارە سپیەکان) هەیە. پێویستمان بەلێکۆڵینەوەی ئەکادیمی و بەرهەمی هونەریی تر هەیە تا لەئاستە جیاکانی ئەنفال و مانا جیاوازەکانی تێبگەین.

ئەگەر وەك نموونەیەك سەیری هۆلۆکۆست بکەین کە گەورەترین جینۆسایدی سەردەمی مۆدێرنە دەبینین کە هەزاران شیعر، رۆمان، فیلم، دۆکیۆمەنتاریی، پیشانگای گەرۆك، مۆزەخانەو لێکۆڵینەوەی لەسەر کراوە. بێگومان بەشێکی ئەمە لەبەر قەبارەی هۆلۆکۆستە کە دەڵێن زیاتر لە90٪ جوولەکەکانی ئەورووپا لەم پرۆسەیەدا لەوناوبراون، بەڵام بەشێکیشی پەیوەندی بەوەوە هەیە کە بەپێچەوانەی ئێمەوە ئەوان گەلێکی وشیارن، رۆشنبیرو نووسەرو پسپۆڕو

هونەرمەندو ئەکادیمی زۆریان هەیەو سەرمایەیەکی باشیشیان بۆ ئەم کارانە تەرخانکردووە، چونکە لەگرنگی ئەم کارانە تێدەگەن. ئەم پشتیوانییە داراییە ئەوەندی لەلایەن حکوومەتی ئیسرائیلەوە دابینکراوە چەندین ئەوەندەش لەلایەن جوولەکە دەولەمەندەکانی ئەمریکاوە بووە. گرنگە کە رۆڵی دەولەمەندی کوردو دەسەڵاتی کوردیشمان بیر نەچێت. تائێستا دەولەمەندێکی کوردمان نییە کە بیری لەوە کردبێتەوە پارەیەك تەرخان بکات بۆ لێکۆڵینەوەیەکی ئەکادیمی لەم بوارەدا، بۆ پشتگیریکردن لەپرۆژەیەکی هونەریی کە کار لەسەر ئەنفال دەکات، بۆ دروستکردنی مۆزەخانەیەك و هتد. دەسەڵاتی کوردیش بەهەمانشێوە سست بووە لەئاست کارکردن لەسەر ئەنفال. ئێمە پاش 19 ساڵ ئێستەش ئاماری تەواوەتیمان لەبەردەستدا نییە کاتێك باسی ئەنفال دەکەین. ئەو ژمارەیەی کە کورد بەردەوام دووبارەی دەکاتەوە 182000 کەسە، بەڵام بەبڕوای زۆربەی ئەوانی لێکۆڵینەوەی مەیدانییان لەم بوارەدا کردووە ئەم ژمارەیە زیادەڕەوی پێوەیە. هێشتاش نازانین بەتەواوەتی چەند گوند لەکاتی ئەنفالدا وێرانکران. زۆر کەس دەڵێن 4000 گوند، بەڵام ئەمە ژمارەی سەرجەمی گوندە وێرانکراوەکانە لەساڵی 1970کانەوە تا 1988. ئێستەش نازانین چەند گوند کیمیایی بەرکەوتووە. ئێستەش مۆزەخانەیەکمان نییە کە بەڵگەکانی ئەنفال، گوتاری دەربازبووان، وێنەو جلوبەرگی قوربانییەکانی تیا کۆبکرێتەوە. بەداخەوە تەنانەت بەشێك لەو کارانەش کە کراون بەشێوەیەکی نادروست کراون. پار کە سەردانی گۆڕستانەکەی هەڵەبجەم کرد چاوساغەکە بەپێکەنینەوە پێیوتم کە پیاوێکی ناسیاویان کە بەر کیمیابارانی هەڵەبجە نەکەوتووەو کەچی لەگۆڕستانەکەدا وەك قوربانییەك لەسەر کێلێك ناوی هەیە وێنەیەکی لەپەنا کێلی قەبرەکەی خۆیەوە گرتووە. هەڵەیەکی وا هەموو راستییەکان دەخاتە ژێر گومانەوە. حکوومەتی کوردستان بەبۆنەی دوو ئیدارەبوونییەوەو بەبۆنەی کێشمەکێشی ناوخۆو گرنگیدان بەشتی ترەوە نەیتوانیوە زانیاری تەواوەتی کەڵەکە بکات. بەشێکی کێشەکەش رەنگە ئەوە بێت کە حکوومەتی کوردستان نەیویستووە ئەم کارانە بکات، چونکە دەیەوێت ژمارەی 182000 قوربانی و 4000 گوند وەك خۆی بمێنێتەوە، بەڵام بۆ ئەوەی ئێمە بەشێوەیەکی زانستی و دروست قسە لەسەر شتەکان بکەین، بۆ ئەوەی بتوانین سەرنجی جیهانی ئەکادیمی راکێشین پێویستمان بەفاکت و بەڵگەو لێکۆڵینەوەی دروستە.

**پرسیار**: بۆ دەبێت هەمیشە چاوەڕوانییەکی گەورە لەئەدەب بکرێت بۆ گێڕانەوەی کارەساتە گەورەکانی مرۆڤایەتی؟ ئەم هۆی چاوەڕوانییە لەکوێوە هاتووەو چۆن لای مرۆڤ دروستبووە؟

**چۆمان هەردی**: ئێمە چاوەڕوانیمان لەهونەر هەیە، چونکە هونەر دەتوانێت ئەو شتانە بکات کە میدیاو مێژوو ناتوانن بیکەن. ئەگەر میدیاو مێژوو باسی ژمارەو رووداو بکەن هونەر بەوردی کار لەسەر مانای ئەم فاکتانە دەکات و لەسەر ئاڵۆزییان. ئەفلاتوون بەهای هونەریی یەکسان کرد بەبەهای مۆراڵیی بەرهەمێك. واتە بەبڕوای ئەو ئەو بەرهەمە هونەرییە سەرکەوتووە کە لەڕووی ئەخلاقییەوە بەرهەمێکی باشە. کانت بەپێچەوانەوە پێیوابوو کە بەهای بەرهەمی هونەریی لەوەدایە کە چێژی لێ دەبینین ئەم چێژەش نە پەیوەندی بەچێژی مۆراڵییەوە هەیە (بەرهەمێك کە ئەخلاقی باش بڵاودەکاتەوە) نە چێژی جەستەییش (بەرهەمی هونەریی سەرکەوتوو ئەوە نییە کە تێرمان دەکات یا لەڕووی جنسییەوە دەمانبزوێنێت). بەبڕوای کانت ئەو چێژەی لەبەرهەمی هونەریی دەبینین چێژ نییە لەپێناوی شتێکی تردا (لەڕووی ئەخلاقی یا جەستەییەوە)، بەڵکو چێژێکە کە لەخودی خۆیدا کامڵەو بێ مەبەستە. بەرهەمی هونەریی سەرکەوتوو ئەو بەرهەمەیە لای کانت کە تیایدا چەمکێك یا بیرۆکەیەك (کە کانت ناوی دەنێ ئایدیای ئەستاتیکیی) بەشێوەیەك بەرجەستەکراوە کە توانای تێگەیشتن و توانای وێناکردنی ئێمە دەخاتە هارمۆنییەوە. واتە ئەو نووسینە ئەدەبیە سەرکەوتووە کە بۆ تێگەیشتن لەو ئایدیا ئیستاتیکیەی تیایدا بەیانکراوە، ئێمە دەبێت توانای تێگەیشتن و وێناکردنمان بەکاربهێنین بەشێوەیەك کە هەم لەبەرهەمەکە تێبگەین و هەم لەززەتی لێ ببینین. بۆیە، کانت دەڵێت، هەتا ئەو کاتەش کە تراژیدیا دەخوێنینەوە بەشێوەیەك لەشێوەکان لەززەتی لێ دەبینین. لەڕووی فەلسەفیەوە تیۆرییەکەی کانت رەخنەو قسەی زۆر لەسەرە، بەڵام لەهەمانکاتدا گرنگی خۆی هەیە بۆ ناساندنی کۆمەڵێك چەمکی مۆدێرن بۆ قسەکردن لەسەر هونەر. بەبڕوای من سەرکەوتنی بەرهەمێکی هونەریی لەوەدایە کە تا چەند جددیە لەبەرجەستەکردنی حەقیقەتەکانی دنیای ئێمەدا بەهەموو ئاڵۆزییەکانییەوە. رۆمانی باش، بۆ نموونە، ئەو رۆمانەیە کە لەڕێی خولقاندنی کۆمەڵێك کاراکتەری زیندوو و گێڕانەوەی چیرۆکێکی تایبەتیەوە باس لەکۆمەڵێك چەمکی جیهانی و گرنگی وەك عەدالەت، حەقیقەت، عەشق و جوانی دەکات. دەتوانێ کۆمەڵی چەمکی ئاڵۆزی فەلسەفیمان بۆ بەرجەستە بکات و بەئەندازەی چەندین کتێبی مێژوویی و فەلسەفی تێگەیشتنمان بۆ ئەم چەمکانە فراوانبکات. رۆمانی سەرکەوتوو دەبێتە مایەی گەشەسەندنی تێگەیشتنمان بۆ مرۆڤ بوون، دەمانخاتە گومانەوە بەرامبەر بەبیروباوەڕە باوەکانی کۆمەڵگە، پرسیارمان لا دروست دەکات سەبارەت بەو شتانەی کە لەکاتی ئاساییدا لامان روون و ئاشکرایە. لەژیانی رۆژانەدا ئێمە لەژێر کاریگەریی بیروباوەڕی باوی کۆمەڵگەداین، حەزی خۆشمان بۆ زانینی حەقیقەت دەبێتە مایەی فشاری تر. ئێمە پێمان خۆشە شتەکان سادە بن، رەش بن یا سپی، راست بن یا هەڵە، باش بن یا خراپ، جوان بن یا ناشرین، بەڵام رۆمانی باش ئەو رۆمانەیە کە بیرمان دێنێتەوە کە کە دزێوترین کەسەکانیش شتێ لەجوانیان تێدایە، کە حەقیقەت چەند ئاڵۆزە، کە بەها ئەخلاقییەکانی کۆمەڵگا زۆرجار دەکەون، کە بەدەستهێنانی عەدالەت چەند ئەستەمە، کە چەوسانەوە مرۆڤ ناکاتە مرۆڤی باش، کە زۆرجار چەوساوەکان بەئاسانی دەبنەوە بەچەوسێنەر. ئەوان بیرمان دێننەوە کە مرۆڤ بوون چەند ئاڵۆزە.

لێرەدا دەمەوێت (شاری مۆسیقارە سپیەکان) وەك نموونەی رۆمانێکی سەرکەوتوو بهێنمەوەو قسە لەسەر هەندێ رەهەندی سەرکەوتوویی ئەم کارە بکەم وەك بەرهەمێکی هونەریی. لەم رۆمانەدا لەڕێگەی لەشفرۆشێکی کورد (دالیا سیراجەدین) و دوکتۆرێکی کوردی هونەر دۆست (مووسای بابەك) و دەربازبوویەکی ئەنفال (جەلادەتی کۆتر) و جەنراڵێکی عەرەبی پەشیمانەوە (سامیری بابلی) چیرۆکی ئەنفال دەگێڕدرێتەوە. بەواتایەکی تر کارەساتی ئەنفال تێکەڵ بەداستانی ژیانی کۆمەڵێك کاراکتەر دەبێت کە هەر یەکەیان بەدوای شتێکدا وێڵە. دالیا سیراجەددین بەدوای خۆشەویستەکەیدا دەگەڕێ کە لەزیندانە نهێنییەکانی عێراقدا ئەشکەنجە دەدرێ و بۆ پەیداکردنی زانیاری لەسەر ئەو لەگەڵ جەنراڵەکاندا دەخەوێ، موسای بابەك مەراقی ئەوەیە کە لەو سەردەمی

کوشتار و قات و قڕکردنەدا بەرهەمە هونەرییە جوانەکان لەلەناوچوون بپارێزێت، جەلادەتی کۆتر کە بەبرینداری لەلایەن سامیری بابلیەوە لەگۆڕە بەکۆمەڵەکان رزگارکراوە بەدوای حەقیقەت و عەدالەتدا وێڵەو سامیری بابلیش دەیەوێ خۆی پاك بکاتەوە لەڕابوردوویەکی پڕ لەتاوان و رووبەڕووی قوربانییەکانی بێتەوە. یەکێك لەتەوەرە گرنگەکانی ئەم رۆمانە گفتوگۆی کاراکتەرەکانە سەبارەت بەعەدالەت، بەخشین، تۆڵە سەندنەوە، حەقیقەت، جوانی و ئەخلاق. مووسای بابەك پێیوایە کە تەنها شتێك کە لەدنیایەکی پڕ لەناعەدالەتی و توندوتیژی و ناشرینیدا بتوانین بیکەین بۆ بەدەستهێنانی عەدالەت ئەوەیە هەولبدەین جوانیی بەرهەمبێنین لەڕێگەی بەرهەمێنانی هونەرەوەو هەولبدەین ئەم جوانییانە بپارێزین. جەلادەت گەرچی بۆتە هاوڕێی سامیری بابلی، بەڵام پێیوایە ئەو تاوانبارەو دەبێ بەحەقی خۆی بگات گەرچی ناشزانێت چۆن دەتوانێت بەم عەدالەتە بگات، سامیری بابلی پێیوایە پاکبوونەوەی ئەو تەنها کاتێك رووەدات کە دان بەهەموو راستیەکاندا بنێت و رووبەڕووی قوربانییەکانی بێتەوە. جەلادەت لەکاتی گەڕان بەدوای قوربانییەکاندا بۆ دادگاییکردنی سامیری بابلی حەلیمی شێواز دەدۆزێتەوە کە پێشتر سامیری بابلی نیوی دەمووچاوی لێکردۆتەوەو تا ئەبەد شێوەی شێواندووە. شێواز جەلادەت بەگەمژەیی تاوانبار دەکات. ئەو پێیوایە کە کوشتنی سامیری بابلی هیچ شتێك لەباسەکان ناگۆڕێت، برینی کەس ساڕێژ ناکات، مردووەکان ناگێڕێتەوە و نابێتە مایەی ئەوەی ئەو لەخەڵوەتگەکەی بێتە دەرێ و رووبەڕووی خەڵك بێتەوە. لەکاتی دادگایی کردنی سامیری بابلیدا ئەو روو دەکاتە قوربانییەکانی ترو پێیاندەڵێت ئەوەی ئەوان ناوی دەنێن عەدالەت تەنها حەزی تۆڵە سەندنەوەیەو هیچی تر. پێیان دەڵێت ئەوانیش خەریکە بەهەمان عەقلیەتی جەلاد بیردەکەنەوە. ئەو دەیەوێ بەسامیری بابلی بڵێت: (سەیرم کە سامیری بابلی، من تۆ دەبەخشم، کەواتە من هێشتاش جوانم، تۆ نەتتوانی جوانییەکانی دەروونی من بکووژی). دواجار بەقوربانییەکانی تر دەڵێت: (شتێ لەجوانی لەئێمەو لەویشدا ماوە، با نەیکوژین.) لەکۆتایی دادگاییەکەدا ئەوەی کە ناتوانێ ئارامی بدۆزێتەوە قوربانییەکانی سامیری بابلین. هەندێکیان دەزانن کە تازە هیچ شتێك برینی ئەوان ساڕێژ ناکات، دەزانن کە ئازاردان و کوشتنی سامیری بابلی وایان لێناکات هەست بەئاسوودەیی و سەلامەتی بکەنەوە. ئەم رۆمانە زۆر بەجوانی باس لەو دووڕیانانە دەکات کە دەربازبووان رووبەڕوی دەبنەوە. تەنانەت ئەو کاتەش کە تاوانبارەکە بۆ خۆی دێتە پێشێ، دان بەهەموو تاوانەکانیا دەنێت و داوای لێبوردن دەکات ئاسان نییە بڕیار لەسەر چارەنووسی بدرێت. هەندێك کەس تۆڵەیان دەوێت، بەڵام ئەمەش ئارامییان پێ نابەخشێت.

ئەم رۆمانە جگە لەدروستکردنەوەی ئەنفال (ئەو سەرپۆشانەی بەسەر لمەوە مەلەدەکەن، ئەو خێوانەی هەرگیز هەواری خۆیان نادۆزنەوە، ئەو دەنگە کپانەی دەخنکێنرێن) بەڕوونی پیشانمان دەدات کە چەمکەکانی وەك عەدالەت و حەقیقەت چەند ئاڵۆزن، کە توندوتیژیی چی لەمرۆڤەکان دەکات، کە لەخاکێکی پڕ لەجەنگ و توندوتیژیی وەك کوردستاندا زۆر جار تاوانبارەکانیش قوربانین. باس لەو هەڵبژاردنە جیاوازانە دەکات کە میللەتەکان لەپاش کۆتاییهاتنی دیکتاتۆری دەبێت رووبەڕووی ببنەوە. کۆمەڵگای کوردی دەبێت بڕیار بدات لەسەر بەخشین، ئاشتبوونەوەو عەدالەت، ئەمانەش هەموو ئاکامیان هەیە بۆ داهاتووی وڵاتەکە. ئەم رۆمانە ئەوەندەی باسی ئەنفال و کۆمەڵێك کاراکتەری کوردی دەکات کە گیرۆدەی سەردەمێکی پڕ لەترس و توندوتیژین، ئەوەندەش باسی مرۆڤایەتی دەکات بەگشتی. هەریەك لەو چەمکانەی لەم رۆمانەدا قسەیان لەسەر دەکرێت لەودیو سنووری ئەنفال و کوردستانەوە رەواییان هەیەو دەشێ باس لەهەر کۆمەڵگایەکی تر بکەن کە کوشتاری لەمجۆرەی تیاکراوە. گرنگی ئەم رۆمانەش لەوەدایە کە هەم ئەنفال و پەیوەندی نێوان کوردو عەرەب بەو زیندووییە بەرجەستە دەکات و هەمیش سنوورەکانی ئەم رووداوەو ئەم دوو نەتەوەیە دەبڕێت. ئەم جۆرە بەرهەمە تەنها کاتێك بەدنیا دێت کە نووسەر بۆ خۆی لەئاڵۆزی کۆمەڵێك چەمکی مەعریفی و کۆمەڵایەتی و ئەخلاقی تێگەیشتبێت. بۆیە نووسەری سەرکەوتوو دەبێت زیرەك بێت و لەڕووی فیکریشەوە دەوڵەمەند.

**پرسیار**: ئایا ئاستی ئەو ترسە شاراوەیەی لای ئینسانی کورد هەیە بەرامبەر کوردبوونی خۆی، ترسێکە خاوەنی هێزیکی رۆشنبیریی وایە کە بتوانێت لەبری تۆڵە خۆی بکات بەهێزێك کە هەڵگری لێبوردن بێت. ئایا ئەم هێزە چەند دەستەڵاتی کوردی لێی بەرپرسیارەو چەندیش کۆمەڵگەی کوردی و رۆشنبیرەکانی بەرپرسیارن لەپیشاندانی؟

**چۆمان هەردی**: شوناسی کوردی شتێکی سەیرە. لەلایەکەوە ئەوپەڕی شانازی بەخۆیەوە دەکات و خۆی بە(بەچکە شێر) و قارەمان دەزانێت (کە دیوێکی ناسیۆنالیزمە)، کەچی لەلایەکی تریشەوە ئەوپەڕی هەست بەکەمیی دەکات لەبەردەم نەتەوەکانی تردا. ئەم خۆ بەکەمزانینە زۆرجار لەکاتی تێکەڵ بوونیدا بەکەلتوورەکانی تر زۆر ئاشکرا خۆی دەردەخات. بۆ نموونە پیاوی کورد کە ژنێکی غەیرە—کورد دێنێت زۆر رێزی لێدەگرێت و زۆر شتی لێ قبوولْ دەکات کە لەسنووری کەلتوورو مێژووی ئەودا رەوا نییە، کەچی هەمان کەس کە ژنێکی کورد دێنێت دەگەڕێتەوە باوەشی باوکسالاریی کوردی، دەبێتەوە بەئاغاکەی جاران و دەبێت خزمەت بکرێت. ئەو زۆرجار شانازیی بەهاوڕێ ناکوردەکانییەوە دەکات و حەزدەکات هەموو کەس لەگەڵ ئەواندا ببیینێ و کە دەبینرێت زۆر لاواز دێتە بەرچاو. لەکاتی دانوستاندنە سیاسیەکاندا ئەوپەڕی بچووك دەبێتەوەو وامانلێدەکات بەزەییمان پێیدا بێتەوە یا تووڕە بین لێی. ئەم بچووك بوونەوەیە لەبڕوا بەخۆ نەبوونی ئەوەوە سەرچاوە دەگرێت، لەبێدەسەڵاتکرانی سەدان ساڵەی ئەوەوە دێت، لەوەوە دێت کە نەیتوانیوە حوکمی خۆی بکات، هەمیشە کوشتاری یەکی کردووە، عەشایەرگەریی و حیزبایەتی هەمیشە لەسەرو نەتەوە بوونەوە بووە، زمانێکی یەکگرتووی نییە، میراتێکی کەلتووری و سیاسی ئەوتۆی بۆ نەماوەتەوە، بەڵام هەر ئەم کێشانەش زۆرجار دەبێتە مایەی ترس و تووڕەیی. ئەو تووڕەیە لەو ناڕەواییانەی بەرامبەری کراوە، لەو هەموو رێکەوتە مێژووییەی هەمیشە لەدژی ئەو بوون، لەو جوگرافیا ناهەموارەی لەنێوان عەرەب و فارس و تورکدا تەوقی کردووەو لەو سەرچاوە سروشتییانەی هەمیشە بوونەتە مایەی میحنەت بۆی. کەواتە هەم کەموکورتییەکانی خۆی کە لەسەرتاسەری مێژوودا هەمیشە دابەشبووەو هەم زوڵمەکانی نەتەوەکانی دەوروبەر کە هەمیشە سەرکوتیان کردووە بۆتە مایەی دروستبوونی شوناسێکی بریندار تووڕەی خۆ بەکەمزان. لەلایەکی ترەوە ناسیۆنالیزمی کوردی (کە بەبڕوای مارتین ڤان بروونەسن زۆر درەنگ لەناو کورددا سەری هەڵدا) دەیەوێ ئەم تووڕەییەو ئەم هەست بەزوڵم کردنە وەك وزەیەك بەکاربێنێت

بۆ دروستكردنی دەوڵەتێك، بەڵام ناسیۆنالیزم و هەروەها هەست بەقوربانیی–كردن هەمیشە دوو چەمك بوون كە لەمێژوودا توندوتیژیان لێ كەوتۆتەوە. دروستكردنی تووڕەیی و رق ئامادەكردنی كەسەكانە بۆ جەنگ. دروستكردنی وێنەیەكی سادە لەسەر خود وەك قوربانیی و ئەوی تر وەك دوژمنێكی زاڵم ئامادەكردنی خەڵكە بۆ تۆڵە سەندنەوە. بیركردنەوە لەتۆڵەش پەیوەندی بەعەقڵیەتی عەشایەرییەوە هەیە. رووداوە سیاسییەكانی 1980اكان و چەكداركردنی خێڵەكان لەلایەن حكوومەتەوە تا شەڕ لەگەڵ شۆڕشی كوردیدا بكەن و هەروەها پابەستبوونی حیزبە كوردییەكانیش بەهەندێ دەستوورو عادەتی خێڵەكی و سوود وەرگرتنی حیزب لەخێڵ بوونە مایەی ئەوەی دەسەڵاتی خێڵەكی و عەقڵیەتی خێڵ لەناو كوردا بەزیندوویی بمێنێتەوە. تۆڵەسەندنەوە یەكێكە لەو رەفتارانەی لەناو خێڵدا جێی رێزەو زۆر جار وەك ئەركێكی ئەخلاقی تاكەكەسی ناو خێڵ سەیردەكرێت. تاكەكەس چاوەڕوانی لێ دەكرێت دوژمنەكەی نەبەخشێت، دڵی نەرم نەبێت لەئاستیدا، پەنا نەباتە بەر گفتوگۆو دانوستاندن، بەڵكو ئەو دەبێت بۆ كڕینەوەی ناوبانگ و سەنگینی خێڵەكەی، بۆ پارێزگاریكردن لەخێڵەكەی كوشتار بكات. تا ئەم تێڕوانینەش زاڵبێت، تا گەنجی كورد بەم قسانە گۆش بكرێت بەخشین و ئاشتبوونەوەو چارەسەری ئاشتیخوازانە زۆر ئەستەمە.

لەگەڵ ئەوەشدا لەبەرئەوەی شوناسی كوردی لەرزۆكی خۆ بەكەم زانە رەنگە زۆر هەڕەشە بكات، بەڵام لەڕووی پراكتیكییەوە ئەم هەڕەشانە نەیەنە دی. ئەگەر سەیری سەركردایەتی كوردی بكەین دەبینین كە زۆرجار پەیامی پێچەوانەمان لێیانەوە دەست دەكەوێت، لایەكیان هەڕەشە دەكات و لاكەی تر پاساو دێنێتەوەو داوای لێبوردن دەكات، لایەكیان وا پیشان دەدات ئامادەی شەڕە (گەرچی لەرووی پراكتیكیەوە ئەمە راست نییەو ئەو شەڕەی پێناكرێت) و لاكەی تر داوای ئاشتی دەكات و دەپاڕێتەوە. ئەمە بەهەمانشێوە لەنەتەوەكەشدا رەنگی داوەتەوە. بۆ نموونە لەكاتی هەڕەشەكانی ئەم دواییەی توركیاداو ئەگەری هێرشكردنە سەر كوردستان هەندێك گەنجی كورد ناویان دەنووسی بۆ شەڕ و هەندێكیشیان بەتەواوەتی بێخەمبوون و لایان گرنگ نەبوو چی روودەدات. هەرچەندە هەتا ئەوانەش كە خۆیان ناونووس دەكەن رەنگە لەساتی دەستپێكردنی جەنگدا بڕیاربدەن كە رابكەن وەك سەردەمی پاش راپەڕین. من لێرەدا نامەوێ بڵێم كە كورد حەقە شەڕ بكات یا نەیكات. ئەوەی لای من گرنگە ئەم ئیزدیواجیەتەیە كە لەكاراكتەرو كۆمەڵگای كوردیدا بەربڵاوە. رەنگە هەر ئەم ئیزدیواجیەتەش هەوێنێكی باش بێت بۆ كاركردن لەسەری. بۆ نموونە گوتاری سیاسی و رۆشنبیریی ئێمە دەتوانن سوود لەمە وەرگرن بۆ دروستكردنی شوناسێكی مەعریفی پتەو كە لەڕابوردووی خۆی تێگەیشتبێت، لەوە تێبگات كە سەردەمی بەكارهێنانی توندوتیژیی تێپەڕی و كاتی دانوستاندن و ئاشتی هاتووەو هەروەها هەڵگری لێبوردن بێت. نەك كاركردن لەسەر شوناسێكی ترسنۆكی خۆ بەكەم زان یا شوناسێكی ناسیۆنالیستی كە درۆ لەگەڵ خۆی دەكات و هەڕەشەی گەورە دەكات بێئەوەی بتوانێت بیهێنێتە دی، بەڵام پێش هەموو شتێك رەنگە پێویست بێت كار لەسەر پتەوكردنی ئینتیمای مرۆڤی كورد بكەین بۆ وڵاتەكەی، چونكە ئەم هەستە لەناو گەنجەكانی كورددا لاوازبووە. ئەمەش خەمساردیەكی كورت بینی دروستكردووە، كە وا دەكات بیانەوێ وڵات بەجێبێڵن، بۆیان گرنگ نییە ئەو وڵاتە چی بەسەردێت و پێیانوایە هیچ بەو سەرزەمینەوە نایانبەستێتەوە. سیاسەتی كوردی و رۆشبینری كورد دەبێت پێشتر كار لەسەر ئەم هەستە بكات ئینجا دەتوانێت كار لەسەر دروستكردنی شوناسێكی ئاشتیخواز بكات كە جارێكی تر بەشداری لەدرێژەدان بەبازنەی توندوتیژیدا ناكات.

.......................................................

چۆمان هەردی لەساڵی 1974 لەشاری سلێمانی هاتۆتە دنیاوەو هەر ئەوساش لەگەڵ خێزانەكەی ئاوارەی ئێران بووە. تا تەمەنی 18 ساڵی لەعێراق و ئێران ژیاوەو لە 1993وە لەبەریتانیا دەژی. هەر لەوێش بەكەلۆریۆس، ماستەرو دوكتۆرای لەفەلسەفەو دەروونناسیدا بەدەستهێناوە. جگە لەكاری ئەكادیمی شیعریش دەنووسێت و خاوەنی دوو كۆمەڵە شیعرە بەزمانی كوردی و دوا بەرهەمیشی بەزمانی ئنگلیزی لەبەریتانیا چاپ بووە. ئەوە دوو ساڵە خەریكی لێكۆڵینەوەیەكە لەسەر ئافرەتانی ئەنفال.

سەرچاوەكان


Chemical Weapons use in Kurdistan: Iraq's final offensive. A staff Report to the Committee on Foreign Relations, United States Senate, October 1988.

Kuper, L., (1981). Genocide, its political use in the twentieth century. Penguin Books

McDowall, D., (2005). A modern history of the Kurds. Third Edition. I. B. Tauris. London and New York

Physicians for Human Rights (1989). Winds of death: Iraq's use of poison gas against the Kurdish population. Report of a medical mission to Turkish Kurdistan. Physicians for Human Righ

## کاروان عومەر کاکەسوور



ئەنفال وەکو ئۆپەراسیۆنێکی سەربازیی، شتێك نییە ئیسلام دایهێنابێت و لەو سوورەتەوە دەستپێناکات، کە ناوی ئەنفالە وەکو زۆربەی هەرە زۆری نووسەرانی ئێمە لێیتێگەیشتوون.

نووسەرمان هەیە هەموو ئەدەبەکەی خۆی لەسەر ئەنفال و رووداوە زەقەکانی دیکەی مێژوو دامەزراندووە، کەچی کاتێك دەم دەکاتەوە، دەبینی ئەو هەر لەبنەڕەتەوە نەیزانیوە ئەنفال چییەو مێژوو چییە. تائێستاش ئەو نووسەرە وایزانیوە ئەدەبی ئەنفال ئەوەیە، کە وشەی ئەنفالی تێدا بەکارهاتووە، بۆیە کۆمەڵێك ناوت بۆ ریزدەکات و پێت دەڵێت ئەوانەن نووسەرانی ئەنفال.

کاروان عومەر کاکەسوور.

پرسیار: ئەگەر بهاتایە ئەنفال لەولاتێکی ئیسلامیدا روویندایەو هەروەها مانایەکی ئیسلامییشی پێنەدرایە، پێتانوابوو ئەنفال بتوانرایە نوقمی بێدەنگییەکی وابکرێت، هەم لەلایان ولاتانی دراوسێوە تا دەگاتە هەموو ولاتە ئیسلامییەکانی دنیا، ئەوسا ولاتانی ئەوروپاش؟

**کاروان عومەر کاکەسوور**: بەبڕوای من وەلامدانەوەی ئەو پرسیارە پێش لێکدانەوە و راڤەکردنی خودی پرسیارەکە، تووشی هەڵەیەکی مەعریفیی گەورەمان دەکات، بەڕادەیەك، هەرچی بلێین لەکۆمەڵێك گوتەی ئاسایی رۆژانەی ناو رۆژنامەکان، زیاتر شتێکی دیکە نابێت. ئەو گوتانەش ئەوە نزیکەی بیست ساڵە دەوترێن و دەوترێنەوە، چونکە لەو پرسیارەدا جۆرێك ئیمبیگویتی (التباس) هەیە. ئەمەش هەر لەسەرەتاوە دەمانخاتە بەردەم پرسیاری: کێ ئەنفال دەکات و کێ ئەنفال دەکرێت؟ بەمانایەکی دیکە ئەو سیستەمەی دەتوانێت ئەنفال چ وەکو پرۆسێسێکی سیاسی و چ وەکو ئۆپەڕاسیۆنێکی سەربازی بەڕێوەبەرێت، چ سیستەمێکە؟ لەولاشەوە ئەو رووبەرەی ئەنفال دەکرێت، لەچ ئاستێکی بەرگری و خۆپاراستن دایە؟ مارکس(لەکتێبی (هەژدەی برۆمێر پۆناپۆرتی سێیەم)دا بەپرسیارێکی لەم شێوەیە دەستپێدەکات: لەچ بارودۆخێك و لەچ کاتێکدا دیکتاتۆر دەخولقێت و بڕیار لەسەر هەموو شتێك دەدات؟ ئەنفال هەر بەو مانایەی، کە چ لەناو کولتووری عەرەبی و ئیسلامی و چ لەدەرەوەی خۆیدا پێیدراوە، هەر دەبوایە لەعێراق، یان هەر ولاتێکی دیکەی وەکو عێراقدا بکرێت، نەوەك لەشوێنێکی دیکە. ئەو بێدەنگییەش هەر خۆی شتێکی دانەبڕاوە لەپرۆسێسی ئەنفال، کە من دەمەوێت لەبەشێکی وەلامی ئێوەدا ئاماژەی پێبدەم. بەمانایەکی دیکە بێدەنگیی خۆی سەرچاوەی ئەنفال و هەموو کارەساتەکانی دیکەیە، نەوەك بەپێچەوانەوە. بێگومان بێدەنگییش مێژوویەکی دوورودرێژی هەیە. رۆژگارێك ئەو بێدەنگییە دەنگ بووە و لەئەنجامی ململانێوە ملکەچی دەنگەکانی دیکە کراوە. ئەگەر بگەڕێینەوە لای کتێبی (هەژدەی برۆمێر پۆناپۆرتی سێیەم)ی (مارکس)، دەبینین دیکتاتۆرەکان وەکو چۆن لەرێگای هێزە کۆنەخوازەکانی ناو کۆمەڵگاوە دەستەڵات دەگرنە دەست، بەهەمان شێوەیش لەلایەن دامودەزگاکانی ئەوانەوە پارێزگاری دەکرێن و پاساو بۆ هەموو تاوانەکانیان دەهێنرێتەوە. پیاوانی کەنیسە پشتگیریی تەواویان لە(ناپلیۆنی سێیەم) دەکرد وەکو چۆن زۆربەی پیاوانی ئایینی لەدنیای عەرەبی و ئیسلامی بەکوردستانیشەوە لایەنگری رژێمەکەی (سەددام حسێن) بوون. هەر کەنیسەش بوو لەسەردەمی ئیمپراتۆریەتی بێزەنتییدا دەیوت ئیمپراتۆر لەلایەن خواوە دیاریدەکرێت. بوونی بێدەنگی و نەبوونی ناڕەزایی بوو، (سەددام حسێن)ی وەکو هەر دیکتاتۆرێکی دیکە خولقاند و هێشتیەوە، ئەگەرچی گوتاری سیاسیی ئێمە تەنها پێ لەسەر لایەنی دەرەکی دادەگرێت، کە خۆی لەهەندێ زاراوەی حازربەدەستی وەکو ئیمپریالیزمی جیهانی و بەرژەوندیی ئیقلیمی و شتی لەو بابەتەدا دەبینێتەوە. (سەددام حسێن) بەهەمان میلۆدیی (لویسی چواردەهەم)، کە دەیوت: "من دەوڵەتم و دەوڵەتیش منم"، ئەو دەیوت: "ئەگەر سەددام حسێن گوتی، واتە عێراق گوتی". ئەمانە لەناو بێدەنگییەکی زۆر گەورەدا نەبێت، ناوترێن. لێرەوە ئاسانە ئەنفال و هەر تراژیدیایەکی دیکە سەرهەڵبدەن. من هەر لەسەرەتاشەوە دەڵێم ئەنفال وەکو ئۆپەراسیۆنێکی سەربازی، شتێك نییە ئیسلام دایهێنابێت و لەو سوورەتەوە دەستپێناکات، کە ناوی ئەنفالە وەکو زۆربەی هەرە زۆری نووسەرانی ئێمە لێی تێگەیشتوون. بەچاکی دەزانم هەڵوێستەیەکی جدییتر لەسەر مەسەلەی بێدەنگیی دنیای عەرەبی و دنیای رۆژئاوا و بگرە دنیای کوردییش بکەم لەئاستی ئەو ئەنفالەی کرایە سەر کوردستان. راستییەکەی تا ئێستا نووسینی کوردی تەنها لایەکی ئەو بێدەنگییەی بینیوە و لەکوردبوونی ئێمەیدا کورتکردۆتەوە، کە من پێم وایە ئەو دیسکۆرسە لەلایەك دەمارگیریی نەتەوەپەرستیی پێوە دیارە و لەلایەکی دیکەش سادەکردنەوەی ئەو مەسەلەیەیە، کە وەکو زۆر مەسەلەی

دیکە، ئێمە لەتوانامانددا نییـە لـەژێر دەسـتەڵاتی ئـەدەبی سـەرزارەکیی دەریبهێـنین و لەسـەر ئاسـتەکانی فیکـردا بیخوێنینـەوە. ناکرێـت نـەڵێین ئـەو گوتانـە بارگاویین بەو درووشم و هوتافانەی، کە رادیۆ شۆڕشگێڕەکان لەسەردەمی شاخ و لەڕۆژانی راپەڕیندا دەریاندەبڕین. بۆ نموونە (شێرزاد حەسـەن) بـەدەنگێکی تووڕە و پڕ لەحەماس دەڵێت: "لەو ڕۆژەوە عەرەبەکان بەسـەر پشـتی ئەسـپەوە، شـمشێر بەدەسـتەوە هـاتن و کوردسـتانیان داگیـر کـرد. دەقـاو دەق ئـەم شەرعیەتەیان لەسووڕەتی،،ئەنفال،، وەرگرتووە کە هانی موجاهیدەکان دەدات روو لەوڵاتانی بکەن و بەزەبری شمشێر کافرەکانی وەکو ئێمە بکەن بەئیسـلام بەناوی،،غەزەوات و فتوحات،،ەوە". من پێم وایە نووسینی ئێمە کاتێك بیەوێت لەبارەی ئەنفالەوە شتێکی نوێ و جیاواز بڵێت، ئەوا پێویستە رێك لەپشت ئەو پەرەگرافەی (شێرزاد حەسەن)ەوە دەستپێبکات، چونکە ئەو نووسەرەمان هەتا بڵێی دەستپاکانە و دەقاودەق، بەزمانێکی میللیی، دەنگی زۆرینـەی خـەڵکی بۆ ناو نووسین گوێزاوەتەوە، کە سەرچاوەکەی مێژوویەکی سەرزارەکیی ئەفسانەئامێزە. دیسان دەڵێم بەبڕوای مـن بێدەنگییەکـە تـەنها بـۆ کوردبـوونی ئێمـە ناگەڕێتەوە، بەڵکو زۆر فاکتەری دیکەی گرینگتر هەن ئەو بێدەنگییە قـووڵتر دەکەنـەوە. ئـەنفال ئەگـەر لـەناودا لەگـەڵ هـەر شـێوازێکی دیکـەی پـەلاماردان و داگیرکردن جیاواز بێت، ئەوا لەناوەڕۆکدا هێرشێکی ئایدۆلۆژی – سەربازییە و ئەنجامدراوە. ئایدۆلۆژیای حزبـی کـوردی توانیویـەتی زۆر بەئاسـانی نووسـەری ئێمە بەبریقوباقی ئەو ناوە فریو بدات، بەوەی بەمەبەستی کارئاسانی، هەموو ماناکانی ئەنفالی لەناوەکەیدا کۆکردۆتەوە. هەتا ئێستاش سەرچاوەی نووسین و گوتەی نووسەری ئێمە لەبارەی ئەنفالەوە، میدیای حزبییە، با ئەو نووسەرە لەمیانەی قسەکانیشیدا هەزار و یەك گلەیی لەو حزبانە بکات.

سەرەتا دەبێت بزانین، کە زۆربەی داگیرکردن و پەلاماردانەکان بەدرێژاییی مێژوو بەکۆمـەڵێك پرینسـیپی پیرۆزییـەوە رەنگڕێـژ کـراون. لێـرەدا مەبەسـتمان لەپیرۆزیی، تەنها ئەو گوتارانە نین، کە لەئایینەکانەوە بەرهەم هاتوون، بـەڵکو مەبەسـتمان هـەموو ئـەو پرینسیپانەشـن، کـە وەکـو جۆرێـك لـەرەهایی سـەیر کراون. بۆ نموونە (هۆلاکۆ) لەژێر ناوی هیچ ئایینێکەوە پەلاماری دنیای ئیسلامیی نەدا، کەچی خۆشی وەکو رزگارکەر پیشان دەدا، بەوەی دەیتوانی لەرێگای ئەو پەلاماردانانەیەوە خۆراکی گەلێکی برسی و رەشوڕووتی وەکو تەتەر مسۆگەر بکات. ئەوەندەی خەڵك کوشت، کە نەیتوانی لەبەر بۆنی لاشـەی کـوژراوان و ئەو تاعوونەی بەهۆی ئەو لاشـانەوە بڵاوبـووەوە، لەبەغـداد بمێنێتـەوە. (نـاپلیۆن) میسـری داگیـر کـرد، گوایـە دەیـەوێت پرینسـیپەکانی شۆڕشـی فەرەنسـی بگەیەنێتە جیهانی ئیسلامی و لەتاریکیی رزگاریـان بکـات. هـەموو داگیرکردنـەکانی دیکـەی وڵاتـانی رۆژئـاوا هـەر لەهێرشـی خاچپەرسـتەکانەوە، کـە ئـاییینی مەسیحییان دەخستە سەرووی هەموو ئایینەکانی دیکەوە و گوایە دەیانویست لەرێگای ئەو هێرشانەیانەوە گۆڕی مەسیح بپارێزن، تا پـەلامارەکانی پورتوگـال و ئیسپانیا و ئینگلیـز و فەرەنسـا و ئیتاڵیـا دواتـر تـا دەگاتـە داگیرکردنـی عێـراق لەلایـەن ئەمـەریکاوە، هـەموویان لـەژێر نـاوی پـیرۆزی و گەیانـدنی پـەیامی شارستانیەتی دنیای مەسیحی بوون بۆ تاریکستانی رۆژهەڵات. تا ئێستا (جۆرج دەبلیو بۆش) زیاتر لەجارێك وتوویەتی، کە ئـەوەی کـردی رەزامەنـدیی خـوای لەسەر بوو. بەلامانەوە سەیر نییە، کاتێك دەبینین زۆربەی هەرە زۆری کەنیسـە گـەورەکانی ویلایەتـە یـەکگرتووەکانی ئـەمریکا پشـتگیریی (بـۆش) دەکـەن و پاساو بۆ کردەوەکانی دەهێننەوە. کتێبی (ئۆرینتالیزم)ی (ئێدوارد سەعید) وەکو پڕۆژەیەکی رەخنەیی هـەموو بێدەنگییـەکانی رۆشـنبیری رۆژئـاوایی لـەوەدا دەبێنێتـەوە، کـە ئـەوان ویسـتوویانە لـەرێگای ئـەو زانسـتەیانەوە سـەرجەمی کۆمـەڵگای رۆژهـەڵاتی وەکـو نەخۆشـێك سـەیر بکـەن، کـە دەرمانەکـەی لەدەرمانخانەکانی رۆژئاوا دەستدەکەوێت. هەر لەو کتێبەدا (ئێدوارد سەعید) رەخنە لە(مارکس) دەگرێت، کە نەك هـەر بەرانبـەر بـەو داگیرکردنانـە بێدەنگـە، بەڵکو پێشی وایە رێگایەکە بۆ لەناوبردنی سیستەمی کۆنی پێش سەرمایەداری. (ئێدوارد سەعید) هەر خـۆی وەکـو یـەکێك لـەرووناکبیرە گـەورەکانی عـەرەب بەرانبەر جینۆسایدی کورد بێدەنگ دەبێت، بگرە هەر لەبنەڕەتەوە نکوڵی لەوە دەکـات، کـە رژێمەکـەی (سـەددام حسـێن) چـەکی کیمـاویی بـەکارهێنابێت، چونکە لای ئەو گرینگ ئەوەیە سەنتەری عەرەبی لەبەرانبەر دنیای رۆژئاوا بەهێز بێت. لەگەڵ ئەوەشدا ئەو کتێبە بەو هەڵوێستەی نووسەرەکەی لەنرخی خۆی ناکەوێت، بەڵام ئەوەشمان زیاتر بۆ دەردەکەوێت، کە (ئێدوارد سەعید) مەبەستی لەرۆژهەڵات، تەنها لەعەرەبە. بەمانایەکی دیکە رقی ئەو بەرانبـەر بـەگوتاری ئیمپریالیزم لەوەوە سەرچاوە دەگرێت، کە دەستەڵاتی عەرەبی لەسـەر نەتـەوە و ئیتنیکـەکانی ژێـر دەسـتی کـز کـردووە. دەتـوانم بڵـێم بێـدەنگیی (ئێـدوارد سەعید)یش وەکو زۆرینەی رۆشنبیری عەرەبی لەئاسـتی ئـەنفال و هـەموو تاوانـەکانی دیکـەی رژێمەکـەی (سـەددام حسـێن)دا بەشـێکی زۆری پێوەنـدیی بـەو تێکشکان و روخانانەی خۆیانەوە هەیە بەرانبەر بەئیسرائیل و رۆژئاوا. بەڵام ئایا ئێمـە مەبەسـتمان لەبەدەنگـەوەهاتن چـییە و دەمانـەوێ کـێ بەدەنگمانـەوە بێت؟ ئایا رۆشنبیری عەرەبی لەئاسـتی مێـژووی خۆیـدا بـەدەنگ هـاتووە؟ مێـژووی عـەرەب خـۆی پڕاوپـڕە لـەو ئەنفالانـەی کراونەتـە سـەر خـەڵکی خۆیـان. بزووتنەوەی هەڵگەڕاوەکان نموونەیەکی زیندوو و بەرچاوە، کە لەگەڵ مردنی پەیامبەری ئیسلامدا دەستی پێکرد. ئەوانـە بەشـێکیان لەئیسـلام هەڵگەڕانـەوە، بەڵام بەشەکەی دیکەیان تەنها لەرووی باوەڕەوە هەندێك لەگەڵ یەکەمین خەلیفەی موسڵمانان جیاواز بوون. مێژوونووسە کلاسیکییەکانی ئیسلام ئـەوەی لـەو کوشتن و بڕینانەی ئەو شەڕانە دەیگێڕنەوە، هیچی لەئەنفالی کوردستان کەمتر نییە. وەکو (فەرەج فۆدە) لەکتێبی (ڕاستیی ونبوو)دا دەڵێ هۆکاری کوشـتن و لەناوبردنی ئەوانە، ئایینیی نەبوو، بەڵکو ئابووریی بوو، چونکە ئەوانە لەئیسلام هەڵنەگەڕابوونەوە، بەڵکو ئامادە نەبوون زەکات بدەن. لەشـەڕەکانی نـاوخۆی ئیسلامدا، کە لەگەڵ تیرۆرکردنی خەلیفـەی سـێیەمەوە بـەرپابوو، سـەدان هـەزار موسـڵمان بوونـە قوربـانی. ئـەوەی سـەرکردایەتیی ئـەو شەڕانەشـی دەکـرد: (عائیشە)ی دایکی موسڵمانان و (عەلیی کوڕی ئەبی تاڵیب) و (مەعاویە)ی کاتب وەحیی پەیامبەر و (تەلحە) و (زوبێر)ی گەورەئەسـحابە بـوون، بۆیـە هەنـدێك لەمێژوونووسان ناو لەو شەڕانە، بەتایبەتی شەڕی جەمەل، دەنێن شەڕی مژدەپێدراوەکان (المبشرون). " إذا التقـى المسـلمان بسـيفيهما فالقاتـل والمقتـول في النار ". لەو شەڕانەدا ئەسحابەکانی پەیامبەر نەك هەر بەشمشێر خوێنی یەکتریان دەڕشت، بەڵکو جەسـتەی یەکتریشـیان دەشـێواند. وەکـو لەگـەڵ سـێیەمین خەلیفەی ئیسلامدا کردیان. (محەمەدی کوڕی ئەبوبەکر سەدیق)یشیان لەچەرمی کەر پێچا و سـووتاندیان. لەقورئانیشـدا هـاتووە، کـە تـەنها خـوا بـۆی هەیـە گیانەکان بسووتێنێت، نەوەك بەندەکانی. هەر لەو شەڕانەدا مەککە، شوێنی هەرە پیرۆزی عەرەب و ئیسلامیان، دایە بەر مەنجەنیق. (حسێنی کوڕی عـەلی) و حـەفتا و دوو کـەس لەبنەماڵـەی پـەیامبـەر، کـە زۆربـەیان ژن و منـداڵ بـوون، لەلایـەن خـودی موسـڵمانانەوە کـوژران. دووەمـین خەلیفـەی ئومـەوی ئـاوی

لەکەللەسەری کچەزای پەیامبەر خواردەوە و ژنەکانی کردە کەنیزە. لەم چەند ساڵەی دواییدا دەیان کتێب و سەدان گوتار لەبارەی (مەعاویە) و (یەزید)ی کوڕیەوە نووسراون و باس لەدەسکەوتە مەزنەکانیان دەکەن. (جۆرج تەرابیشی) لەگفتوگۆیەکیدا وتی: "کاتێك کێشەی سیاسی دێتە ئاراوە، سیاسەت دەخرێتە پێش ئایین". وەك دەبینین هەر لەسەرەتای مێژووی ئیسلامەوە، تێکست بەمانا سیاسییەکەی راڤە کراوە و لایەنە میلیتاریستییەکەی پێش لایەنەکانی دیکەی خراوە.

هەر ئەو مێژووە پڕە لەسەرکوتکردنی ئەو رەوتە عەقائیدیانەی، کە لەناو هەمان شوناسی ئیسلامدا دەیانەوێ بەشێوەیەکی جیاواز لەخوێندنەوەی رەسمیی دەوڵەت، تێکست راڤە بکەن. لەوانە موعتەزیلە، قەدەریەکان، مەرجەئیەکان، شوارتەکان و زۆری دیکەش. بەکورتی مێژووی سیاسیی عەرەبیی ئیسلامی مێژوویەکی خوێناوییە، ئەگەر زانیمان تەنها لەسەردەمی چوار خەلیفەی راشدییدا سەدان هەزار موسڵمان خوێنی یەکتریان رشتووە. ئەگەر زانیمان سێ خەلیفەی راشیدی و سێ خەلیفەی ئومەوی تیرۆر کراون. ئەگەر زانیمان خەلیفەیەکی عەباسی لەلایەن براکەی و یەکێکیان لەلایەن کوڕەکەیەوە تیرۆر کراوە. حەوتی دیکەیان تیرۆر کراون و پێنجیان لابراون. یەکێکیان (هۆلاکۆ) سەریبڕی. ئەگەر مێژوونووسە کلاسیکییەکانی ئیسلام ئەو رووداوانەیان گێڕاوەتەوە و زۆر جار رەخنەشیان گرتووە، تەنانەت لای (ئیبن خەلدوون) کار دەگاتە ئەوەی بڵێت عەرەب ئۆمەتێکی دڕندەیە، بچێتە سەر هەر وڵاتێك وێران و تالانی دەکات. دیارە لەئەنجامی خوێندنەوەی ئەو مێژووەوە بەو قەناعەتە گەیشتووە.. بەڵام ئەمڕۆ رۆشنبیری عەرەب نەك هەر رەخنەیان لێناگرێت، بەڵکو پاساویشیان بۆ دەهێنێتەوە. دیارە ئەمانە کۆمەڵێك هۆکاریان هەن، کە زۆر کەم بۆ کوردبوونی ئێمە دەگەڕێنەوە. رەنگە کتێبی (رۆشنبیرانی عەرەب و کەلەپوور)ی (جۆرج تەرابیشی) لێرە لەوەدا یارمەتیمان بدات، کە تێبگەین بۆچی رۆشنبیری عەرەبی لەئاستی رابردووی خۆیاندا ئەوەندە میهرەبانن. بەباوەڕی (تەرابیشی) عەرەب تووشی گرێی خەسان (Castration complex) بوون. دیارە ئەو گرێیەش وەکو (فرۆید) راڤەی دەکات، لەترسی باوك دێتە کایەوە و پێوەندیی بەئارەزووە سێکسییەکانەوە هەیە. کوڕ لەوە دەترسێت ئەگەر دەست بەسەر دایکی دابگرێت، باوکی شەبزووزەکەی ببڕێت. (تەرابیشی) پێی وایە ئێستا کەلەپوور لای عەرەب جێگای (باوك)ی گرتۆتەوە. لەسەرجەمی کتێبەکەشدا ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت، کە عەرەب وەکو (ئۆدیپ) باوکی ناکوژێت تا دواجار بیپەرستێت، بەڵکو تەنها دەیپەرستێت. ئەو کتێبەی (تەرابیشی) ناڕەزایی زۆری لای رۆشنبیرە عەرەبە نەتەوەپەرستەکان هێنایە کایەوە. دۆڕانی عەرەب و ئیسلام لەشەڕی ئایدۆلۆژی و شارستانی و سەربازی و کۆمەڵێ بواری دیکەوە لەبەرانبەر دوژمنەکانیان هەر لەپەلاماری هۆلاکۆ (1258) و دەرکردنیان لەئیسپانیاوە (1492) تا دەگاتە لەبارچوونی پڕۆژەی نەتەوەیی (جەمال عەبدولناسر 1967) و روخانی رژێمەکەی (سەددام حسێن 2003)، کە هیوای زۆربەی دنیای عەرەبی و ئیسلامیی لەخۆیدا کۆکردبووەوە، رۆڵێکی گەورەی بینی، کە عەرەب و ئیسلام تووشی ئەو حاڵەتە نێرڤووسییە ببن و وابزانن بەگەڕانەوەیان بۆ رۆژە شکۆکانی ئەندەلووس، بەختیاری و شکۆمەندیی خۆیان بەدەستدێننەوە. لێرەشدا تەنها رووی دەرەوەی ئەو هێزە دەبینن، نەوەك وردەکارییەکانی ئەو هێزە، کە لەسەر حیسابی توانەوەی چەند شوناسی جیاواز دروست بووبوو. هەر لەو رۆژگارە پڕ لەشکۆیەدا بوو، کە فەیلەسووفێکی وەکو (ئیبن ئەلروشد) چەوسایەوە و کتێبەکانی گڕیان تێبەردرا. (ناسر حامد ئەبوزێد) پێی وایە لەدوای شەڕی (1967)ەوە چیتر تازەگەری نەکرایە سەرچاوە بۆ راڤەکردنی کەلەپوور، بەڵکو بەپێچەوانەوە کەلەپوور کرایە سەرچاوە بۆ راڤەکردنی تازەگەری. بەمەش پڕۆژەی تازەگەری لای عەرەب هەر تەواو لەبارچوو.

خەمی گەورەی ئەو رۆشنبیرە ئەوەیە چۆن سیاسی و ژەنەڕاڵەکانی عەرەب هەیکەلێکی زەبەلاحی رەسەنی عەرەبی پێکبهێنن و هەموو خەون و زیندەخەونی ئەو رۆشنبیرە بێنێتە دی. (عەلی حەرب) لەکتێبی (کاتەکانی تازەگەریی سەرکەوتوو)دا ئەوەی ئاشکرا کرد، کە چۆن بەروخانی رژێمی (سەددام حسێن)، تەلاری پرۆژەی نەتەوەیی عەرەب لای ئەو رۆشنبیرە رما. (عەلی حەرب) رەخنە لەو رۆشنبیرە دەگرێت، کە چۆن گوێی بەو هەموو تاوان و کارەسات و بەزینانەی رژێمی بەعسی نەداوە و هیواکانی خۆی لەسەر بنیات ناوە.

ئەمڕۆ رۆشنبیری عەرەبی بەقەدەر سەرکردەی حزبە شۆڤێنیست و ژەنەڕاڵ و ئەمیری رەوتە سەلەفییەکانی ئیسلام لەو ئیتنیك و کەمایەتییانەی ناو سەنتەری ئیسلام تووڕەیە، کە بەدەربڕینی ناڕەزاییان تەگەرە دەخەنە بەردەم یەکێتیی عەرەبیی ئیسلامی. ئەو رۆشنبیرە لەئەنجامی ململانێی لەگەڵ شوناسە بچووکەکانی ناو سەنتەری عەرەبیی ئیسلامییدا، تووشی سەرلێشوانێکی وەها بووە، کە بەپێچەوانەی هەموو ئەو سیومبولانەی خۆشی مێژوو دەخوێنێتەوە. ئەو سیومبیولانەی هەتا چەند ساڵێك لەمەوبەر وەکو تەوتەم لێی دەڕوانین. بۆ نموونە لەم چەند ساڵەی دواییدا لەئەنجامی ململانێی سوننە و شیعەدا، ئەو رۆشنبیرە بەشکۆی دەوڵەتی عوسمانییدا هەڵدەڵێت، کە سەردەمێك بۆ رزگاربوون لەدەستی دەریایەك خوێنی رشتووە. دەوڵەتی عوسمانی، کە جاران لەکتێبی خوێندنی قوتابخانەدا وەکو گەورەترین دوژمنی عەرەب سەیر دەکرا، ئەمڕۆ ئەو رۆشنبیرە وەکو درێژەپێدەری خەلافەتی راشدی و ئومەوی و عەباسی پێمان دەناسێنێت، چونکە لەدژی کافرەکانی رۆژئاوا و گومڕاکانی سەفەوی جەنگاوە. ئەو رۆشنبیرە دووفاقییە لەیەك کاتدا (عەبدولڕەحمان ئەلکەواکبی)ی ریفۆرمخواز و بیریار لەپاڵ (سوڵتان)ی دژ بەریفۆرم و داگیرکەر بەمەرجەعی خۆی دەزانێت. لەیەك کاتدا شین بۆ (حسێن) دەکات و بەباڵای (یەزید)یشدا هەڵدەڵێ. (حەسەن حەنەفی)، کە بەباشووری کوردستان دەڵێ (شمال العراق) و هەندێك بەفەیلەسووف عەرەبی دەزانن، خەمی گەورەی بۆتە ئەوەی چۆن کارێکی وا بکات دیکتاتۆرەکانی دنیای ئەمڕۆی ئیسلامی یەکبگرن و بەزمانێکی سادە و رەوان تەگبیریان بۆ دەکات، کە بەسەر کێشەکانی نێوانیاندا زاڵ بن و لەدژی ئیسرائیل و رۆژئاوا بەرەیەك پێکبهێنن. سەردەمی روخانی رژێمەکەی (سەددام حسێن) رێگای بۆ تورکیا و عێراق و ئێران و سوریا دادەنا، کە مەسەلەی لیوای ئەسکەندەرۆن و ئاوی دیجلە و فورات و مەسەلەی (کوردەکانی سەر سنوور! !) لەنێوان خۆیاندا ببڕێننەوە. ئەو کابرایە ماوەیەك لەمەوبەر وتی لەنێوان ناوەکانی خودادا دژایەتی هەیە. دەیوت چۆن دەبێت خودا لەلایەك میهرەبان و لەلایەکی دیکە دڵڕەق بێت. داوای دەکرد ناوەکانی خودا لەقورئان بگۆڕن، بەڵام ناتوانێت باوەڕ بهێنێت، ئەو نەخشەیە پێویستی بەگۆڕانە، کە نەتەوەیەکی گەورەی وەکو کوردی تیا کراوەتە دەرێ.

خوێندنەوەی ئەنفال وەکو ڕووداوێکی مێژوویی، ناچارمان دەکات مێژووی ئەو ڕووبەرە بەوردی بخوێنینەوە، کە ئەنفالی وەکو پرۆسێسێکی ئایدۆلۆژی و سەربازی و کولتووری لێوە هاتووە. ئەو مەسەلەیە بەو ئاسانیە نییە، کە زۆربەی نووسەری ئێمە لێی تێگەیشتوون. ئەوە نییە وەکو (شێرزاد حەسەن)ی چیرۆکنووس هێناویەتیە بەرچاوی، گوایە عەرەبی شمشێربەدەست بەسواری پشتی ئەسپەوە هاتوون و ئێمەی کافریان کردۆتە موسڵمان.

هەموو پیرۆزییەك بەناچاری هەڵگری جۆرێك گوتاری توندوتیژییە، چونکە ئەو پیرۆزییە ڕاستەوخۆ خۆی لەبەرانبەر دژەکەیدا دەبینێتەوە، کە پیسییە، یان بەمانا میتۆلۆژییەکەی گڵاوییە. لێرەدا دەروازەیەکی دی لەبەرانبەر دوو دنیای جیاوازدا دەردەکەوێت، دنیای نادیار، کە سەرچاوەی (پیرۆزی)یە و دنیای دیار، کە (گڵاوی)ی تێدا دەژی. بەڵام جیاوازیی ئەو دووانە لەبوونی کۆمەڵێك سیومبولی وەکو جەستە و زمان و هەڵسوکەوت دایە. (پیرۆزی) لەڕێگای سیومبیولەکانی خۆیەوە کۆنتاکت لەگەڵ دنیای نادیاردا دەکات، بۆیە (پیرۆزی) لەلایەك خەرمانەیەك بەدەوری خۆیدا پێکدەهێنێت و لەلایەکی دیکەش هێرشی (پیرۆزی) بۆ سەر (گڵاوی) هەمیشە ڕەوایە. ئەو ڕەوایەتییەش بەئاسانی (پیرۆزی) دەکاتە خاوەنی هێزێکی کۆمەڵایەتیی گەورە و سەرمایەیەکی سیمبیولیی بەرفراوان. لێرەدا جەستە لەهەردوو لایەنەکەدا گرینگترین ڕۆڵ دەگێڕێت، بۆیە هەر ئەویشە دەبێتە قوربانی. (پیرۆزی) هەر خۆی لەسەر بنەمای (قوربانی) دامەزراوە و (قوربانی) جۆرێکە لەریتواڵی ئاینی. ئاژەڵ بۆ جەژنەکان و مرۆڤ بۆ جەنگەکان. لەهەردووکیشیاندا خوێن پرۆسێسی ئەو قوربانییە پێکدەهێنێت، چونکە وەکو (فرۆید) دەڵێت خوێن بۆ خواوەند تەرخانە. لەبیرمانە خواوەند قوربانییەکەی (هابیل)ی شوانی قەبوڵکرد، چونکە ئاژەڵ بوو، نەوەك دەنکە جۆیەکەی (قابیل)ی جوتیار. ئەو لۆژیکە ئەنفال و هەموو شەڕە پیرۆزەکانی دیکە بەڕێوە دەبات. لەشەڕی پیرۆزدا بیانوو پێویست نییە، ئەوەی پێویستە، تەنها پڕوپاگەندەیە، چونکە ئەو هێرشە بۆ سەر خەڵکێکە، کە نەزانن و لەوە تێناگەن، کە لەپشت ئەو قەڵاچۆکردنە و لەوبەری ئەو ڕوباری خوێنەوە، مژدەیەکی گەورەی ژیانێکی پاشەڕۆژ هەیە. ئەنفال ئەو شەڕە بوو، کە تێیدا بەرەی (پیرۆزی) و (حەڵاڵ) بەسەر بەرەی (گڵاوی) و (حەرام)دا سەرکەوت. ئەگەر بەزاراوەکانی جەنگ بینووسینەوە، دەبێت بڵێین موسڵمانەکان بەسەر کافرەکاندا سەرکەوتن. هێزی خێر بەسەر هێزی شەڕدا سەرکەوت. بەڵام بواری شەڕی پیرۆز تەنها بەسەرکەوتنی سەربازی کۆتایی نایەت، بەڵکو کۆمەڵێك ئەرکی دیکەی هەیە، کە دەبێت جێبەجێیان بکات، ئەویش لەڕێگای پەیامەکەیەوە هەموو ئەو گیانە (گڵاو)انە پاکدەکاتەوە، کە لەشەڕی پیرۆزدا ڕزگاریان بووە. ئەمەیان خۆی لەشەڕی کولتورییدا دەبینێتەوە. ناکرێت لێرەدا باز بەسەر مەسەلەیەکی دیکەی گرینگدا بدەین، ئەویش ئەوەیە، کە شەڕی (پیرۆز) لەشوێنی (پیرۆز)ەوە بۆ شوێنی (گڵاو) ئاڕاستە دەکرێت. واتە لەشارە (پیرۆز)ەکانەوە بۆ شارە (گڵاو)ەکان. ئەگەر سەرنج بدەینە مێژووی شەڕە ناوخۆییەکانی ئیسلام، دەبینین لەپاڵ شوێنە (پیرۆز)ە سەنتەر و هاوبەشەکانی وەکو مەککە و مەدینەدا، کۆمەڵێ شاری لۆکاڵیی دیکەی (پیرۆز)یش هاتنە کایەوە وەکو کوفەی (ئیمامی عەلی)، دیمەشقی ئومەوییەکان، بەغدادی عەباسییەکان. ئەگەر کوفە و دیمەشق لەلایەن هێزی پیرۆزییەوە پیرۆز کران، ئەوە شارێکی وەکو بەغداد هەر خۆی لەسەر بناغەی پیرۆزی دامەزرا. لەگەڵ ئەوەشدا شارەزوور و خوراسان دوو شوێنی زۆر گرینگی شۆڕشی عەباسییەکان بوون، بەڵام نەیانتوانی (پیرۆزی) بەدەستبهێنن، چونکە وەکو لەلایەن کەسانی (پیرۆز)ەوە دانەمەزرابوون، کەسانی پیرۆزی عەرەبییش نەیانکردنە پایتەختی دەسەڵاتی پیرۆزی خۆیان. ئەو شارە پیرۆزانەش (پیرۆزی)ی خۆیان لەڕێگای قوربانییەکانەوە بەدەستهێناوە. خوێنی (حسێنی کوڕی عەلی) (کەربەلا)ی پیرۆز کرد، کە وەك لەناوەکەیدا دیارە پێشتر بەشارێکی بەدفەڕ ناسرابوو. (پێتەر فارب) لەکتێبی (نەوەکانی ئادەم)دا دەڵێت: "شاری مردووەکان پێش شاری زیندووەکان دامەزراون".

جیاوازیی نێوان ئەنفالی شمشێر و ئەنفالی کیمیاوی تەنها لەزەمەن و لەجۆری تەکنەلۆژیای جەنگدا نییە، بەڵکو جیاوازییشە لەنێوان گەیاندنی پەیام و سزای هەڵگەڕانەوەدا. لەیەکەمیاندا کورد بۆیە ئەنفال کرا، چونکە تەنها لەڕێگای توندوتیژیی (پیرۆز)ەوە دەکرا لەپەیامی ڕاستی و یەکسانی تێبگات و لەجەهالەت ڕزگاری ببێت، بەڵام لەدووەمیاندا، واتە لەئەنفالی کیمیاوییدا، کورد لەگەڵ ئەوەشدا ڕاستییەکانی پێگەیشتبوو و بەنووری عەرەب دنیای بۆ ڕۆشن کرابوو، کەچی لەسەنتەری ئیسلام هەڵگەڕابووەوە. ئەگەر بەمێژووی سیاسیی ئیسلامدا بچینەوە، دەبینین جیاوازی زۆرە لەنێوان کافر و هەڵگەڕاوەدا، بۆیە ئەنفالی کیماوی سزادانی کورد بوو، نەوەك پێگەیاندنی پەیامی ڕاستی. هەمان شت لەجووەکان ڕوی دا. ئەوان لەمەککە دەرکران، چونکە وتیان پەیمانیان شکاندووە. دەرکردنی جووەکان و ئەنفالی کیمیاویی کوردستان لەوەشدا لەیەکتر دەچن، کە وتیان هەردوو لایان هاوکاریی دوژمنی ئیسلامیان کردبوو. گوتیان جووەکان دەستیان لەگەڵ بتپەرستەکان تێکەڵکردبوو و کوردەکانیش لەگەڵ ئێرانی شیعەدا. ڕاستییەکەی سزادان خۆی فەرمانێکی خواهانەیە و ئەو فەرمانە لەئەنجامی گوناهەکانەوە دەردەچێت. دەرکردنی ئادەم لەبەهەشت و تۆفانی نووح و تەفروتوناکردنی قەومی لووت و لەناوبردنی قەومی عاد لەمەملەکەتی پموود، کە حوشترە پیرۆزەکەی ساڵحیان کوشت، کۆمەڵێ نموونەن بۆ سزادانی گوناهباران. (گەلگامش) و (ئۆدیپ) و (سیزیف)یش هەر خۆیان سێ نموونەی دیکەن، کە لەئەنجامی یاخیبوونیان، ڕووبەڕووی سزای خواوەند بوونەتەوە. لاساییکردنەوەش وەکو (ڕێنیە جێرار) لەکتێبی (پیرۆز و توندوتیژی)دا ڕاڤەی دەکات بەشێکە لەمیکانیزمی توندوتیژیی پیرۆز. بەرای من لێرەدا لایەکی دیکەی بێدەنگیی جیهانی ئیسلامی ئاشکرا دەبێت. لەئەنفالی کیمیاوییدا بەشێك لەکورد پەیمانەکەیان نەشکاندبووو، بۆیە ئەوان لەپاڵ سوپای ئەنفالدا دەجەنگان، کە هەتا ئەمڕۆ لەئەدەبیاتی کوردییدا ناوی جاش و ناپاکیان لێدەنێن. پێم وایە دەبێت ئێمە جارێکی دیکە بەو دوو زاراوەیەدا بچینەوە، چونکە لەپاڵیاندا چەمکێك ون بووە، کە ئەویش چەمکی عەقیدەیە. ناپاك، یاخود خاین بەو کەسە دەوترێت، کە لەپێناو هەندێك دەستکەوتدا پشت لەماڵەکەی، کەسوکاری، خێڵەکەی یان نەتەوەکەی دەکات، بەڵام کاتێك عەقیدە خۆی دەسەپێنێت، ئەوانە نامێنن. ئەمیری ڕەوتێکی ئیسلامی لەباشووری کوردستان (شمال العراق)، کە پەیوەندیی بەبەعسەوە هەبووە، هۆکەی دەگەڕێتەوە بۆ ئەو عەقیدەیەی، کە خۆی بەبەشێك لەسەنتەری ئیسلام دەزانێت. ئەمە لێکدانەوەی خۆیەتی بۆ شەریعەت، کە دەڵێت: (أنصر أخاك ظالما أو مظلوما). ئەمە ڕەگوڕیشەی بۆ ئەو میرنیشینە کوردییانەش دەگەڕێتەوە، کە بەناوی خەلیفەی ئیسلامەوە حوکمیان دەکرد. زۆر جار زەمینە لەبار بووە بۆ جیابوونەوە، چونکە حکومەتی ناوەندی زۆر بەرەو کزی چووە و خەلیفەش هەر تەنها ناوی مابووە، بەڵام ئەوان پەیمانیان نەشکاندووە. لێرەشدا پابەندبوونی کورد

بەسەنتەری ئیسلامەوە کۆمەڵێك فاکتەری مێژوویی و کولتووری و جۆگرافیی هەیە. کورد بەپێچەوانەی نەتەوەکانی دیکەی وەکو عەرەب و فارس لەناو مێژوودا هیچ سەرکێشییەکی وا گەورە و بەرچاوی نەکردووە، بەڵکو تا توانیویەتی خۆی داوەتە دەست چارەنووس. لێرەدا ئەوەش دەڵێم، کە راستە کورد زۆر جار لەشۆڕش و هەڵگەڕانەوەکاندا بەشداریی کردووە، بەڵام هەموو ئەوانە لەژێر ئەدرەسی ئەوانی دیکەدا بوون. دەوڵەتەکەی (حەسنەویەی کوڕی حسێنی بەرزەکانی)ی لەناوەڕاستی سەدەی چوارەمی کۆچیی لێدەرچێت، کە خەلیفەی عەباسی وەکو دەوڵەتێکی سەربەخۆ دانی پێدانا، ئەگینا هەولّی دیکەی وا گرینگی نەبووە. بەهۆی نەبوونی فیکری سەربەخۆیی و ئەقڵی سیاسی و کولتووری لای کورد، زۆر بەئاسانی توانیویانە بیخەڵەتێنن. بۆ نموونە (ئەبو جەعفەری مەنسوور) بۆ ئەوەی کورد داوای پاداشتی ئەو هەموو یارمەتییانەی لێنەکەن، کە عەباسییەکانیان بەسەر ئومەوییەکاندا سەرخست، ژنێکی لێ خواستن. سەیر ئەوەیە، دوا خەلیفەی ئومەوییەکانیش (مەروان الحمار)، کە عەباسییەکان کوشتیان، دایکی کورد بوو. ئەو ژنەشیان هەر بۆ رازیکردنی کورد خواستبوو. بۆ نموونە ئەگەر سەیری عەرەب بکەین، دەبینین هەر لەسەردەمی (شەلمەنسەری سێییەم)ەوە توانیویانە مەملەکەتێکی سەربەخۆ لەرۆژئاوای وڵاتی ئاشوور دابمەزرێنن، کە ئەمە دەکرێت وەکو یەکەمین وەستانەوەی عەرەب سەیر بکرێت لەئاستی دەستەڵاتی مێژوودا. بەگشتی عەرەبەکان هەتا هاتنی ئایینی ئیسلام چەندین دەوڵەتی وەکو (سەبەو)، (حەزرەمۆت)، (غەساسینە)، (مەنازیرە)، (حەمیەری) و (مەعینی)یان دامەزراند. کورد وەکو هێزێکی میلیتاری و کولتوری رووبەڕووی ئەنفالی شمشێر نەبووەوە، بەڵکو جەستەیەکی پاسیڤ بوو لەناو سەنتەری فارسییدا. بەدۆڕانی ئیمپراتۆریەتی فارسی، کورد تەنها ناوی خاوەنەکەی گۆڕا. حیسابنەکردنی کورد وەکو دوژمنێك لەلایەن هێزی عەرەبیی ئیسلامییەوە، هەر خۆی سەرەتای بەلاوەنانی کوردە وەکو نەتەوەیەك. کورد هەر لەسەرەتاوە بەنهێنی و بێدەنگ بەمێژوودا تێپەڕیوە. جەنگاوەرێك بووە لەسوپای ئەم ئیمپراتۆر و ئەو ئیمپراتۆردا، بەبێ ئەوەی ناو و ناونیشانی هەبووبێت. لەدۆڕان و بردنەوەدا هەر بەشی قوربانیدان بووە. لێرەدا دیسان بەشێکی دیکەی بێدەنگیی ئەنفالمان بۆ ئاشکرا دەبێت. هەندێك بەلایانەوە سەیرە کاتێك رژێمەکەی (سەددام حسێن) وەکو بەشێك لەکولتووری ئیسلام سەیر دەکرێت. لێرەشدا دیسان نائاگایی، ئەگەر نەڵێم خۆگێلکردنی ئەو کەسانەمان بۆ دەردەکەوێت لەمێژووی سیاسیی ئیسلامدا. دیارە ئێمەش دەزانین، کە (سەددام حسێن) لە(عومەری کوڕی عەبدولعەزیز)ی ئومەوی و لە(مەئموون)ی عەباسی ناچێت، بەڵام وێنەیەکی زۆر نزیکی (مەعاویە) و (یەزید)و (حەجاج) و (ئەبو ئەلعەباس ئەلسەفاح) و (ئەبوو جەعفەری مەنسوور) و (ئەلمتەوەکیل)ە. ئەوەتا لەدنیای عەرەبیی ئیسلامییدا رۆژانە بەبەڵگەوە دەیسەلمێنن، کە ئەو رژێمە پارێزەری ماڵی ئیسلام بووە. ئێمە بەدرێژاییی مێژووی بەعس لەعێراق و باشووری کوردستاندا تەقینەوەیەکمان لەبیر نییە لەلایەن ئیسلامییەکانەوە ئەنجام درابێت، بەڵام لەو رۆژەوە ئەو رژێمە رووخاوە، عێراق و پارچەیەك لەباشووری کوردستان بەشی شێریان لەتەقینەوە و کوشتاری حیزب و گرووپە ئیسلامییەکانەوە بەردەکەوێت. هیچ کاتێك وەکو ئەمڕۆ کورد ئەوەندە لەناو گوتاری ئیسلامییدا دزێو و ناشیرین نەبووە. سایتێکی ئیسلامیی کوردزمان مژدەی ئەوەمان پێ رادەگەیەنێت، کە ئیسرائیل لەخواپەرستیی گەنجە میسرییەکان نیگەرانە، بەڵام ئایا بەڕێوەبەرانی ئەو سایتە لەخۆیان رادەبینن لای ئەو گەنجانە نەڵێن (سەددام حسێن) موجاهیدێکی گەورەیە؟ گوتەی هاوڕێیەکی لوبنانییم بیرناچێتەوە، کە جارێکیان پێی وتم: "ئیسلامییەکانی دەسەڵات و ئیسلامییە ئۆپۆزیسۆنەکان نەك هەر لەدنیای عەرەبی، بەڵکو لەسەرتاپای دنیای ئیسلامییدا، لەزۆر مەسەلەی تاکتیکی و ستراتیژی رێکن، بەڵام لەهەموو شتێك زیاتر لەسەر ئەوە رێکن، کە سەددام حسێن موجاهیدێکی پیرۆز و رژێمی بەهێزی بەعس گەورەترین دوژمنی کوفر و کافران بوو".

ئێمەش دەزانین جیاوازیی لەنێوان ئیسلام وەکو (فقه) و ئیسلام وەکو مێژوودا هەیە. یەکەمیان پێوەندیی بەعەقیدەوە هەیە، کە حوکم و بنەماکانی ئایینەکەن و دووەمیان پراکتیزەکردنی عەقیدەیە، کە مێژووی شەڕ و داگیرکارییەکانیش بەشێکە لەوەی دووەمیان. هەر لەسەرەتاشەوە لەلایەن ئیسلام خۆیەوە رەخنە لەو پراکتیزەکردنە گیراوە. بەمانایەکی دیکە جیاوازی لەنێوان (ئیسلام) وەکو بزووتنەوەیەکی رۆشنگەری و (ئیسلامیی) وەکو مێژووی شەڕ و فراوانبوونەکانی دەوڵەتی ئیسلامییدا هەیە، کە ئەمەی دووەمیان بەردەوام سیاسەت بزوێنەری بووە. کورد ئەو دوانەی تێکەڵی یەکتر کردووە، بۆیە هەموو شەڕ و کوشتارەکانیش هەر بەپیرۆز دەزانێت. ئەوە ئەگەر نەڵێم بەشێکی زۆری کورد بەرۆشنبیرەکانیشیەوە ئاگایان لەناکۆکی و جەنگەکانی ناو ئیسلام نییە. قورئان خۆی کوشتنی موسڵمانی بەدەستی موسڵمان حەرام کردووە. نەشیوتووە ئەسحابە بۆیان هەیە خوێنی یەکتر برێژن، بەڵام تا ئێستا تەواو روون نییە، بۆچی کورد هەموو ئەو کوشتنانەش بەپیرۆز دەزانێت، کە تا ئەمڕۆش لای بەشێکی عەرەبی موسڵمان بەداخ و ئەفسووسەوە ئاوڕیان لێدەدرێتەوە. بەعس، وەکو جێگرەوەی خەلیفەکانی عەباسی سەیر دەکرا. (بەغداد) لای بەعسی سوننی کۆمەڵێ ساینفێکشنی مێژوویی و ئایینی و کولتووری بەخۆوە گرتبوو. لەگەڵ هەموو تاوانەکانی رژێمەکەی (سەددام حسێن)دا، هێشتا ترسێکی سایکۆلۆژی لای کورد هەبوو لەگۆڕینیدا. مەسەلەی ئۆتۆنۆمی لەبەرنامەی پارتە کوردییەکاندا بەشێکی پێوەندیی بەو ترسەی جیابوونەوەیە هەبوو لەسەنتەری ئیسلامدا، کە بەدرێژاییی مێژوو و بەنهێنی لەنەستی کورددا کاریکردووە. (طاعة حاکم جائر خیر من فتنة داخل الامة). ئەمە بێدەنگییەکە، لەناو ئەو رووبەرەدا هەستی پێدەکرێت، کە ئەنفال کراوە و تا ئێستاش درێژەی هەیە. سەیر نییە، ئەگەر ئەمڕۆ دەبینین دوای ئەوەی ئاڵای کوردستان بەفەرمی لەهەموو هەرێمی کوردستاندا بەرزکراوەتەوە، کەچی لەو شوێنانەی گیانی ئیسلامیی سیاسییان تێدا بەهێزە، هەر ئاڵای عەرەبی پەسەند دەکەن، کە الله اکبری لەسەر نووسراوە. پیاوێکی کوردزمان زۆر راشکاوانە دەڵێت: (ئاڵایەك الله اکبری لەسەر نووسرابێت، نایگۆڕمەوە بەئاڵای مەجووسییان). یەکێك لەنووسەرە کوردزمانەکانی ئێمە زۆر بەئاگاییەوە رەخنەی توندوتیژ لەنووسەرێك دەگرێت، کە لەکتێبێکدا باسی لەوە کردووە ئەنفال هەندێك لایەنی خراپی بۆ کورد هەبووە. بەشێوەیەك باس لەپاکیی ئەو سەرلەشکرانەی ئەنفال دەکات، کە ئەگەر بکرێتە عەرەبی و خوێنەرە راستەقینەکانی (هادی ئەلعەلەوی)، یان هەر عەرەبێك، کە ئاگای لەمێژووی خۆی بێت، بیخوێننەوە، قاقا لێدەدەن. بەشێوەیەکی گشتی زمانی عەرەبی هەر خۆی وەکو گیانێکی پیرۆز سەیری کراوە، بۆیە هەرچی لەرێگای ئەو زمانەوە بەئێمە گەیشتبێت، سیمایەکی پیرۆزیی وەرگرتووە. فەرهەنگێکی (ئینگلیزی _ کوردی)یمان هەیە و لەبەرامبەر وشەی (Arabic)دا دوو مانا نووسراون، یەکەمیان "زمانی عەرەبی" و دووەمیان "زمانی

قورئانی پیرۆز". برۆ چ لەفەرهەنگەکانی عەرەبی و چ لەهی نەتەوەکانی دیکەدا بگەڕێ و بزانە مانای دووەمیانت بەرچاو دەکەوێت؟ بەهەموو وڵاتـانی عـەرەبی ئەوەندەی گەڕەکێکی شارەکەی من ناویان لەمنداڵی خۆیان نەناوە (عارەب). بڵاوکردنەوەی مـژدەی ئـەوەی، گوایـە سـەرکردە موسـوڵمانەکانی ئێمـە لەحـەج بەخزمەتی (ئیسماعیل هەنییە) گەیشتوون، لەکاتێکدا بەئاشکرا (هەنییە) و حەماس کورد بەمرۆڤ نازانن و پرسـە بـۆ (سـەددام حسـێن) دادەنـێن، چ مانایـەکی هەیە؟ ناکرێت ئەمانە وەکو ناپاکی سەیر بکرێن، بەڵکو دەبێت وەکو جۆرێك لەجـەبری عەقیـدە بیانخوێنینـەوە. بـەڵام ناشـکرێت بـاز بەسـەر ئـەو پرسـیارەدا هەڵبدەین، کە ئاخۆ چی وای لە(کـوردی قوربـانی) کـردووە بەرامبـەر بەجەللادەکـەی، (مەبەسـتم سـەرجەمی عـەرەب نییـە)، ئەوەنـدە میهرەبـانی بنوێنێـت؟ (فرۆید) پێی وایە (قوربانی) ئارەزووی ئەوە دەکات رۆڵی (جەللاد) ببینێت، بەڵام ئەو ئارەزووە لای کورد ئاڕاسـتەیەکی تـەواو پێچـەوانەی وەرگرتـووە. کـورد هیچ کاتێك ئەوەندەی دوای ئەنفالی کیمیایی حەزی لەجەللادەکەی نەکردووە. من پێم وایە زۆربوونی ناوی عەرەبی لەنەوەدەکان پێوەندییەکی توندوتۆڵی بەو ئارەزووەوە هەیە. پێش ئەنفالی کیمیاوی کوا ئەوەندە ناوی عەلی، حەسەن، مەجید، سوڵتان، هاشم، تەها، یاسین، رەمەزان، حسێن، رەشید و زۆری دیکـەی لەو بابەتەمان هەبوو؟! هەر لەدوای ئەنفالی کیمیاوییەوە گۆڕینی سیمای جلوبەرگیش، بەتایبەتی هی ژنەکانمان، لەکوردی و جیهانییەوە بۆ عەرەبی بەهەمان شێوە بێمەبەست نەبووە. من پێ لەسەر ئەوە دادەگرم، کە (کوردی قوربانی) تەنها لەبەر ئەوە نییە (عەرەب) بـەپیرۆز دەزانێـت، چـونکە (عـەرەب) خـاوەنی ئایینێکی پیرۆزی خوداییە، نەخێر، لایەنێکی سایکۆلۆژییشی هەیە، کە خۆی لەئازاردانی خۆیدا دەبینێتەوە. بەمانایەکی دیکە ئێمە لەهەشتاو هەشـتەوە هـەتا ئەمڕۆ برینی ئەنفال دەخورێنین. خورانی برینیش تێکەڵییەکە لەئازار و لەچێژ. ئێمە لەڕێگای پرۆسێسی خوراندنەوە دەمانەوێت لەبرین دانـەبڕێین. هـەر لـەناو ئەو ئەتمۆسفێرەشدایە، کە کۆمەڵە و پارتە ئیسلامییەکان لەناو کوردستان چاو هەڵدێنن و چالاکانە کـار دەکـەن. خوێندنـەوەی ئێمـە بـۆ ئـەنفال بـەئاگایی و بێئاگایی ئەو لایەنی خوران و چێژەی فەرامۆشکردووە. هەر لێرەشەوەیە ئـەدەبی ئـەنفال لای ئێمـە ئەوەنـدە سـاکار و رووکەشـە، چـونکە تـەنها باسـی ئـازار دەکات و خوران فەرامۆش دەکات.. چونکە تەنها پێمان دەڵێت کورد نەفرەت لەئەنفال دەکات و دوور و نزیك بەلای ئەوەدا ناچێت چ چێژێکیشـی لـێ بینیـوە. پێم وایە ئەو مەسەلەیە لەوە زیاتر هەڵدەگرێت و ئێرە شوێنی ئەوە نییە. من خۆم چیرۆکێکم هەیە، باس لەوە دەکات چۆن قوربـانی و جـەللاد دەبنـە هـاوڕێی گیانیبەگیانیی یەکتر. پارت و کۆمەڵە ئیسلامییەکان هاوکات لەگەڵ ئەنفالی کیماوییدا، کـە زانییـان وێنـەی عـەرەب لای کـورد گـۆڕاوە، خێـرا کەوتنـە خـۆ بـۆ ئارایشتکردنەوەی ئەو وێنەیە.. بۆیە زۆر لەجاران زیاتر هەوڵیان دا عەرەب یەکسـان بکـەن بـەئیمان. بەمانایـەکی دیکـە بـەردەوام ویسـتوویانە بڵـێن پیرۆزیـی عروبە هەمان پیرۆزیی ئیمانە. هـەر ئەمـەش بێدەنگییەکـە لـەناو خـودی کـورددا قـووڵتر دەکاتـەوە. پـێش ئـەنفالی کیمیـاوی، کۆنتـاکتی تـاکی کوردسـتانی بەخواوەند گوتارێکی تا رادەیەك سەربەخۆ بوو، ئەگەر نەڵێم شوناسێکی کوردانەی هەبوو. گوتارێك بـوو زیـاتر لـەناو ئیمـانێکی سـەربەخۆدا بـەڕێوە دەچـوو. تەنانەت ئەو زمانە عەرەبییەی لەو کۆنتاکتەدا بەکاریدەهێنا، سیمایەکی کوردانەی وەرگرتبوو، بەڵام لەدوای ئەنفالەوە لەلایەن پارت و کۆمەڵە ئیسـلامییەکانی ناو کوردستانەوە زمانی ئەو کۆنتاکتە کراوەتە عەرەبی و تەعبیری لەئیمانێکی تەعریبکراوەوە کردووە. جارێکی دیکە سـەرنجت بـۆ زۆربـوونی نـاوی عـەرەبیی وەکو عەلی، حەسەن، مەجید و زۆری دیکەی لەو شێوەیە رادەکێشم. ئەوەشـت بـیر دەخەمـەوە چـۆن سـیمای جلوبـەرگی ئێمـە، بەتایبـەتی هـی ژنـەکانمان لەکوردی و جیهانییەوە کـرا بەعـەرەبی. مـن لـەخۆم رادەبیـنم بڵـێم ئەگـەر ئـەو پـارت و کۆمەڵـە ئیسـلامییانە نیـو سـەدە لەمەوبـەر دەسـتیان بـەم شـێوازی کارکردنەیان بکردبا، ئێستا بەزەحمـەت دەتتـوانی لەباشـووری کوردسـتان لەشوناسـی نەتـەوەیی خـۆت بگـەڕێیت، چـونکە تـەعریبکردنی ئیمـان، راسـتەوخۆ تەعریبکردنی زمانە و زۆر لەتەعریبکردنی خاك کاریگەرترە. گۆڕینی مۆنادای تاکی ئێمەیە لەشتێکەوە بۆ شتێکی دیکەی تەواو پێچەوانە. زەمینـەی راپـەڕین و شەڕی نێوان دوو پارتە کوردییەکە و گەندەڵیی دەستەڵاتەکانیان بۆ درێژەپێدانی ئەو پرۆسێسە زۆر لەبار بوو. لەلایەکی دیکە نابێت لاوازیی ئەو رۆشنبیرانەش لەبیر بکەین، کە لەسەر سیکۆلاریزم دێنە ژماردن. کۆمۆنیستی کرێکاری چ بەهۆی نزمیی ئاسـتی تێگەیشـتنیان لـەواقیع و مێـژووی ئیسـلامی و چ بـەهۆی ئـەو شێوازی ئیشکردنەیان، خزمەتێکی گەورەیان بەپرۆژەی ئیسلامییەکان کرد. بەشێك لەرۆشنبیرانی حزبی بەهێزێکی کۆمەڵایـەتیی و سـەرمایەیەکی سـیومبۆلیی بچووکتر لەهی ئیسلامییەکان، چوون جەمسەرە دژەکەی تێڕوانینی ئەوانیان گرت. ئەگەر ئەوان عەرەبیان کردە گیانێکی پیرۆز و ئیمانیان کردە عەرەبی، ئەوا ئەو رۆشنبیرە هەموو گوناهەکانی خستە سەر عەرەب، راستتر خستیە ئەستۆی ئایینی ئیسـلامەوە و بـەو زمانـە میللیـەی خـۆی کەوتـە جنێـودان بەعـەرەب و هەموو سیومبیۆلەکانی. لەمەوە کارەکتـەری ئێمـەیان خسـتە نێـو دووڕیانێکـەوە، کردیانـە کـائینێکی دووفـاقی. رۆشـنبیری سـەربەخۆش ئەگـەر لەسـەر هـەر کەیسێکی دیکە بەچاکی کاری کردبێت، ئەوە هەتاکو ئەمڕۆش لەئیشکردن لەسەر کەیسـی ئـەنفال زۆر دەستەوەسـتانە. ئـەو رۆشـنبیرە نـەیتوانیوە ئـەو دوو گوتارە هەڵوەشێنێتەوە. نـەیتوانیوە لـەنێوان گوتـاری پیرۆزکـردن و نەفرەتکردنـدا، میتـۆدی خوێندنـەوە و رەخنـە لەمێـژوو و واقیعـی خۆمـان و ئەویدیکـەدا دابمەزرێنیت و درێـژەی پێبـدات. نـەیتوانیوە خوێندنەوەیـەکی عـەقلانی بـۆ چـەمکی ئـەنفال و چـەمکی ئیمـان بکـات. رۆشـنبیری سـەربەخۆ کاتێـك ئـەو دوو جەمسەرە لەنێو رۆشنبیریی خۆماندا دەخوێنێتەوە، ئەوا پێش هەموو شتێك هەست بەنـەبوونی دیمـۆکراتی و ونبـوونی گیـانی تۆلەرانسـی دەکـات لـەنێو ئـەو زەمینەیەدا. لەناو ئەو زەمینەیەدا تاکی کوردستانی لەلایەك ئیمانی لێ دەسێنرێتەوە و ئیمانێکی دیکەی بەسەردا دەسەپێنرێت، لەلایـەکی دیکـەش پـەلاماری ئەو ئیمانەی دەدرێت.

من لێرەدا بۆ ناو مێژوو دەگەڕێمەوە و پێ لەسەر یەك شتی دیکەش دادەگرم، کـە ئەگـەر کـورد وەکـو زۆربـەی نەتـەوە و کەمایەتییـەکانی دیکـە شوناسـی نەتەوەییی خۆی لەدەست بدابوایە، ئەوا ئەنفالی کیمیاوی پێویستی نەدەکرد، بەڵکو خۆی دەبووە بەشێك لەسوپای ئەنفال. رەنگ بوو لەپاڵ سونییەکانی بـرا و هاومەزهـەبی لـەدژی شـیعەکانی ئێـران بجەنگایـە و سـەرکەوتنیش بـۆ سـەنتەری ئیسـلام زۆر ئاسـانتر دەبـوو. ئـەنفالی یەکـەمی کوردسـتانی ژێـر دەسـتی ئیمپراتۆریەتی فارسی هاوکات بوو لەگەڵ ئەنفالی شام و میسر، کە بەشێك بوون لەئیمپراتۆریەتی بێزەنتی. قوبتییەکان لەمیسر و فەینەقییەکان لەشام بەشـی هەرە زۆریان شوناسی خۆیان لەدەست دا و تێکەڵی شوناسی عەرەبی بـوون. تەنانـەت (ئیگوپتـۆس) و (کیمـی)یـش، کـە نـاوی ئەوسـای میسـر بـوون، کرانـە

عەرەبی. بەڵام ئەوانە لەڕێگای ئەو شوناسە نوێیەیانەوە نەك سەر وماڵیان، بەڵكو قەوارە سیاسییەكەی خۆشیان پاراست. جیاوازیی كورد و ئەوان ئەوەیە، كورد لەپێناوی زمان و شوناسی خۆیدا، نەك هەر خاك، بگرە زۆر شتی دیكەشی دۆڕاندووە. ئەنجام نیشتیمانەكەی لەشێوەی یۆتۆپیایەك لەناو زمانەكەیدا هەڵگرتووە. جیاوازیی كورد و فارس، كە ئەوان خاوەنی گەورەترین ئیمپراتۆریا بوون، ئەوەیە، كە ئەوان زمانەكەیان بەخشی لەپێناوی مانەوەی نیشتیمانەكەیاندا، بەڵام كورد بەناچاری دەستی لەنیشتیمانەكەی هەڵگرت لەپێناوی زمانەكەیدا.

یەكێك لەو هۆیانەی وای لەرۆشنبیری كورد كردووە، كە لەئاستی بێدەنگیی دنیای عەرەبی و ئیسلامییدا تووشی شۆكێكی ئەوەندە گەورە ببێت، مەسەلەی بەكارهێنانی چەكی كیماوییە. لێرەشدا ئەو رۆشنبیرەی ئێمە تەنها نائاگاییی خۆیمان لەمێژووی سیاسیی عەرەب و ئیسلامدا بۆ ئاشكرا دەكات. بەكارهێنانی چەك دژی دوژمن لەمێژووی سیاسیی عەرەبیی ئیسلامییدا سنوورێكی دیاریكراوی نییە. بەخوێندنەوەی تایبەتی خۆیان بۆ ئایەتی (وأعدوا لهم ما استطعتم من قوة ومن رباط الخيل ترهبون بةعدو الله وعدوكم.. سورة الانفال، الاية 61)، رێگا بەخۆیان دەدەن بەهەموو چەكێك دوژمن بتۆقێنن. وەكو هەردوو زانای كیمیا (كاتی كوب) و (هارۆلد گۆڵدوایت) لەكتێبی (داهێنانەكانی ئاگر)دا دەڵێن عەرەبەكان یەكەمین جار لەگرتنی قوستەنتینیەدا رووبەڕووی چەكی سووتێنەری بێزەنتییەكان بوونەوە، كە بە(ئاگری ئەگریكی) ناسرابوو، بۆیە نەیانتوانی ئەو شارە بگرن. (مەبەستیان لەسەردەمی عوسمانی كوڕی عەففانە). بەپێی ئاگاداریی من دوای ئەوە دوو جاری دیكە لەسەردەمی (مەعاویە) لە(669) و (679) و جارێكیش لەسەردەمی (سولێمانی كوڕی عەبدولمەلیك) لە(719) هەوڵی جدی بۆ گرتنی قوستەنتینیە درا و هەر سەری نەگرت. مەسەلەی گرتنی قوستەنتینیە، ئەستەنبۆلی ئەمڕۆ لای ئیسلام وەكو گرێیەكی سایكۆلۆژی دەردەكەوێت، چونكە هێڵی جیاكەرەوە و بەریەككەوتنی نێوان رۆژهەڵات و رۆژئاوایە. ئەوەی دەیتوانی تای تەرازووی هێز بەلای ئیسلامدا بشكێنێتەوە، تەنها داهێنانی چەكی قورس بوو. ئەو گرێیە لەلایەن سوڵتان (محەمەدی دووەم) كرایەوە، بەوەی دوای دامەزراندنی سوپایەكی زۆر بەهێز توانی لە1453 بیگرێت و لەمەوە نازناوی (محمد الفاتح)ی پێدرا. هەر خێرا كەنیسەی بەناوبانگی (ئایا سۆفیا)ی گۆڕی بەمزگەوت و ناوی قوستەنتینیەشی كردە (ئیسلام بۆل)، واتە ماڵی ئیسلام. دیارە ئەگەر بەگوتەی ئەو دوو زانایە بێت، ئەوا مەسەلەی قوستەنتینیە هەر لەسەردەمی سێیەمین خەلیفەوە یەكەمین بەئاگاهاتنەوەی ئەوانە لەنوێكردنەوەی چەكەكانیان. هەر ئەو دوو زانایە دەڵێن، كە عەرەب لەسەردەمی عەباسییەكان توانیان بەیارمەتیی هیندییەكان و چینییەكان چەكی كیمیاوی (دیارە مەبەستیان مانا سادەكەیەتی) بەدەستبهێنن. ئەگەرچی هەندێك لەمێژوونووسەكانی ئیسلام باس لەوە دەكەن، كە لەشەڕەكانی سەردەمی پەیامبەردا لەپاڵ شمشێر و تیروكەوان و رمدا، مەنجەنیق و دەبابەشیان بەكارهێناوە. (دیارە بەشێوە هەرە سەرەتاییەكەی). مەنجەنیق و دەبابە لەكاتی ئابلۆقەدانی دیمەشق ساڵی 634 و لەگرتنی قەڵای (دیبل) لەوڵاتی (سەند)دا بەكارهاتوون. هەروەها لەبەرانبەر خاچپەرستەكاندا ئامێرێكی نوێیان بەكار هێنا، كە ناوی (زیار) بوو و كۆمەڵێ تیری قورسی بەجارێك دەهاویشت. ئەمە سەرەڕای ئەو مەنجەنیقانەی ئاژەڵی مرداریان لەقەڵایەكان دەگرت. ئەو ئاژەڵە مردارانەش نەخۆشیی تاعون و هی دیكەیان بڵاودەكردەوە و دەتوانرا بەئاسانی ئەو قەڵا سەختانە دەستیان بەسەردا بگیرێت. سوپای (سەڵاحەدینی ئەیوبی) وەكو مێژوونووسە عەرەبەكانی ئەمڕۆ شانازیی پێوە دەكەن، یەكەمین سوپایە گازیان لەشەڕدا بەكارهێنابێت. ئەو گیایانەیان دەسووتاند، كە ماددەی بێهۆشكەر(مخدر)یان تێدا بوو و بەو مەرجەی ئاڕاستەی باكە بەرەو دوژمنی ببردایە. ئیتر هەموویان بێ هۆش دەبوون. تۆپەكانی عوسمانی ئەوەندە گەورە و ترسناك بوون، كە زۆر بەئاسانی توانیان لەشەڕی (چاڵدێران)دا سەركەوتنی سەنتەری ئیسلام بەسەر شیعەكانی سەفەوییدا مسۆگەر بكەن، كە ئەمەش هەر خۆی كردنەوەی گرێیەكی سایكۆلۆژیی دیكە بوو لای عەرەب و ئەمڕۆ رۆشنبیری عەرەبی دڵنەواییی خۆی پێدەداتەوە. دەتوانین بڵێین بەدرێژاییی مێژووی ئیسلام تازەكردنەوەی ئامێرەكانی چەك جێگای بایەخ بووە. لەسەردەمی خەلیفەی دووەمدا دیوانێك بەناوی دیوانی سەربازی دامەزرا. لەسەردەمی خەلیفەی سێیەمدا، توانیان پەرە بەلایەنی دەریاوانییش بدەن. ئەوە بوو لەشەڕی (ذات الصواري) ساڵی 655 بەهەوڵی (مەعاویە) و (عەمروی كوڕی عاس) توانیان كەشتیگەلەكانی بێزەنتی لەدەریای ناوەڕاستدا تێكبشكێنن و میسر و شام و قوبرس لەژێر دەستی ئیمپراتۆریەتی بێزەنتی بێننە دەرێ. بەكورتی ئەگەر لەقورئانیشدا هەندێك ئایەت باسیان لەوە كردبێت، كە دەبێت لەشەردا ژن و منداڵ و پیر لەگەڵ جەنگاوەری كافردا جیا بكرێنەوە، بەڵام لەپراكتیكدا، ئەوانە گوێیان پێنەدراوە. سەیر نییە ئەگەر ئەمڕۆ دەبینین رۆشنبیری عەرەبی زۆر بەشانازییەوە باس لەچەكی كیمیاویی عێراق و سعودیە و لیبیا و پاكستان دەكات. لەم چەند ساڵەی دواییدا دەیان فیلم و زنجیرەی تەلەفزیۆنی لەو بارەیەوە دەرهێنراون، كە باس لەپاڵەوانبازیی عەرەب دەكەن و بەئەنقەست جەخت لەسەر ئەو چەكە قورسانە دەكەنەوە، كە لەرابردوودا بەكاریانهێناوە. لەوانە هەردوو دەرهێنەری ناسراوی سووری (نەجدەت ئەنزۆر) و (حاتەم عەلی). مەسەلەی دروستكردنی ئامێر، بەهەموو شێوەكانیەوە، نەوەك هەر تەنها هی جەنگ، وەكو (پیتەر فارب) لەكتێبی (نەوەكانی ئادەم)دا دەڵێت مرۆڤ لەئاژەڵ جیا دەكاتەوە. (فارب) پێی وایە بێچگە لەرێویی دەریا لەكالیفۆرنیا، كە بەمەبەستی راو، بەرد دەگرێتە گوێچكە ماسییەكان، ئەگینا تەنها مرۆڤە هەر لەسەرەتاوە پەنای بردۆتە بەر داهێنانی ئامێر و لەپێناوی مانەوەی خۆیدا بەكاریدەهێنێت.

هەر لەمەسەلەی بێدەنگیی دنیای عەرەبی و رۆژئاوا لەئاستی كارەساتەكانی كورددا، نابێت ئەوەمان لەیاد بچێت، كە عەرەب خۆشی دادوبێدادیەتی لەئاست بێدەنگیی رۆژئاوا لەبەرانبەر ئەودا، بەتایبەتی لەئاست مەسەلەی فەڵەستیندا. با بێدەنگییەكی دیكەمان لەیاد نەچێت، كە بێدەنگیی خۆمانە لەئاستی ئەو چەوسانەوەیەی رۆژانە خەڵكی عەرەب رووبەرووی دەبنەوە چ لەلایەن دەوڵەتە دیكتاتۆرییەكان و چ لەلایەن هێزە تیرۆریستەكانەوە. ئێمەش زۆر لەمێژە چاو لەوانە و لەتاوانەكانی ئیسرائیل و ئەمریكا دەپۆشین. هەموو بیانووەكەشمان ئەوەیە، كە رۆشنبیری عەرەبی لەئاستی چەوسانەوەی ئێمەدا بێدەنگن. یان پرسیارە سواوەكەی ئایدۆلۆژیا تەبەنی دەكەین: بۆچی بزووتنەوەی حەماس و فەتح لایەنگری رژێمەكەی (سەددام حسێن)ن؟ وەك بڵێی عەرەب تەنها بریتی بێت لەوانە و ئێمەش دەبێت تەنها بەرگری لەوانە بكەین، كە بەرگرییمان لێدەكەن. لێرەشەوە وەكو ئەوان بێدەنگیی خۆمان بەڕەوا دەزانین.

**پرسیار**: ئاڕاستەی وەڵامدانەوەکەت وامان لێدەکات هەر لەو پرسیارەی پێشووەوە پرسیارێکی دیکە بێنینە گۆڕێ، ئەویش ئەوەیە ئاخۆ ئەنفال وەکو ئۆپەڕاسیۆنێکی سەربازی و وەکو هێرشێکی کولتوری گوناهەکەی دەکەوێتە ئەستۆی تێکست، یان راڤەکردن؟ یان بەمانایەکی دیکە ئەنفال بەهەموو رەهەندەکانیەوە گواستنەوەی پرینسیپەکانی تێکستە بۆ ناو واقیع، یان واقیعێك هەیە و پێناسەکانی خۆی لەو تێکستەدا دەدۆزێتەوە؟ ئایا رۆشنبیری کورد توانیویەتی ئەمانە بکاتە چەند مەسەلەیەکی فیکری و ئیشیان لەسەر بکات؟

**کاروان عومەر کاکەسوور**: ئەو پرسیارە، یاخود با بڵێین ئەو پرسیارانە هەر لەسەرەتاوە رزگارمان دەکەن لەو سادەکارییەی، کە تا ئێستا رۆشنبیری ئێمە تێیکەوتوون، ئەویش ئەوەیە هەموو گوناهەکان دەخەنە ئەستۆی تێکستەوە، ئەوە ئەگەر نەڵێم دەیخەنە ئەستۆی ناوی ئەنفالەوە، گوایە سوورەتی ئەنفال ئەو کەشتییە ئەفسانەییەیە، کە جەنگاوەرەکان لەدورگەی عەرەبییەوە بۆ شوێنەکانی دیکە دەگوازێتەوە. مەسەلەکە سیمایەکی ئەوەندە کاریکاتێریانەی وەرگرتووە، کە گەیشتۆتە ئەوەی هەندێك بڵێن دەبێت سوورەتی ئەنفال لەقورئان دەربهێنرێت. ئەو شیعر و چیرۆکانەش کەم نین، کە جنێویان بەئەنفال داوە و دەستبەرداری شیعریەتی نووسین و هەموو مۆراڵێك بوون. ئەوەی ئەو تێگەیشتنەی بەرهەمهێناوە، ئایدۆلۆژیایە. ئەو تێگەیشتنە پێش هەموو شتێك بێئاگاییی خۆیمان بۆ دەردەخات لەمێژووی ئەو رووبەرەی، کە ئەنفالی لێ بەرهەمهاتووە. لەپشت ئەو تێگەیشتنەوە ئەدەبێکی زارەکی هەیە، بەوەی خۆی لەو هەقایەت و سەربردانەدا دەبینێتەوە، کە نووسەر لەناو خێزان و لەناو کۆمەڵدا بیستوونی، نەوەك وردبوونەوەیەکی فیکری و فەلسەفییانە. من پێشتریش گوتم، کە ئەنفال، ئەگەر وەکو ئۆپەراسیۆنێکی سەربازی سەیر بکەین، ئەوا شتێك نییە ئیسلام دایهێنابێت و لەو سوورەتەشەوە دەستپێناکات، کە ناوی ئەنفالە. بەڵام جارێ پرسیار ئەوەیە ئایا ئەگەر ئایینی ئیسلام نەبوایە، ئێمە لەلایەن عەرەبەوە رووبەڕووی هێرشێکی سەربازی و کولتوری نەدەبووینەوە؟ وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارە، بەبێ لێکۆڵینەوەیەکی زۆر وردی دورگەی عەرەب، بەتایبەتییش هی شاری مەککە، لەپێش پەیدابوونی ئیسلام، کە هەموو لایەنەکانی ئابووری، سیاسی، کۆمەڵایەتی و کولتووری بگرێتەوە، مەحاڵە. هەر کەسێکیش ئەو لێکۆڵینەوەیە بکات، دەگاتە ئەو ئەنجامەی، کە ئیسلام وەکو بزووتنەوەیەکی رۆشنگەری سەری هەڵداوە. فیکری ئیسلام دابڕانێکی گەورە بوو لەناو ئەو فیکرە باوەی دورگەی عەرەبدا. جیاوازیی نێوان ئیسلام وەکو بزووتنەوەیەکی رۆشنگەری و رۆشنگەریی ئەورووپی لەوەدایە، کە دووەمیان دژی دەستەڵاتی رەهای کەنیسە بوو بەسەر هەموو بوارەکانی کۆمەڵگادا، بەڵام یەکەمیان، واتە ئیسلام هەر خۆی بزووتنەوەیەکی ئایینیی رۆشنگەری بوو دژی ئەقڵیەتی باوی دەوروبەرەکەی. دەبێت ئەوەش بڵێین، کە رەخنەگرانی هزر باوەڕیان وایە رۆشنگەری لای (دیکارت) وەکو دژایەتیی ئایین بەکارنەهاتووە، بەڵکو لەسەردەستی (ڤۆڵتێر)، کە هەندێك بەرووکەش ناوزەدی دەکەن، ئەو شێوە توندوتیژەی وەرگرت. (دیکارت) لەکتێبی (پرینسیپی فەلسەفە)دا جەخت لەسەر چەمکی (ڕۆشنایی سروشتی) دەکاتەوە و دواییش لەلایەن (لایبنتز) و (مالبرانچ) و (پیر بایل)ەوە گەشە بەو چەمکە دەدرێت. لەقورئانیشدا ئەو چەمکە زیاتر لەجارێك هاتووە:

(اللة ولي الذين آمنوا يخرجهم من الظلمات الي النور.. البقره:257)، (من كان ميتا فاحييناة وجعلنا لةنورا يمشي بةفي الناس.. الأنغام:122)، (اللة نور السموات والأرض.. النور:35).

ڕەخنەگرانی هزر جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە، کە رۆشنگەری نە لەفەرەنسا و نە ئەڵمانیا و نە لەهیچ شوێنێکی دیکەی ئەورووپادا بزووتنەوەیەکی دژ بەئایین نەبوو، بەڵکو دژ بەو لێکدانەوەیە لاهووتییە بوو، کە کەنیسە بۆ ئایینی دەکرد. تەنانەت (ئایین ئەفیوونی گەلانە) لای (مارکس)یش بەو قورساییە نییە، بەڵکو لەلایەن (لینین)ەوە زەق کرایەوە، چونکە دووەمیان بەمەبەستی فریودان و بەجۆشدانی جوتیاران ئەو گوتەیەی ئاوا تۆخکردەوە. زۆر لەرەخنەگرانی فیکر ئەو گوتەیەی (مارکس) وا لێکدەدەنەوە، کە ئەوسا ئەو لەژێر کاریگەریی (فیۆرباخ)دا بووە و دواتر شتێکی لەم شێوەیە لەنووسینەکانیدا بەدی ناکرێت. جیاوازییەکی دیکەی رۆشنگەریی ئەورووپی و رۆشنگەریی (ئیسلام)، نەك رۆشنگەریی (ئیسلامی)، ئەوەیە، کە رۆشنگەریی ئەورووپی توانی درێژبێتەوە و بەدرێژاییی خۆشی، کۆمەڵێ فەیلەسووف و بیریاری دیکەی بەرهەم هێنا، کە بەردەوام لەسەر کۆمەڵێك ئاستدا راڤەی بکەن، بەڵام رۆشنگەریی ئیسلام هەر لەسەرەتاوە پەکیکەوت. بەمانەیەکی دیکە رۆشنگەریی ئیسلام هەر زۆر زوو بووە قوربانیی راڤەکردن، چونکە سترەکچەرێکی ئابووری و کۆمەڵایەتی و کولتووریی نەبوو، کە ئەو رۆشنگەرییە لەخۆیاندا هەڵبگرن. مەسەلەی تایفەگەری، کە هی سەردەمی پێش ئیسلام بوو، بەهیچ شێوەیەك لەناو نەچووبوو. لێرەشدا پێم وایە هەموو ئەو مێژوونوسە عەرەبانەی، کە دەڵێن لەگەڵ هاتنی ئیسلامدا قۆناغێکی دیکەی مێژوو دەستی پێکرد، ئەوە بەهەڵەدا چوون، چونکە ئەوان نازانن یان نایەنەوێت بزانن، کە جیاوازی لەنێوان گۆڕانی قۆناغی مێژوو و گۆڕانی سیستەمی دەسەڵاتدا زۆرە. تایەفەگەری وەکو پێش ئیسلام مابووەوە و رەنگی پیرۆزیشی زیادکردبوو. ئەوە هەر لەگەڵ مردنی پەیامبەر بەشێوەیەکی روون و ئاشکرا دەرکەوت. واتە هەر لەو کاتەی موسڵمانەکان بەمەبەستی هەڵبژاردنی خەلیفە لەسەقیفە کۆبوونەوە، ناکۆکی لەنێوان ئەنسار و موهاجیرەکاندا سەری هەڵدا. هەر لایەکیان خۆی بەشایانی ئەوە دەزانی، کە خەلیفە لەو هەڵبژێردرێت. لەگەڵ ئەوەشدا ناکرێت هەر ئەو کۆبوونەوەیە، کە بەمەبەستی هەڵبژاردن لەو کاتەدا کرا، ئەگەر تەنها ژمارەیەکی کەم لەسەرۆکهۆزەکان و بازرگانە گەورەکانیش بووبن، بەرووداوێکی گەورەی مێژوویی سەیر نەکرێت، نەك هەر لەدورگەی عەرەب، بەڵکو لەسەرتاپای دنیادا. بەڵام ئەو ناکۆکییانە، بەتایبەتی ناکۆکیی نێوان هەڤاڵانی (ئیمامی عەلی) لەگەڵ هەر سێ خەلیفەکەی دیکەدا، بوونە هۆی ئەوەی، کە موسڵمانانی میسر و عێراق و حیجاز و یەمەن هێرش بکەنە سەر خەلیفەی سێیەم و تیرۆری بکەن. هەروەها چەندین شەڕی خوێناویی وەکو جەمەل و سەفێن و نەهرەوان لەسەردەمی خەلیفەی چوارەمدا بەرپابکەن. ئەوە بێجگە لەو هێرشە خوێناوییانەی لەسەردەمی خەلیفەی یەکەمدا کرانە سەر هەڵگەڕاوەکان. هەندێك لەبیرمەندانی عەرەب، لەوانە (محەمەد ئارکۆن) ئەو بارودۆخە وا دەبینن، کە سەرەتای سەرهەڵدانی بیرۆکەی سیکۆلاریزمە لەناو ئیسلامدا، بەوەی دەسەڵات بۆ خەلیفە دەگوازرێتەوە و لەمێژوویەکی دوورتریشدا ئەو دەسەڵاتە دەکەوێتە دەست سوڵتان. واتە دەکەوێتە دەست مرۆڤ خۆیەوە. دەتوانم بڵێم لەرووی سایکۆلۆژییەوە ئەو رووداوانە رۆڵێکی کاریگەریان بینی لەوەی ئەو ترسە گەورەیە هەندێك بشکێت، کە شەریعەت سەپاندبووی. هەر چۆنێك بێت ئەو بارودۆخە

زەمینەی بۆ ئەوە خۆشکرد، کە قورئان لەپێناوی بەرژەوەندیی تایەفەگەرییدا تەفسیر بکرێت. ئەنجام شوورا وەکو سیستەمێکی هەڵبژاردن و حوکم بەتەواوی لەناو چوو. ئەوە بوو (مەعاویە) خەلافەتی کردە پشتاوپشت و شیعەش وەکو رەوتێکی ئۆپۆزیسۆن بەشێوەیەکی دیکە خەلافەتیان بۆ خۆیان قۆرخکرد. لێرەوە راڤەکردن بەدەوڵەتەوە پەیوەست کرا. وردە وردە لێکدانەوەی رووکەشی سیاسییانە بووە میتۆدێکی ستاندارد بۆ قورئان و دەیتوانی دژایەتیی هەر میتۆدێکی دیکە بکات، کاتێك دەیویست لێکدانەوەی دیکەی عەقڵانی بۆ تێکست بێنێتە گۆڕێ. ئەگەرچی بەگەیشتنی ئیسلام بەرۆژئاوا، بەتایبەتی لەسەردەمی ئەندەلووسدا میتۆدی دیکە سەریانهەڵدا، بەڵام ئەو میتۆدە ستاندارده، کە لەلایەن دەوڵەتە یەك لەدوای یەکەکانەوە ئیشی پێدەکرا، هەر مایەوە. هەتا هێزی دەوڵەتیش گەورەتر بووبێت، ئەو میتۆدە چالاکانەتر خراوەتە گەڕ و بەتوانای زیاترەوە سەرکوتی هەموو فیکرێکی جیاوازی کردووە. مەسەلەی بوونی جیاوازیی و دژایەتیی لەنێوان تێکست و مێژوودا، تەنها پێوەندیی بەئیسلامەوە نییە، بەڵکو هەموو ئایینەکانی دیکە و تیۆرییە دنیاییەکانیش دەگرێتەوە. ئایینی مەسیحییش بانگەشەی برایەتی و ئاشتی دەکات و مێژویەکی خوێناویی هەر لەناو ئەورووپاش هەیە. (هیتلەر) لەپێناوی سەرخستنی رەگەزی ئارییدا سەرزەمینی لەخوێندا نقومکرد. (ستالین) هەتا یەکسانی و سوسیالیزمە تایبەتەکەی خۆی بچەسپێنێت، دنیایەك سەری پەڕاند. وەکو چۆن ناتوانین بڵێین ئەو تاوانانە بەرهەمی رۆشنگەریی ئەورووپیین، بەهەمان شێوەش هەڵەیەکی فیکریی گەورە دەکەین، ئەگەر وابزانین ئەو مێژووە خوێناوییەی دنیای عەرەبیی ئیسلامییش، کە هەتا ئەمڕۆش درێژەی هەیە، گوناهەکەی دەکەوێتە ئەستۆی تێکستەوە. کاسۆلیك و پرۆتستانتیش کۆمەڵێك شەڕی خوێناوییان لەنێوان خۆیاندا هەڵگیرساند وەکو ئەوەی لەفەرەنسا لەنێوان 1562 _ 1598 روویدا، بەڵام جیاوازیی نێوان ناکۆکییەکانی نێوان ئیسلام و مەسیحی ئەوەیە، کە شەڕە خوێناوییەکانی نێوان ئیسلام زۆر زوو لەسەر دەستی دامەزرێنەرانی ئیسلام خۆیەوە هەڵگیرسا. هەرچی شەڕەکانی کاسۆلیك و پرۆتستانتە لەمێژوویەکی زۆر درەنگدا دەستی پێکرد. لەسەرجەمی ئەوانەدا دەمەوێ بڵێم ئێمە قوربانیی راڤەکردنین، نەوەك تێکست، یان وردتر نەوەك ئەو سوورەتەی ناوی ئەنفالە. ئێمە قوربانیی نەبوونی تازەگەریین لەناو فیکری ئیسلامدا. لێرەدا ئێمە ئەگەر وەکو ناسیۆنیش جیاواز بین، ئەوا وەکو تاك لەناو سەنتەری ئیسلامدا لەگەڵ هیچ تاکێکی دیکەی قوربانی جیاواز نین. لەفەلەستین و یەمەن و جەزائیر و میسر و هەر شوێنێکی دیکەی عەرەبستان تاکەکان قوربانیی ئەم راڤەکردنەن. لەمەوە دەتوانین بڵێین نەك تازەگەریی ئێمە، بەڵکو دڵنیابوونیشمان لەوەی جارێکی دیکە ئەنفال دووبارە نابێتەوە، پێوەندیی بەسەرکەوتنی پرۆژەکانی تازەگەریی عەرەبییەوە هەیە. بەپێچەوانەوە فەندەمەنتالیزمی ناو کوردستان هیوایەکی گەورەی بەسەرکەوتنی پرۆژە سیاسییەکانی عەرەب هەیە بەسەر ئیسرائیل و ئەمریکادا. سەرکەوتنی حەماس و بەهێزبوونی پایەی ئایینیی عەرەبستانی سعوودی و فراوانبوونی تیرۆری قاعیدە، بەهەموو جیاوازییە فۆرمەکانی خۆیانەوە، خەونی فەندەمەنتالیزمە لەناو کوردستاندا. ئێمە بەلاکەی دیکەشدا قوربانیی نەبوونی جۆرە رۆشنبیرێکین، کە لەجیاتی دەربڕینی کۆمەڵێك رستەی سواو، بێت بەدیدگایەکی جیاوازەوە سەرلەبەری ئەو مێژووەمان بۆ بخوێنێتەوە، چونکە هیچ پرۆژەیەکی تازەگەری ناتوانێت تازەگەر بێت، ئەگەر لەسەر سڕینەوەی تێکست کار بکات. لەئەورووپا ناکۆکیی نێوان کەنیسە و دەوڵەت لەپێناوی جیاکردنەوەی دەسەڵاتی رۆحی و زەمەنی، رێگای بۆ خوێندنەوەی عەقڵانیی ئایین خۆشکرد و هەر ئەمە خۆی بووە هۆی سەرهەڵدان و بەردەوامبوونی داهێنانی فیکر و فەلسەفە، بەڵام لەئیسلامدا، بەتایبەتی دوای پەیدابوونی ئیسرائیل، شۆڤینیزمی عەرەبی لەرێگای درووشمەکانیەوە پیرۆزییەکی گەورەی بەو مێژووە بەخشیوە. هەتا ئەمڕۆش ئایدۆلۆژیای عەرەبی وا تازەگەریی پێناسە دەکات، کە رازیبوونە بەملکەچی و خۆبەدەستەوەدان بەرامبەر بەدنیای رۆژئاوای کافر. وەکو (شێخ سەفەر بن عەبدولرەحمان ئەلحەوالی) لەکتێبە پڕ لەهەڵە مەعریفییەکەیدا: (پێشەکییەك لەپەرەسەندنی فیکری رۆژئاوا و تازەگەرییدا)، هەموو تازەگەریی ئەورووپی لەسەدەی چوارەمەوە هەتا سەردەمی پۆست مۆدێرینزم بەپلانی جوو دەزانێت. خودی ئەو تازەگەرییەی رۆژئاواش، کە ئەوەندە دڵڕەقانە لەسەر تێکشکاندنی لایەنی رۆحی کار دەکات، ترسی رۆژهەڵاتی ئیسلامیی بەرامبەر بەگۆڕان زیاد کردووە. لەرووێکی دیکەوە تێکست هەتا ئەمڕۆش لەوەدا بووەتە قوربانیی راڤەکردن، کە زەمەنی تێکست وەکو بەزەمەنی وەحی ناسراوە، پیرۆزییەکی گەورەی دراوەتێ. ئەمەش دیسان لەبەرژوەندیی تێکستدا نییە، چونکە ئەو هەلومەرجە مێژووییە لەبەرچاو نەگیراوە، کە ئەوسا تێکست دەیتوانی کاری لەناودا بکات. لەگەڵ گۆڕانی هەلومەرجەکاندا پراکتیزەکردنی تێکست بۆتە کارێکی دژوار و قەبارەی توندوتیژیی پیرۆزیش لەگەڵیدا گەورەتر بووە، چونکە ئەو واقیعە، کە گۆڕاوە و بووەتە جۆرێك لەیۆتۆپیا، جارێکی دیکە بەهەمان شێوەی خۆی دانامەزرێتەوە. بەکورتی ئەگەر شەڕێکی بچووکی وەکو بەدر توانی کاریگەرییەکی ئەوەندە گەورە لەواقیعەکەی خۆیدا بکات، ئەوە تەقاندنەوەی سەدان بورج لەناو دڵی ولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکادا، ناتوانن شتێك لەو واقیعەی بەدر بگۆڕن، چونکە ئەوەی ماوە، واقیعەکە نییە، بەڵکو تەنها تێکستەکەیە. موسڵمانە جەنگاوەرەکانی بەدر بەو تیروکەوان و شمشێرە سادانەی، کە هەر خۆیان دروستیان کردبوون، تەنها دەیانویست ئیمان لەناو واقیعی خۆیاندا دابمەزرێنن، بەڵام جەنگاوەرانی ئەمڕۆ، بەو تەکنەلۆژیایەی رۆژئاوای کافر دەیانەوێت لەلایەك ئیمان و لەلایەکی دیکە واقیعی بەسەرچووی ئەو ئیمانەش دابمەزرێننەوە، کە جەنگاوەرانی بەدر دایانمەزراند. ئەگەر لەبیرت بێت پێشتر گوتم ئەو شێوازە ستانداردەی راڤەکردن، کە هەر لەسەرەتاوە بەدەستەڵاتەوە پەیوەست کرا، نەیهێشت رۆشنگەریی ئیسلام درێژبێتەوە و لەگەڵ زانستەکاندا کارلێك دروست بکات، چونکە ئەو مەسەلەیە، مەبەستم مەسەلەی دامەزراندنەوەی شوێن و کاتە، مەسەلەیەکی فیزیاییە، کە لەمێژە لەلایەن (نیوتن) و زۆر لەزانایانی دیکەی فیزیا یەکلا کراوەتەوە. لێرەدا کاریگەریی ئەدەبی زارەکییمان روونتر بۆ دەردەکەوێت لەسەر بیرکردنەوەی ئەو جەنگاوەرانەی ئەمڕۆدا. ئەو نۆستالۆژیا ئایینییە، کە لەرۆژگاری ئێستادا گەیشتۆتە لووتکە، رۆڵێکی گەورەی لەوەدا بینیوە، کە جەنگاوەران لەهەوڵی ئەوە دابن مێژوو وەکو پرۆسێسێکی کۆپیکردن ببینن، نەوەك وەکو درێژبوونەوەی کۆمەڵێك ئاڕاستەی جیاواز. پێیان وایە مێژوو قەوارەیەکی یەکگرتوو و یەکپارچەیە، کە راستییەکەی ئەوە مێژووی رەسمیی دەستەڵاتە و لەناویدا کۆمەڵێك گوتاری دژ بەو مێژووە سەرکوتکراون. لەدوای هەموو ئەوانە پرسیار ئەوەیە ئێمە وەکو نەتەوەیەکی ئەنفالکراو، چۆن ئەو مێژووەمان خوێندۆتەوە؟ ئەوەی ئێمە لەو نێوەدا دەکەوێتە بەرچاومان، دوو تێڕوانینن. یەکەمیان: تێڕوانینی پیرۆزییە، کە هەموو شتێك بەپیرۆز دەزانێت، تەنانەت ئەو شەڕ و کوشتارانەش، کە لەناو

کولتووری عەرەب خۆیاندا چ لەکۆن و چ لەرۆژگاری ئەمرۆدا کەم و زۆر رەخنەیان لێگیراوە. دووەمیان: تێڕوانینی بەلاوەنان. ئەو تێڕوانینە هەر شتێك، کە دەکەوێتە ناو کولتووری ئیسلامەوە، بەدوژمنی دەزانێت و هێڵی راست و چەپی بەسەردادەهێنێت. ئەوەیان ئەنفالی لەو سوورەتە و لەو هێرشە سەربازییە کورتکردۆتەوە و دەشیەوێت هەر لێرەوە کولتورێك بەهەموو جیاوازییەکانی خۆیەوە بخوێنێتەوە. ئەوەیان نەیزانیوە، کە لەشکرەکان تەنها دەتوانن چەك و تفاق و ئازووقە لەگەڵ خۆیاندا بهێنن و لەتوانایاندا نییە شارستانیەتێکی گەورە لەوڵاغەکانیان بار بکەن، بۆیە خوێندنەوەی ئەوەیان بۆ (ئەویتر)، خوێندنەوەیەکی ساکارانەیە و بارگاوییە بەئایدۆلۆژیا. خوێندنەوەی زانراوەکانە و دوور و نزیك نەزانراوەکان نابینێت. بەڵێ، ئەم تێڕوانینەیان هەر زۆر کۆمیدییانە خۆی دەردەخات. هیچ ئاگایەکی مێژوویی و جۆگرافی و کولتووریی لەبارەی ئەو شوێنەوە نییە، کە ئەو ئەنفالەی لێوە ئاڕاستە کراوە. ئاگای لەو هەموو ناکۆکی و دژایەتییە نییە، کە لەو شوێنەدا هەبووە. ئاگای لەو هەموو خوێنە نییە، کە لەخەڵکانێکی وەکو ئێمە رژێنراون. ئەگەر تێڕوانینی یەکەم هی خەڵکی ئاسایی بێت، ئەوە ئەو تێروانینەی دووەمیان، زیاتر هی نووسەرەکانمانە. ئەو تێڕوانینە هێندە سادە و ساکارە، کە پڕیەتی لەجنێو و نەفرەت، نەك هەر بۆ سەرجەمی خەڵکی ئەو شوێنە، بەڵکو بۆ خاك و ئاژەڵەکانیشیان. وەکو گوتمان ئەوەی لەپشت ئەو دوو تێڕوانینەوە ئیش دەکات، فیکر نییە، بەڵکو ئەدەبی زارەکییە. کەرەستەی ئەوانە خوێندنەوە و لێکدانەوە نییە، بەڵکو گوێگرتنە لەهەقایەتەکان و گێڕانەوەیان. تێڕوانینی یەکەم هەقایەت دەگێڕێتەوە، بەڵام ئەوەی دووەمیان، کە هی نووسەر و رەخنەگرەکانمانە، ئاڕاستە و مەغزای هەقایەتەکان دەگۆڕێت. یەکەمیان لەوێنەی قەد دیوار رادەمێنێت و دەڵێت ئەوەتا ئەسحابەکان بەسەر پشتی ئەسپەکانیانەوە سەری کافرەکان دەپەڕێنن، بەڵام دووەمیان دەڵێت نەخێر، ئەمانە داگیرکەرن و هاتوون بەزەبری شمشێر بمانکەنە موسڵمان. کەواتە هەردوو لایان نایانەوێت، یاخود لەتواناییاندا نییە لەناو ئەو چوارچێوەیە بێنە دەرێ، بۆیە هەرچیمان پێ بڵێن، هەر هی ناو ئەو چوارچێوەیەیە و هیچی دیکە. وەکو زۆر بەروونی لەپەرەگرافەکەی (شێرزاد حەسەن)دا بینیمان. هەندێك لەهەر شوێنێك بیانەوێت، دەنووسن: ئیسلام هات و ئێمەی لەکۆیلایەتی و تاریکی رزگار کرد، بەڵام هەندێکی دیکە ئازادیی رۆژنامە و سایتەکان دەقۆزنەوە و دەنووسن: ئیسلام کوردستانی داگیر کرد. ئەو دوو تێڕوانینە هەرچەند خۆیان وابزانن لەیەکتر جیاوازن، بەڵام لەگرینگترین شتدا یەکدەگرنەوە، کە هەردوو لایان باوەڕیان بەدیالۆگ نییە. نەبوونی باوەڕی ئەو دوو لایەش بەدیالۆگ بەپلەی یەکەم پێوەندیی بەوەوە هەیە، کە هیچیان نییە دیالۆگی پێبکەن. ئەوەی لێرەدا لەبەرچاو ناگیرێت، خودی تێکستە. کاتێکیش تۆ تێکستت نییە، خوێندنەوەشت نییە. لێکدانەوە و راڤەکردنیشت نییە. بێگومان هیچ میتۆدێکی رەخنەییشت نییە. لەبەرئەوەشە ئەوە بیست ساڵە باس لەئەنفال دەکرێت، بەڵام هیچ سەرچاوەیەکی گرینگت نییە. کۆمەڵێك جنێو و دروشمت هەن و لەهەموو بۆنەیەکدا دەوترێنەوە. بەرای من ئێمە دوای ئەوەی بیست ساڵە شت دەنووسین و هیچی گرینگمان بەرهەم نەهێناوە، دەبێت بەشێوەیەکی دیکە دەستپێبکەینەوە. دەبێت پێش هەموو شتێك گومان لەو ئەدەبە زارەکییەی خۆمان بکەین، کە تا ئەمرۆ فریوی داوین. دەبێت گومانێکی گەورە لەو نووسەرە بەناوبانگانەی خۆمان بکەین، کە پێمان وابووە پرۆژەی فیکریی رەخنەییان پێیە، کەچی وا دەبینین هەموو سەرچاوەکەیان ئەدەبی زارەکییە. ئەدەبی زارەکی، کە خۆی لەئەفسانە و بەسەرهاتەکاندا دەبینێتەوە، کەرەسەیەکی گرینگ بووە بۆ لێکۆڵینەوەی ئەقڵییەتەکان، کەچی لای ئێمە بەپێچەوانەوە خۆی کراوەتە سەرچاوە و خۆی کراوەتە ئەقڵ. بەمانایەکی دیکە نوخبەی کوردی یان بەشێوەیەك لەشێوەکان هەمان گوتاری بەرهەمهێناوەتەوە، یاخود لەترسی ئەوەی وەکو رەخنەگرێك سەیر نەکرێت، هەوڵی داوە خۆی وەکو دژ بناسێنێت، بەتایبەتی لەدوای راپەڕینەوە، لەگەڵ زۆربوونی چەمکە رەخنەییەکاندا. پارادۆکس ئەوەیە ئەو رۆشنبیرە خۆی بۆتە بەشێکی جیانەکراوە لەو تێڕوانینە میللییە و لەناو ئەدەبی زارەکییدا نقووم بووە، کەچی بەهەمان زمانی میللییش بەگژ ئەو تێڕوانیەدا دەچێتەوە. ئەو رۆشنبیرە پێویستی بەوە نییە بزانێت کێشەکە چییە، بەڵکو بۆ ئەو گرینگە لەرێگای بەکارهێنانەوەی ئەو چەمکانەوە پیشانی بدات، دژ بەچەوسانەوەیە. ئەو شتانەی لەبارەی ئەنفالەوە وتوویەتی، پێشتر هەمان شتی بۆ بەرگریکردن لەمافی ژن و منداڵ و رەخنەگرتن لەگەندەڵیی و سیستەمی پەروەردە و فێرکردن وتووە و هەر دوای ئەوەش بۆ زۆر کێشەی دیکەی فیکری و ئەدەبی و هونەری دەیانڵێتەوە. وەکو گوتمان ئەوەی ئەو نووسەرە پشتی پێی قایمە، فیکر نییە، بەڵکو شیعرییەتە، ئیلهامە، کە سەرچاوەکەی ئەدەبی زارەکییە. هەر لەبەرئەوەشە هیچ میتۆدێك لەنووسینی ئەو نووسەرەدا بەدی ناکرێت. شیعرییەت، کە خەسڵەتێکی مەزاجییانەی هەیە، بۆیە هەر جارێ بەشێوەیەك خۆی دەنوێنێت. ئەو مەسەلەیە لەئەدەبدا، بەتایبەتی لەچیرۆك و رۆماندا گرینگە، لەکاتێکدا تۆ زیاتر لەکارەکتەرێکت هەیە و دەتوانی لەرێگای شیعرییەتەوە لەیەکتریان جیا بکەیتەوە، بەڵام لەمەسەلەی فیکردا بەشێوەیەکی کاریکاتێریانە دەردەکەوێت. هەر بۆیە نووسەری ئەدەبیی ئێمە لەنووسینی فیکردا بەدەگمەن سەرکەوتوو دەبێت. ئێمە کەم نووسەری وەکو (بەختیار عەلی)مان هەیە، کە ئەو تۆقەی شکاندبێت، مەگەر نووسەرێکی وەکو (ڕێبوار سیوەیلی)، کە بەگیانێکی نیچەییانە فیکر دەنووسێت. (مەریوان وریا قانیع) و (ئاراس فەتاح)، کە وەکو من بزانم دوو خوێنەری زۆر چاکی ئەدەبن، بەڵام بەدەگمەن کاری ئەدەبی دەکەن. لەبەر ئەوەشە دوو نموونەی چاکی ئەو نووسەرانەن، کە ئەمرۆ خەریکی نووسینی فیکریین. (فاروق رەفیق) کاتێك تواناکانی خۆی لەبواری فیکردا دۆزیەوە، تا رادەیەکی زۆر لەشیعر دوورکەوتەوە. مەبەستی من لەو باسە ئەوەیە، کە زۆربەی ئەوانەی لەبارەی ئەنفالەوە نووسیویانە، نەهاتوون لەناو تایبەتمەندییەتیی ئەو کەیسە ئیش بکەن، بەڵکو شاعیرانە وەسفیان کردووە. با جارێکی دیکە (شێرزاد حەسەن) بەنموونە بێنینەوە و ئاماژە بەگرینگترین پەرەگرافی گفتوگۆکەی بدەین، کە بەپیتی گەورە نووسراوە و کراوەتە تایتڵ. بۆیەش ئەو بەنموونە دەهێنینەوە، چونکە ئەوە زیاتر لەچارەکە سەدەیەکە وەکو نووسەرێکی دیار لەناوەندی رۆشنبیریی ئێمە ناسراوە. ئەو بەڕێزە ئاوا دەڵێت: (هەرگیز شەڕی گەورەمان لەسەر کارەساتی ئەنفال نەکرد، تا ئێستاکەش هەمان دۆخ بەردەوامە، دۆخی زەلیلی و کۆیلە بوون و ئەو ترسە گەورەیە وای لێکردووین کە جاروبار بەشەرمەوە باس لەئەنفال بکەین). ئەگەر لەجیاتی ناوی ئەنفال، هەر ناوێکی دیکە دابنێین، هیچ لەمەسەلەکە ناگۆڕێت. چ خوێنەرێکی زۆر سادە هەیە نەتوانێت ئەو شتانە بڵێت؟ (شێرزاد حەسەن) دەڵێی لەهۆڵی تاقیکردنەوەیە و داڕشتن بۆ مامۆستای زمانی کوردی دەنووسێت. مەبەستی (شێرزاد حەسەن) لە"شەڕی گەورە" چییە؟ سەربازییە، یان کولتوری؟ یان چی؟ چەند گەورە بوایە؟ کەی بکرابوایە؟ کێ بیکردبوایە؟ چۆن بکرابوایە؟ "دۆخی زەلیلی و کۆیلە

بوون" چییه؟ "جاروبار بەشەرمەوە باس لەئەنفال دەکەین" چی دەگەیەنێت؟ یەکێك لەتایبەتمەندییەکانی ئەو نوخبەیە ئەوەیە، کـە بـەردەوام لـەرێگای ئـەو چەمکە رەخنەییانەوە گلەیی ئاڕاستە دەکەن و زۆر جاریش ئەوەی ئەو گلەییانەی ئاڕاستە کراوە، دیار نییە کێیـە. ئـەوەی مەبەسـتیانە ئەوەیـە ئـەوان وەکـو دژێك دەربکەون. لێرەشدا زیادەڕۆیی و پاڵەوانبازییەکی زۆر بەدیدەکەین. من لەسەرجەمی گفتوگۆکەی (شێرزاد حەسەن)دا شـتێکی نـوێم لـەبارەی ئەنفالـەوە نەبیست، کە تایبەتیشە بەئەنفال. لەوێدا من نەوەك فیکر، بگرە زانیارییشم دەستناکەوێت. (شـێرزاد حەسـەن) دیـارترین نووسـەری نـاو ئـەو نوخبەیەیـە، کـە ئامادەیە لەسەر هەموو شتێك بنووسێت و وەڵامی هەر پرسیارێکیش بداتەوە، کە لێی بکرێت. وەکو وتمان شیعرییەت بەسـەر نووسـینی ئـەو نوخبەیـەدا زاڵـە، بۆیـە نووسـینەکانیان پـڕن لـەناکۆکی زیـادەڕۆیی لەدژایەتیکردنـدا. ئـەمڕۆ شـتێك دەڵـێن و سـبەینێ شـتێکی تـەواو پێچـەوانەی ئـەو شـتە. (نیهـاد جـامی) لەگفتوگۆیەکیدا لەگەڵ (شێرزاد حەسەن)، ئەوەی بیر دەخاتەوە، کە جارێکیان رایەکی دەربڕیوە، کەچی لەواقیعدا پێچەوانەی ئـەوەی کـردووە. ئـەو دەڵێـت: (ئەوە قسەیەکی سەرپێییە کردوومە، رەنگە زۆر راستگۆیانە نەبووبێت یان داڕشتنەکەی سادە بووبێت).

ئەگەر بمانەوێت باسەکەمان بەئاڕاستەیەکی هەندێك جیاوازتردا ببەین، ئەوا من لێرەدا پرسیارێکی دیکـە بـەگرینگ دەزانم، کـە ئەوەیـە ئێمـە چـۆن بووینـە قوربانیی عەدالەت و یەکسانی، کە بکەرانی ئەنفال و لایەنگرانی لەهەموو لایەکەوە بانگەشەی بۆ دەکـەن؟ پـێش ئـەوەی وردتـر بچـمە نـاو ئـەو مەسـەلەیەوە، بەچاکی دەزانم شتێکت بۆ بگێڕمەوە. چەند رۆژێك لەمەوبەر لەسەر رێگای ئیشـەکەم، کـە مۆزەخانەیـە و لـەدەرەوەی شـارە، ژنـێکم بـینی بـەتراکتۆر زەویـی دەکێڵا. دەیان نەورەس و قەلەڕەش دوایکەوتبوون و ئەو کرمانەیان دەخوارد، کە لەژێر زەوی دەریدەهێنان. ئەگەر من لەو ژنەم بپرسـیبا، ئـاخۆ ئـەو کـارەی دەیکات چاکە، یان خراپ، ئەوا بێگومان پێی دەوتم ئەو زەوی دەکێڵێت و کشتوکاڵ دەکات. ئایا کشـتوکاڵ خراپـە؟ هـەروەها پێـی دەگـوتم خـۆراکی دەیـان نەورەس و قەلەڕەشیش دابین دەکات. ئایا ئەمە شتێکی باش نییە؟ بەڵێ، هەموو ئەو شتانە باشن، بەڵام ئەی کرمەکان؟ ئایا ژیانی ئـەوان تـەنها لەبـەر ئـەوە بێنرخە، کە وردن؟ سەیر ئەوەیە تۆ هەموو ئەو شتانە دەبینی، چونکە بەبەرچاوتەوە روودەدەن، بەڵام کرمەکەکان دەخورێن و ناشـبینرێن. دەزانـی مـن، کـە بەچاوی چیرۆکنووسێك دەمڕوانی، ئەو دیمەنەم وەکو مەسـەلەی ئـەنفالکردنی کوردسـتان هاتـە بەرچـاو؟ ئێمـە زۆر بەبێـدەنگی بووینـە قوربـانیی عەدالـەت و یەکسـانی. وەکـو (تـۆدۆرۆڤ) دەڵێـت: "شارسـتانییەت بـەبێ نـاوەرۆکی مـۆڕاڵی، هـیچ مانایـەکی نییـە". دەبوایـە عەرەبـەکان سـەرەتا کۆمەڵگایـەکیان لەنیمچەدورگەی عەرەب لەسەر بناغەی یەکسانی و ئازادی دابمەزراندبوایە. ئەوسا ئـەو نموونەیـە لـەدەرەوەی خۆیـان چـاوی لێـدەکرا. ئـەو کاتـە (لا اکراه فی الدین) بەتەواوی لەبەرچاو دەگیرا. باوەڕم وابوو هەموو نەتەوە ژێردەستەکانی دیکەی وەکو کورد خۆیـان داوای رژێمێکـی لـەو شـێوەیەیان بکردایـە و ئیسـلام ئاڕاستەیەکی دیکەی تەواو جیاوازی وەردەگرت، بـەڵام ئـەوان خۆیـان لەسـەر خەلافـەت و سـەدان شـتی تـر ناکۆکییـان هـەبوو. روبارێـك خوێنیـان هـەر لـەناو نیمچەدورگەی عەرەبی رشت و ویستییشیان پەیامی عەدالەتی ئیسلام بگەیەنن. لەقورئاندا هاتووە، کـە دەبێـت کۆمەڵگایـەکی یەکسـان و دوور لەچەوسـانەوە دابمەزرێت، بەڵام نەوتراوە چۆن دەستپێبکرێت و چۆن فراوان بکرێت. بۆ نموونە نەوتراوە ساڵی ئەونـدە دەبێـت فـلان کـەس پـەیامی ئیسـلام بگەیەنێتـە فـلان شوێن. هەموو ئەو شتانە ئیجتیهادی مرۆڤەکانن، بۆیە رەخنەگرتن لەپراکتیزەکردنی ئیسلام، یاخود با بڵێین رەخنەگرتن لەمێـژووی عـەرەبیی ئیسـلامی وەکـو مەسەلەی عەقیدەش رەوایە، چونکە هەر بەپێی قورئان خۆی ئەوە تەنها خوا و کتێبی خوایە هەڵە ناکەن، ئەگینا مرۆڤەکان لەهەر پلەوپایەیەکدا بن، ناکەونـە دەرەوەی بازنەی هەڵەوە. لێرەوە دەبێت نەك هەر رۆشنبیری ئێمە، بەڵکو هەر تاکێکی دیکەشمان هەقی پێبدرێت رەخنە لەپراکتیزەکردنی سوورەتی ئـەنفال بگرێت، کە فەرمانی خودایی نییە، بەڵکو ئیرادەیەکی ئایدۆلۆژیی عەرەبییە. ئـەنفال کاتێـك گەیشـتە ئێمـە، کـە ئیسـلام کرایـە پرۆژەیـەکی سیاسـی. (ڕەفیـق سابیر) لەکتێبی (بەرەو مێژوو)دا چاکی بۆ چـووە، کـە دەڵێـت ئـەو کاتـەی ئیسـلام گەیشـتە کوردسـتان، زۆر لەناوەرۆکەکـەی خـۆی لەدەسـت دابـوو. ئـەمڕۆ تێکشکاندنی گوتاری عرووبە لەناو ئەقڵیەتی کورددییدا زۆر سەختترە لەتێکشکاندنی هەمان گوتار لەناو عەقڵی عەرەبییدا، چونکە کورد جارێك بەهۆی نەزانینی زمانی عەرەبی و جارێك بەهۆی لاوازیی رۆشنبیرییەکەیەوە نەیتوانیوە لەوە تێبگات، کە تەنانەت بەپێی یاساکانی شەریعەتی خۆشیان هەموو شتێکی عـەرەبی پیرۆز نییە، بەڵام بەداخەوە رۆشنبیری کورد تا بڵێی لاوازە لەبەردەم هەڵوەشانەوەی ئەو گوتارەی عرووبـەدا، کـە هـەر لـەسـەرەتاوە زۆر دیماگۆژییانـە خـۆی لەپیرۆزییدا جێگیر کردووە و لەدوای ئەنفالیشەوە لەلایەن فەندەمانتالیزمی کوردییەوە لەجێگای ئیمان دانـراوە. (تـۆدرۆڤ) لـەکتێبی (ئێمـە و ئـەوانی دیکـە)دا بەچاکی دەرك بەوە دەکات، کە چۆن ئایدۆلۆژیا ئەو کەلەبەرانە دەدۆزێتەوە و لەناویاندا سەردەردەهێنێت.

ئێستا دەمەوێت بگەڕێمەوە لای ئەو پرسیارەی خۆم، کە ئایا ئەگەر ئیسلام نەبوایە، ئێمە لەلایەن عەرەبـەوە رووبـەڕووی هێرشـێکی سـەربازی و کولتـوری نەدەبووینەوە؟ من بۆ وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارە، بەدڵنیاییەوە دەڵێم بەڵێ. من پێم وایە مەرج نەبوو پەلاماردان لەو سـەردەمانەدا هـەر لـەژێر ئـاڵای ئاییـندا بکرابوایە، بەڵام لەگەڵ ئەوە دام، کە کاتێك داگیرکردن بەرگی ئایین دەپۆشێت و ئـاڵای پیرۆزیـی هەڵـدەکات، رێگـا بـۆ مانـەوەی زیـاتری خـۆی خۆشـدەکات. مەگۆڵەکان چونکە هیچ سەرچاوەیەکی ئاینییان نەبوو، نەیانتوانی خۆیان بگرن، بگرە هەر لەناو شوناسی ئیسلامدا توانەوە. هەرکە سوڵتان (مـەحمود غـازان) بۆ بەهێزکردنی دەوڵەتەکەی، مەبەستم دەوڵەتی ئێلخانییە، ئیسلامی کردە ئایینی فەرمیی وڵات، هەزاران مەگۆل هاتنە سەر ئـەو ئایینـە. بـەو کـارەی هـەموو پێوەندییەکانی خۆی لەگەڵ خاقانی گەورەی مەگۆڵ لەچین بچڕی. بەمانایەکی دیکە من پێم وایە ئەنفال بەشێکی دانەبڕاوە لەدەرهاویشتەکانی کولتورێك، کـە پێش ئیسلام بزوێنەری بەشێکی زۆری بیرکردنەوە و عەقڵیەتێکی نیمچـەدورگەی عـەرەب بـوو. لەئـەنجامی خوێندنەوەیـەکی هەمەلایەنـەی ئـەو کولتـوورەش، دەگەینە ئەو راستییەی، کە ئیسلام فیکرێکی تـەواو دژ بـەو عەقڵـە سـتاندارده بـوو، هـەر بۆیـە نـەدەکرا بەئاسـانی خـۆی بسـەپێنێت. هـەمووشمان دەزانـین موسڵمانەکان سەرەتا چەند لەلایەن ئۆرستۆکراتیەکانی مەککەوە چەوسانەوە. هەندێك پێیان وایە پێش پەیـدابوونی ئیسـلام ئاشـتی و تـەبایی لـەناو دورگـەی عەرەبدا هەبوو. پێیان وایە هەموو کەسێك ئازاد بوو چی بپەرستێت، یان هیچ نەپەرستێت. هەموو بەڵگەکەشیان ئەوەیە، کە هەر هـۆزەی بـتی خـۆی هـەبوو و دەیپەرست. ئەوانە ناتوانن ئەوە لەبەرچاو بگرن، کە هیچ کۆمەڵگایەك ناتوانێت لـەدۆخێکی چەسـپاودا بمێنێتـەوە، بەتایبـەتی مەککە بـەحوکمی سـتراژیەتیی

شوێنەکەی لەگۆڕانێکی خێرادا بوو. نیمچەدورگەی عەرەب بەهیچ شێوەیەك شوێنێکی ئارام نەبوو. تەنها (شەڕی بەسووس) چل ساڵی خایاند، کە لەسەر حوشترێك هەڵگیرسا. شەڕەکانی نێوان غەساسینە و مەنازیرەش (یوم اباغ 544 زاینی) و (یوم حلیمة 554) وەکو مێژوونووسەکان دەیگێڕنەوە، زۆر خوێناویی بوون. با سەرنج لەو شیعرانەی پێش ئیسلام بدەین، کە سەرچاوەی گرینگن بۆ خوێندنەوەی مێژووی پێش ئیسلام. لەو شیعرانەدا شەڕ و پەلاماردان و تۆڵەکردنەوە و شانازیکردن بەچەك و بەگرتنی کەنیزە بەرچاوترین شتن. هەر یەك لەشمشێر و جەنگ لەزمانی عەرەبییدا زیاتر لەدە مانایان هەیە و لەهەموو ئەو شیعرانەدا بەشارەزایی و وردبینییەکی زۆرەوە بەکارهاتوون. تەنانەت وشەی (یوم) لەزمانی عەرەبییدا هاوواتای وشەی (جەنگ)ە. وشەی (خمیس)، کە ناوی رۆژێکی حەفتەیە، هاوکات بەمانای (سوپاش) هاتووە. ئەگەر تەنها شاعیرێکی گەورەی وەکو (ئومروو ئەلقەیس) وەربگرین، کە ناسکترین شاعیری ئەو سەردەمەیە، دەبینین بەشێکی زۆری شیعری خۆی بۆ تۆڵەکردنەوەی باوکی تەرخانکردووە، کە بەدەستی (بنی اسد) کوژراوە. شاعیرێکی وەکو (عەنتەرە بن شداد)، چونکە دایکی حەبەشی بوو، وەکو کۆیلەیەکی نابووت سەیر دەکرا هەتا ئەو کاتەی وەکو سوارچاك و شەڕکەر خۆی سەپاند. ئەوەتا (قیس بن زهیر) لەم شیعرەیدا جاڕی شەڕێك لەگەل (بنی فزارە)دا دەدات، کە بەهیچ شێوەیەك وەستان و رێککەوتنی تێدا نەبێت:

إن الهوادة لا هوادة بيننا　　إلا التجاهد فاجهدن فزارا

إلا التزوار فوق كل مقلص　　يهدي الجياد إذا الخميس أغارا

فلأ هبطن الخيل حر بلادكم　　لحق الأياطل تنبذ الأمهارا

دیارە مەبەستم ئەوە نییە، کە ئەو شیعرانە بوونە هۆی پەیدابوونی توندوتیژی، بەڵکو مەبەستمە بڵێم ئەوانە واقیعێکمان بۆ ئاشکرا دەکەن، کە تێیدا تاکەکان لەرێگای توندوتیژییەوە دەیانتوانی شوناسی خۆیان بەدەستبهێنن، بگرە شیعریش وەکو هەر بیرکردنەوەیەکی دیکە کەم و زۆر بەرهەمی ئەو واقیعە بوو. پێشتریش گوتم ئەنفال لەناو ئەو واقیعەدا لەدایك بووە، نەوەك لەناو ئەو سووڕەتەی ناوی ئەنفالی هەڵگرتووە. بەڵێ، بەمانایەکی دیکە ئەنفال درێژکردنەوەی گیانی هەموو ئەو شەڕ و پەلاماردانانەیە، کە روون و ئاشکرا لەناو ئەو کولتوورەدا خۆی سەپاندووە. درێژکراوەی شەڕەکانی ئاباغ و حەلیمە و بەسووس و سەدانی دیکەی پێش ئیسلام و جەمەل و سەفێن نەهرەوان و سەدان شەڕ و کوشتاری دیکەی دوای هاتنی ئیسلامە، کە بەردەوام لەنێوان خۆیان و لەگەڵ دەرەوەدا بەرپایان کردووە. مەبەستم ئەوەیە ئەنفال چ لەسەردەمی شمشێر و چ لەسەردەمی کیمیادا لەناو ئەو میکانیزمەدا ئیشی کردووە، نەوەك بەو مۆڕالانەی ئایین بەردەوام بانگەشەیان بۆ دەکات، چونکە ئەو هێرشە تەواو لەگەڵ (لا اکراه فی الدین) ناڕێکە. میللەتێك هێشتا یەك وشە لەزمانی عەرەبی نازانێت، هەتا بۆیان دەرکەوێت بەو پەیامە رازییە یان نا، دەکوژرێت و لەناودەبردرێت. ئەنفال پێش ئەوەی خەونێکی سیاسی بێت، خەونی بازرگانەکان بوو. (کارین ئارمسترۆنگ) لەکتێبی (محەمەد، بیۆگرافیای پەیامبەرێك)دا، کە بەچاکترین کتێب دادەنرێت لەلایەن موسڵمانانەوە، بەوەی بەویژدانەوە مێژووی ژیانی پەیامبەری ئیسلامی گێڕاوەتەوە، باسی ئەو بازرگانانەی نیمچەدوورگەی عەرەب دەکات، کاتێك دەگەیشتنە وڵاتە پێشکەوتووەکانی وەکو شام و ئێران، زۆر سەرسام دەبوون و بەکۆمەڵێك چیرۆکی سەیر سەیرەوە دەگەڕانەوە. شاعیرەکانیش وەسفی ئەو وڵاتانەیان دەکرد. هەموو خەونیان بەگەیشتنی ئەو وڵاتانەوە دەبینی.

ئەو کۆمەڵگایە بەدرێژایی مێژووی خۆی دوو شتی بەرهەمهێنا، کە ئەگەرچی لەلایەك وا دەهاتنە بەرچاو دژی یەکترن، بەڵام لەناوەرۆکدا یەکتریان دەگرتەوە. ئەوانیش پەرەسەندنی پیشەسازی لەشارەکان و لەدایکبوونی جەنگاوەری لێهاتووی رەشماڵنشین بوون. لێرەوە بیرۆکەی یەکگرتن چەکەرەی کرد. ئیسلامیش ئەڵتەرناتیڤ بوو. ئیسلام، کە ئایینی تەوحیدە، توانی شوناسی ئومە بەعەرەب ببەخشێت. لێرەدا بەپێویستی دەزانم (مایکیاڤیلی)ت بیر بخەمەوە، کە هۆی پێکنەهاتنی یەکێتیی ئیتاڵیای بۆ لاوازیی کەنیسە دەگەڕاندەوە، کەچی دەبینین ئیسلام لەماوەیەکی کەمدا ئەو یەکێتییەی بۆ عەرەب مسۆگەر کرد. بەڵام وردە وردە ئەو عەقیدەیە، مەبەستم تەوحیدە، لەلایەن بازرگان و جەنگاوەرەکانەوە لەمەسەلەیەکی رۆحییەوە کرایە مەسەلەیەکی سیاسیی _ ئیکۆنۆمیی رووت. یەکگرتن بەبێ فراوانکردنی جۆگرافیای یەکگرتن پرۆسێسێکی ناتەواوە. واتە هەر کاتێك یەکگرتن هاتبێتە کایەوە، داگیرکردنی بەدوای خۆیدا هێناوە. ئەگەر بەمێژووی پێش ئیسلام و دوای ئیسلامیشدا بچینەوە، ئەوە دەبینین یەکگرتنی ناوەوە و پەلاماردانی دەرەوە لەهیچ شوێنێکی ئەم دنیایەدا دوو شتی جیاواز نین. هەموو ئیمپراتۆرەکان بەو شێوەیە دروستبوون. بیرمان نەچێت، کە فراوانخوازیی ئەورووپییش لەئەنجامی شۆڕشی پیشەسازییەوە سەری هەڵدا.

**پرسیار**: ئەو هۆکارانە چین کە ئەنفال لەهۆشیارییەکی سیاسی سادەوە کە تەنها لەیادکردنەوەی سەرپێیانەی ساڵانەدا قەتیسبووە، دەگوازێتەوە بۆهۆشیارییەکی کلتوری، لەو بێدەنگییەی کە خاوەنی قسە نییە دەگوازێتەوە بۆ بیرکردنەوەیەك بەدەنگی بەرز. هەروەها ئەم بێدەنگییە چەند پەیوەندی بەکورد خۆیەوە هەیە، هەم لەئاستی بەرپرسیارییەتی کۆمەڵگای کوردی بۆ ئەنفال و هەم لەئاستی دەسەڵاتی کوردی خۆیدا؟

**کاروان عومەر کاکەسوور**: دەتوانم بڵێم ئێمە لەو دوو وەڵامەی پێشووماندا کەم و زۆر بەلای ئەو چەند مەسەلەیەدا چووین. وەکو گوتمان جێگیرکردنی گوتاری ئەنفال لەناو قووڵاییی پیرۆزییدا، وایکردووە، کە نەوەك بێدەنگیی، بگرە رەزامەندی و بەرگریکردنیش لەو گوتارەدا بەدرێژاییی مێژووی خۆی برەو پەیدا بکات. هەر لێرەوەیە بێدەنگیی کوردی لەلایەن ئەو دەستەڵاتە پیرۆزەوە پاڵپشتیی کراوە و تا ئەمرۆش هەر پاڵپشتیی دەکرێت. ئێمە لەو دوو وەڵامەی پێشووماندا هەوڵمان دا ئەنفالی میلیتاریستی لەو ئەنفالە رۆحییەی ناو تێکست جیا بکەینەوە، هەر بۆیە سەرچاوەی ئەنفالی میلیتاریستییمان بۆ پێش مێژووی ئەو تێکستە گەڕاندەوە. بێدەنگیی کورد لەئاست ئەنفالدا بێدەنگییەکە لەئاست پیرۆزییدا. بێدەنگییەکە لەئاستی تابوویەکدا، کە رێگا بەهیچ ئاڕاستەیەکی دیکەی جیاوازی بیرکردنەوە نادات. هەموو بیرکردنەوەیەکی کوردی بەشێوەیەك لەشێوەکان تەبایی بووە لەگەڵ ئەو گوتارەدا. ئێمە

